کۆمەڵێک

# لاوک و حەیران

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

گەنجینەی فۆلکلۆری کورد

**کۆمەڵێک**

# لاوك و حەیران

**کۆکردنەوەی**

**محمدی مەلا کەریم**

ناوی کتێب: کۆمەڵێك لاوك و حەیران
کۆکردنەوەی: محمدی مەلا کەریم
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٩١٤
پیت لێدان: ڕۆشنا ڕەشاد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٠٢ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەێ

## پێشەکیی چاپی دووەم

ئەم کۆمەڵە لاوك و حەیرانە کە نزیکەی چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر و لە زیندانی ڕومادی، لە چەند برادرەێکی پێشمەرگەی ئازا و ئازادیخوای کوردستانم بیستووە و بە ئاوازە و بە سادەیی بۆیان وتووم و منیش لە دەمی ئەوانم وەرگرتووە و نووسیومەتەوە، وەك لە پێشەکیی چاپی یەکەمدا هێمام بۆ بەشێکی ئەم ڕاستییە کردووە، یادگارێکی زۆر ئازیزی ڕۆژانێکی هەرگیز لە یادنەچووە لە دڵ و دەروونمدا جێی خۆی گرتووە.

کاتی خۆی تەنیا هەزار دانەم لەم کتێبی (کۆمەڵێك لاوك و و حەیران)ە لە چاپ دا و ئەویش ماوەیەکی ویست تا بۆم ساغ کرایەوە، کەچی لەوە پاش زۆر کەس بە دوایدا دەگەڕان و داوایان لێ دەکردم، بەڵام من تەنیا دانەیەکی خۆمم لەلا مابوو کە لەم دواییەدا پێشکەشی دەزگای ئاراسم کرد بۆ لە چاپدانەوەی کتێبەکە لە ڕوویدا.

زۆر خۆشحاڵ و شادمانم کە ئێستا دەزگای ئاراس ئەم کتێبەم بۆ لە چاپ دەداتەوە و پێشکەشی وەچەی نوێی خوێندەوارانی کوردی دەکا و هیوام وایە وەك ئەم دەست پێشخەرییەی بۆ لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە کرد، لە ئاستی هیچ کتێبێکی بەسوودی لە بازاڕدا نەماوی تری کوردی، دەستکورتی نەنوێنێ.

ئیتر سوپاسی زۆرم بۆ دەزگای ئاوەدانی ئاراس و بۆ هەموو ئەو برادەرانەیش کە بەدوای ئەم کتێبەدا دەگەڕان و سڵاو و ڕێزی زۆریشم بۆ هەر کام لەو برادەرە پێشمەرگانەی هاوڕێی زیندانی ڕومادیم کە لە ژیاندا مابێ و بۆ کوڕ و کوڕەزاکانی هەر هەموویان و یاخوا ئەوانیش هەموو، هەروەك ئەو پێشمەرگە سەربەرزانەی باوك و باپیریان، هەمیشە فیداکاری چاونەترسی ڕێگای پیرۆز و شەرەفمەندی خزمەتی کورد و کوردستان بن.

مام و براتان

حەمەی مەلا کەریم

# پێشەکی

لەو کاتەوە کە هەوای خزمەتکردنی ژیاندنەوە و بووژاندنەوەی ئەدەبی کورد کەوتووەتە کەللەم، لە هەوڵ و تەقەلادا بووم لە هەر کوێ دیوانێك یا پارچە هەڵبەست یا چیرۆکێ، یا پارچەیەکی فۆلکلۆریم بەرگوێ کەوێ یا بیبینم، بینووسمەوە و بەپێی توانای خۆم ڕێکی خەم، بۆ ئەوەی بتوانم ڕۆژێ لە ڕۆژان بیخەمە بەردەستی خوێندەوارانی کورد، تا منیش بەشدارییەکم کردبێ لە ناساندنی گەلی کورد خۆیدا بە ئەدەبی خۆی، وە بەشێکی ڕێگام خۆش کردبێ بۆ ڕۆشنبیرەکانی، بۆ ئەوەی گەلانی تر لە ئەدەبەکەمان شارەزا بکەن و تێیان بگەیەنن ئێمەش نەتەوەیەکین مێژوویێکی ئەدەبیمان هەیە و بێ بەش نین لە شیعری جوان و ڕازی بەتام و فۆلکلۆری بایەخدار.

لە پایزی ١٩٦٥دا، کارەساتی ڕۆژگار لەگەڵ پێنج شەش کەسی هاودەردی کۆکردمەوە، کە یەکترمان ناسی و لە باس و خواسی یەکدی گەیشتین، بووین بە برادەر و ئاشنا. جارجار ئەمدی ئەو برادەرانە لەبەرخۆیانەوە (لاوك) و (حەیران)یان دەوت. داوام لێ کردن چییان لەبەرە بۆم بڵێن تا منیش لە دەمیانەوە بینووسمەوە. هیچ درێغییان نەکرد و لە ماوەی دوو مانگێکدا کە پێکەوەماینەوە، ئەم کۆمەڵە لاوك و حەیرانەم لێ بیستن کەوا ئێستا پێشکەشی خوێندەوارانیان دەکەم، لەگەڵ لێکدانەوەی مانای هەندێ لە وشەکانیاندا، وەك ئەو برادەرانە خۆیان بۆیان ڕوون دەکردمەوە.

دەسا با ئەم بەرهەمە پێشکەش بێ بەیادی ئەو ماوەیە کە هاوئازاری و هاوئاواتی یەکیان خستین تیایدا. بە یادی ئەو برادەرانە کە ئەو ماوە کەمە، بەلام خۆشەم، لەگەڵدا ڕابواردن. بەتایبەتی ئەوانەیان کە لاوك و حەیرانەکانیان بۆ وتم: کاك ڕەمەزان و کاك حەمەدەمین و مام کەریم، کە

ئێستا نەك لە دەرەتانێكی تەسكدا، وە نەك تەنیا بۆ من و دوو سێ كەسی وەك من، بەڵكو بەسەر لووتكەی چیا بەرزەكانی كوردستانەوە و لە دەشتە پان و بەرینەكانیدا، بۆ ئاوات و ئامانجی هەزاران چریكەیان دێ.

محمدی مەلا كەریم

## سەرەتایەکی کورت

مەبەست لە وشەی (فۆلکلۆر) ئەو پاشماوە و کەلەپوورە میللییانەیە کە سالآنی ساڵ دەمـاودەم و دەساودەس هـاتـوون تـا گـەیشتـوونـەتـە ئێمـە و دانـەریـان دیـار نـیـیـە، تـا ئـەم دوایـیـیـەش – کـە کـەڵکـەڵـەی فـۆلـکـۆر زیندووکردنەوە کەوتە کەللەی تاقمێك لە ڕۆشنبیرانی هەر نەتەوەیەك – نەخراونەتە سەر کاغەز و نەنووسراونەتەوە.

ئەم لاوك و حەیرانانەش کە من لێرەدا نووسیومنەتەوە، بەشێکن لەو فۆلکلۆرەی نەتەوەی کورد کە بەستەبێژان لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی دانیشتن و ڕابواردندا بە ئاوازی تایبەتی دەیڵێنەوە و دیارە تا ئێستا خۆیان بەسەر کاغەزەوە نەدیوە.

لەبەر ئەوە کە فۆلکلۆر بەدەمماودەم لە وەچەیەکەوە دەگاتە وەچەیەکی تر، دیـارە گـەلـێك جـۆرە گـۆڕانـی بـەسەرادێ بـە گوێرەی بـوێژ و نـاوچـەکـەی و شێوەی جیاوازی ئاخاوتن لەناوچەکاندا و لەوانەیە کە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێ پەڕی، جیاوازییەکی زۆری تیادا پەیدا ببێ لەوەی کە دانەری یەکەمی وتوویە و بەڵکو باسی ڕووداوی تازەشی بخرێتە سەر.

بۆیەش دەبینین لاوکێك یان حەیرانێك یان سەرگوزەشتەیەك بە گەلێ جۆری جیاجیا – لەبارەی ڕستەوە – دەوترێتەوە.

منیش ناتوانم بڵێم ئەم لاوك و حەیرانانە تەواو بێ گەردن. چونکە بۆم نـەلـواوە لـە سەرچـاوەی جـیـاجـیـایـان وەرگـرم و بـەراوردیـان بکـەم، ئـەو ناوچانەشم نەدیوە کە بەلاوك و حەیران وتن ناویان دەرکردووە. ئەم لاوك و حەیرانانەم تەنیا لە دوو سێ کەس بیستووە وەك لە پێشەکییەکەدا باسم کردووە، بەڵام بەوردی وەرم گرتووە لەو دوو سێ کەسە، هەتاوەکو پاش

ئەوەش کە بەقسە بۆیان گێڕامەوە و نووسیمنەوە، بە ئاوازیشەوە بۆیان وتم تا ئەگەر هەڵەیەك لە نووسراوەکەدا هەبێ، ڕاست ببێتەوە.

هەرچۆن بێ، ئەوەندەی من لێی دەزانم، ئەمە یەکەم جارە لە کوردستانی عێراقدا لاوك و حەیران لە نێوان دوو بەرگی کتێبێکدا کۆ بکرێتەوە.

بۆیە هیوام وایە ڕەنجەکەم بێ سوود نەبێ و ببێ بەرچەشکێن بۆ هەوڵ و تەقەلای تر لە بابەت کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆری نەتەوەکەمانەوە.

# كلاو

## لاوکی دەروێشی عەبدی

دەروێشی عەبدی، لاوێکی وەجاخزادەی یەزیدی بووە. ناوبانگی جوانیی (عەدلەخان)ی کچی (زۆرتەمەر پاشای ملی) دەبیسێ. بەنیازی ئەوەی بیبینێ و لێی نزیك بێ، کەسوکاری خۆی بەجێ دێڵێ و دەچێ بۆ دیوەخانی زۆرتەمەر پاشا دەبێ بەقاوەچی. لەو دەمەدا یەکێك لە حوکمڕانەکانی دەوروپشتی زۆرتەمەر پاشا دەکاتە سەری بۆ وەرگرتنی خەرج و باجی ساڵانە. زۆرتەمەر پاشا سوارە و کوڕ و برازا و خزمەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەو داوایە دیاری بکەن. هەموو ڕا دەدەن لەسەر ئەوە کە خەرج و باجەکە بدەن، وە دەڵێن توانامان نییە بچینە شەڕەوە. لەولاوە دەروێشی عەبدی ڕاست دەبێتەوە و دەڵێ پوولێك نادەین و دەجەنگین. سوارە لە دووی خۆی خڕ دەکاتەوە و بەرامبەر سوپای حرکمڕانەکە دەوەستێ و دەیبەزێنێ. عەدلەخان کە ئەم ئازایەتییەی دەروێشی عەبدی دەبینێ دڵی لێ دەچێ. باوکیشی بەرامبەر بەو ئازایەتیییەی دەیکا بە یەکێك لە سوارەکانی تەك خۆی. زۆری پێ ناچێ باس و هەواڵی دڵخوازیی دەروێشی عەبدی و عەدلەخان دەکەوێتە سەر زمانی خەڵك. برا و ئامۆزاکانی عەدلەخان باسەکە بەگوێی باوکیدا ڕادەگەیەنن، وە بۆ ئەوەی لێی ڕزگار ببن پێشنیاری کوشتنی دەکەن.

ئەویش ڕا لەسەر ئەوە دەدا. وە چونکە هیچ کامیان لە عۆدەی دەروێشی عەبدی نایەن بیکوژن، پیلانێکی بۆ ڕێك دەخەن. پیلانەکەش ئەوەیە لەگەڵ خۆیان هەڵی گرن بیبەن بۆ ڕاو، وە لەوێ لە کاتێکدا کە خەریکی گۆشت برژاندن بێ و چەکی بەدەستەوە نەبێ، هەڵکوتنە سەری بیکوژن.

عەدلەخان هەست بە پیلانەکەیان دەکا و دەروێشی عەبدی ئاگادار دەکا،

بەڵام دەروێش چونکە لە خۆی بایی دەبێ گوێی ناداتێ. تویێشووی هەفتەیەك ئامادە دەکرێ و هەموولا سوار دەبن دەچن بۆ (چەمی گرزوونێ) بۆ ڕاو. ئەو چەمە شیوەڵێکی سامناك بووە. دەروێشی عەبدی چونکە لە بنەماڵەی پاشا نەبووە ئەرکی خزمەتی کوڕان و برازایانی زۆرتەمەر پاشا دەکەوێتە سەرشانی. جارێکیان کە چەکی فڕێ داوە و خەریکی خواردن ئامادەکردن دەبێ هەموویان هەڵدەکوتنە سەری و پارچە پارچەی دەکەن و فڕێی دەدەنە ناو ئاوەکە و بۆ خۆیان دەگەڕێنەوە. عەدلەخانی دڵ بەترس لەسەر بانی کۆشکی باوکییەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەیان دەبێ، کە دەیانبینی دەروێشی عەبدییان لەگەڵدا نییە، وەك دڵدارێکی ڕاست، بێ شەرم لە نەریتی ڕۆژ، وە بێ گوێدانە جیاوازیی ئاین، دەس دەکا بە لاواندنەوەی دۆستەکەی.

ئەم لاوکە، لەسەر زمانی دەروێشی عەبدی و عەدلەخان، ڕازی ئەم کارەساتەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

**دەروێشێ عەبدی دگۆ:**

منێ نامەوێ ماڵەکا تێری تەژی[1]، منێ دمەوێ ئەوەڵ دین و ئیمان، ژنەکا جوان، ماینەکا ببەز[2]، جۆتە تاجییەکی بکوژ، کۆنەکی[3] ڕەشی عەلەبی[4]، مێکوتەکی لدارێ داربناوێ[5]، منێ ڕابم بەری کۆنێ بدەمە چیایێ (قەرەچ داغ)ێ، پشتی کۆنێ بدەمە گەزەنگیتەی هەتاوێ.

---

١– تەژی: پڕ.

٢– ببەز: غارکەر، چونکە هەڵدەبەزێتەوە.

٣– کۆن: دەوار، ڕەشماڵ.

٤– عەلەبی: حەڵەبی، لە شاری حەڵەب دروستکراو.

٥– داربناوێ: داربناو دارێکی پتەوە، بۆیە ناوی وایە چونکە لە ناو هەموو جۆرە دارێکدا هەر ئەو دەکەوێتە بنی ئاو.

**عەدلێ دگۆ:**

منێ ڕابم[٦] سینگێ خۆ بکەمە سنی[٧]، مەمکێ خۆ بکەمە فنجانێ قاوێ، ڕابم خۆ بگولاوێ بڕشینم، میسالا گولان و گولەبەندان، بچمەوە پێش کوڕە دەروێشێ خۆ، گاوەکێ[٨] بسەکنم[٩]، هەر گاوەکێ دەروێشێ عەبدی دێتەوە لەگەڵ سەلەفەکی[١٠] عەگیدان و مێرچاکان، منێ ڕابم جلەوێ کوڕە دەروێشێ خۆ بگرم، جۆتەکا ڕامووسانا[١١] کەرەم بکەم، لالاڕوومەتی ڕاستێ، لاڕوومەتی چەپێ لەبەر لۆمەیێ عەبدان، لشەرمێ خودێ، هەتا بە خۆ لێی بکا عەلەیکی سلاوێ.

**عەدلێ دگۆ:**

دلێ منێ دوێت قومەکێ ئاوی لئاوی فەریتۆ[١٢]. منێ ڕابم هەنگێ دەستێ خۆ لدەروێشێ عەبدی هەلدگرم، حەتا ئەوێ ڕۆژێ زۆرتەمەر پاشایێ ملی[١٣] دادنێ دارەکی لداری دجەلێتۆ[١٤].

**عەدلێ دگۆ:**

منێ نەیبمارم[١٥] نەیبمێرم[١٦]. ئەمان ساحێبێ حەفت برایان و دوازدە

---

٦– ڕابم: بڕۆم.

٧– سنی: سینی.

٨– گاوەکی: تاوێك

٩– بسەکنم: دامرکێم، دانیشم.

١٠– سەلەفەکی: تاقمێك.

١١– ڕامووسانا: ڕامووسان، ماچ.

١٢– فەریتۆ: فورات.

١٣– ملی: هۆزەکەی زۆرتەمەر پاشا.

١٤– جەلێتۆ: جەللاد، پیاو سەربڕ.

١٥– مار: ماڵ.

١٦– مێر: مێرد.

پسمامیێ[١٧] وەکی شێرم. منێ ڕۆژێ سێ جاران کورە دەروێشێ خۆ نەبینم لگەڕێ دیلانێ، لعاوییا گۆوەندێ[١٨]، لعوبێ[١٩] شاییێ، مەیتێ هەر حەفت برایان و دوازدە پسمامان لزیارەتێ[٢٠] بەری مالێ بدەستێ خۆڕا وەشێرم[٢١].

**عەدلێ دگۆ:**

منێ نەیکیکیمە[٢٢] نەیملیمە، کەچکێ زۆر تەمەرپاشایێ ملیمە، دەزگری[٢٣] دەروێشێ عەبدیمە، لسەر چیایێ قەرەچ داغێ ڕۆنیشتیمە، بکراسەکێ کەتانێ مەگروومیمە[٢٤]، بسۆلەکێ زەردێ ڕەق ڕەقیمە، کلێ چاوێ دەروێشێ عەبدیمە. منێ ڕۆژێ سێ جاران کەرەم نەکەن بدەروێشێ عەبدی، حاشا دکەم لدینێ محەمەدی، ساف ئێزیدیمە.

**عەدلێ دگۆ:**

سەعارا سوبێدێ[٢٥]، کزەکی بایێ شەمالێ سارد دێ. کەچکێ ئێوە بعام[٢٦] ڕابن. بچینە سەر چیایێ قەرەچ داغێ، زەینێ خۆ بدەینە تیری[٢٧] بنێ بەڕی[٢٨]، دەشتێ

---

١٧- پسمام: ئامۆزا.

١٨- عاوی: تەختان. گۆوەند: هەڵپەرکێ.

١٩- عوب: خول.

٢٠- زیارەت: گۆڕستان.

٢١- وەشێرم: بشارمەوە.

٢٢- کیکی: ناوی هۆزێکە.

٢٣- دەزگر: دەزگیران.

٢٤- مەگروومی: ناسك.

٢٥- سەعارا سوبێدێ: سپیایی بەرەبەیان.

٢٦- عام: تێکڕا.

٢٧- تیر: تەرەف.

٢٨- بنێ بەڕی: ناوی شوێنێکە.

عۆگنیٚ[٢٩]، وەکی دبتە هەوێل هەوێلیٚ[٣٠] سواران، چرکێنیٚ ڕکێبان[٣١]، ورشینا[٣٢] ڕمان، دەنگیٚ کۆسە میسرییان[٣٣]، شرقا شرقیٚ[٣٤] ئەنگوستیلا دەروێشیٚ عەبدی، لسەر دارا ڕمیٚ، لگۆیا من چ خۆش دی! منیٚ ڕابم شەویٚ لسێبارا[٣٥] نیوەشەویٚ، لگەل دەروێشیٚ عەبدی، بکراسەکی مەلەز[٣٦] کەتانی مەگروومی، بنووم لخیوەتیٚ. کوڕۆ دەروێشۆ، ئەویٚ گاویٚ مردنیٚ مال وێران ببیرا کی دیٚ؟

**عەدلیٚ دگۆ:**

بەژنیٚ دەروێشیٚ عەبدی میسالا شەنگەبییەکی لگەلیدا[٣٧]. ئەمان کوڕۆ دەروێشۆ، ئەتو ڕابە تەمدەوانییەکی[٣٨] سپی لسەری خۆڕا گرێدە.

هەر گاوەکی دەروێشیٚ عەبدی دێتەوە لگەڵ سەلەفەکیٚ عەگیدان و عەدوانییا[٣٩]، لمن وایە شێخکی کامیلە، تەریقدارە گەل مریدا.

کوڕۆ دەروێشۆ ئەتۆ سوار بە لجوانە ماینەکیٚ شینکی قەزوانی، ئەمان لگەڕیٚ دیلانیٚ، لعاوییا گۆوەندیٚ، مەکە تەڕاد و مەترووود و[٤٠] وەیدە غارە،

---

٢٩– دەشتیٚ عۆگنیٚ: ناوی دەشتێکە.

٣٠– هەوێل هەوێل: ڕەنگە لە (یاویل یاویل)ی عەرەبییەوە هاتبیٚ.

٣١– ڕکێب: ئاوزەنگی.

٣٢– ورشین: ورشەدانەوە.

٣٣– کۆسە میسری: جۆرە ڕمێکە.

٣٤– شرقا شرق: تیشکدانەوە.

٣٥– سێبار: کات.

٣٦– مەلەز: تەنك.

٣٧– گەلی: شیو.

٣٨– تەمدەوانی: مێزەر.

٣٩– عەدوان: دوژمنان.

٤٠– تەڕاد و مەترووود: غارغارێن.

نەخۆ لشینکێ جەدلانی[٤١] بێیو بکەوییە خوارە، نەخۆ خەلك و عالەمێ گوندێ مە بێژن عەدلە خاتوونێ عەشقێ تووتیییەکی[٤٢] نەیسوارە.

**عەدلێ دگۆ:**

سەرێ منی گەلەکی دێشێ، دلێ منی گەلەکی ڕەقە، میسالا بزمارێ سەری پەرچە. حەتەبێ[٤٣] سۆلێ[٤٤] تەی[٤٥] دەوارە[٤٦].

**عەدلێ دگۆ:**

ئەوڕۆ مالا دەروێشێ عەبدی لێی دەنا[٤٧]، دەڕوا سەربەرەخوارە، دەچووە عاوییا مەلا محەمەد، چەما گرزوونییێ، جێییێ شێران و پلینگان و دەعل و دارە[٤٨]. منێ ڕابم چاوێ خۆ لسەر دارێ دووربینێ بینم و بشەدینم[٤٩]، سەلەفەکێ سوارێ کیکان و ملییان بینم و بگەڕینم. ئەمان گەلەکی حەیفێ من دمینێ ئەوڕۆ کوڕە دەروێشێ من لناو تیپەکی سواران نایێ و نەیدیارە.

**عەدلێ دگۆ:**

داوەتەك[٥٠] دگەڕا، لگەڕێ دیلانێ، عاوییا گۆوەندێ، عوبێ شایییا. منێ ڕابم گاوەکێ بچمە دەستی دەروێشێ عەبدی[٥١]، خەلك و عالەمێ گوندێ مە

---

٤١– جەدلان: ناوی ئەسپەکەی دەروێشی عەبدییە.

٤٢– تووتی: تووتکە سەگ.

٤٣– حەتەب: نالی وڵاخ.

٤٤– سۆل: پێڵاو، لێرەدا مەبەستی سمی ئەسپەکەیە.

٤٥– تەی: تۆ.

٤٦– دەوار: وڵاخ.

٤٧– لێی دەنا: باری کرد.

٤٨– دەعل و دار: دەوەن.

٤٩– بشەدێنم: توندکەم.

٥٠– داوەت: شایی.

٥١– بچمە دەستی.. تاد: لە پاڵ دەستیدا هەڵپەڕم.

بلا[٥٢] بێژن بەژنێ عەدلێ چەند شیرن لگەڵ بەژنێ دەروێشی دێ.

**عەدلێ دگۆ:**

کورۆ دەروێشۆ. ئەتۆ وەرە ڕامووسە[٥٣] سەرێ ڕوومەتا سۆرا گولگولی، خۆشترە لتەمرێ[٥٤] بەغدایێ، لکشمیشا مویسلێ، للیمۆیا مەندەلییێ، لهەنجیرا ژەنگارێ، لتریێ باکورمانێ، لهەنارا شەقلاوێ، هەکە بێ ناوکە، بێ دندکە[٥٥].

٥٢– بلا: با.

٥٣– ڕامووسە: ماچ بکە.

٥٤– تەمر: خورما.

٥٥– دندك: دەنك.

## لاوکی ئەحمەدی شێخ مووس

ئەحمەدی لاوی شێخ مووس سەرکاری پاشایەك بووە لەسەر یەکێك لە گوندەکانی. جارێکیان تاقمێك لۆتی بەخۆیان و ورچیانەوە دێنە گوندەکە، یاری لە پێش چاوی ئەحمەد دەکەن و شیعری بەسەردا هەڵدەدەن، ئەویش خەڵات و بەراتێکی باشیان دەکا. لۆتییەکان لەناو خۆیاندا دەڵێن مادەم سەرکاری پاشا ئەوەندە بەدەس و دەهەندە بێ، دەبێ خۆی چۆن بێ؟ دەچن بۆ بارەگای پاشا، لە پێش ئەویشدا یاری بە ورچەکەیان دەکەن و گۆرانیی بۆ دەڵێن، بەڵام ئەو هیچیان ناداتێ. لۆتییەکان دەڵێن پاشا! ئەحمەدی لاوی شێخ مووس کە نۆکەری تۆیە ئەوەندە خەڵات و بەراتی داینێ، کەچی تۆ هیچت پێ نەبەخشین؟ پاشا کە ئەمە دەبیسێ کوورەی ڕقی بەرامبەر بە ئەحمەد دێتە جۆش و بەدوویدا دەنێرێ، بەڵام ئەحمەد وا دیارە دەزانێ چی ڕووی داوە، لەبەر ئەوە وەرامی پاشا ناداتەوە و ناچێ بۆ لای. پاشا کە تەمای ئەوەی نامێنێ ئەحمەد لەخۆیەوە بێت، سوارە دەنێرێتە سەری دەیگرن و پەلی دەبەستن و دەیهێنن. کە دەیگەیەننە گوندەکەی پاشا، کچێك بە ڕێککەوت لەسەر کانی دەگەڕێتەوە، کووپەیەك ئاوی بەکۆڵەوە دەبێ، چاوی بە ئەحمەد دەکەوێ و دەچێ بەدڵیدا. ئاگای لە خۆی نامێنێ کەوا لەسەرکانی دەگەڕێتەوە و کووپەیەك ئاوی بەکۆڵەوەیە، دەکەوێتە تەك ئەو خەڵکەی کە دووی ئەحمەدی باڵبەسراو کەوتبوون، وە خۆی دەکا بەدیوەخانی پاشادا و دەکەوێ بەسەر دەس و پێیدا کە نەیکوژێ. بەڵام پاشا دەری دەکاتە دەرەوە. کچە بە پەلەپڕووزە دەچێ بۆ لای مەحموود بەگی کوڕی پاشا کە لە دێیەك بووە بەناوی (گلەزەرد)وە دەستەودامێنی دەبێ و لێی دەپاڕێتەوە کە بچێ بۆ لای باوکی نەیەڵێ ئەحمەدی لاوی شێخ مووس بکوژێ.

مەحمـوود بـەگیش بـەپـێی پـەیـڕەوی ڕۆژ کـە هـەرگیز داوای ئـافرەتی پەنـاهـاوردوو نـادرێتـە دواوە، بـە هـەڵـەداوان لەگەڵ سوارە و خوڵامـانی خۆی سوار دەبێ و دەچێ بۆ لای پاشا بۆ تکای ڕزگارکردنی ئەحمەد، بەڵام بـاوکـی بـەتـوندی وەرامـی دەداتـەوە. مـەحمـوود بـەگ پێی نـاکرێ لـە پێش ئافرەتێکی پەنـاهـاوردووی بێ دەسەڵاتدا خۆی شەرمەزار بکا، چاو لە سوارە و خوڵامەکانی هەلدەتەکێنێ هەڵدەکوتنە سەر باوکی دەیکوژن و ئەحمەد لە بەند ڕزگار دەکەن و دەیدەنەوە دەستی کچە دڵدارەکەی.

ئەم لاوکە ئەم کارەساتەمـان بۆ دەگێڕێتەوە:

**پاشایۆ دگۆ:**

منێ بسەرێ چیایێ قەرەچ داغێدا کەتم، وا بتاتە[1]. سەلەفەکێ عێلێ کیکان و ملییـان، عەبدۆییـان و گەرگەرییـان و گێسووان[2] هـات و پێدا هـاتە، منێ چەندی کاغەزان و جوابـان دنێرم لدوو کێفر کوڕی کێفر[3]، چاوە لدوو کاغەز و جوابێ من نەهاتە. وەعد و قەرارێ جانێ مێران لدلێ منڕا کەتبی سەعەرا سوبێدا میسالێ قـاوێ[4] سەرێ ئـەحمـەدی لاوی شێخ مـووس بـدەمـە بـەر دووبـاری شیر و وێ جەلادا.

**دێلکێ[5] دگۆ:**

بسەرێ چیایێ قەرەچ داغێدا کەتم وا بڕینە[6]، سەلەفەکێ عێلێ کیکان و

١- تات: بەردی لووس.

٢- ئەو ناوانە هەموو ناوی هۆزە کوردن لەسەر سنووری ئێستای عێراق و سووریە دەژین.

٣- کێفر: کافر.

٤- میسالی قاوێ: وەکو قاوە.

٥- دێلك: دەڵەسەگ. پێشان بەهۆی بیروباوەڕی دواکەوتووی کۆمەڵەوە ئافرەتیان بەو ناوە ناوبردووە.

٦- ڕپن: توند.

ملییان، عەبدۆیییان و گەرگەرییان و گێسووان، هات و هلدا بنە[٧]. ئەمان پاشایۆ لسەرێ ئەحمەدی لاوێ شێخ مووس مەدە، بکە خاترێ خودێ، دوومین حورمەکا[٨] ڕووسوورا وەکو منە.

**پاشایۆ دگۆ:**

منێ بسەرێ چیایێ قەرەچ داغێدا کەتم وا بکەبەرە[٩]، سەلەفەکی عێلێ کیکان و ملییان، عەبدۆیییان و گەرگەرییان و گێسووان هات و هلدا سەرە[١٠]، منێ سۆند خواردییە بقورعانا شەریف، بتەلاقێ هەر سێ ژنان هینا و هاوێتە سەرە. دێلکێ تۆ ڕابە چ گاوا خەبەرا ماوێ[١١] سەرخەبەرە. سەعەرا سوبێدا میسالێ قاوێ ئەحمەدێ لاوی شێخ مووس بدەمە بەر دووباری شیر و خەنجەرە.

**پاشایۆ دگۆ:**

منێ بسەرێ چیایێ قەرەج داغێدا کەتم وا لە پالێ گری[١٢]، سەلەفەکێ عێلێ کیکان و ملییان، عەبدۆیییان و گەرگەرییان و گێسووان هات و لێ دەوری. ئەمان پاشایۆ ئەگەر ئەتو ئەورۆ لە سەرێ ئەحمەدی لاوی شێخ مووس بدەی، ڕەببی لبەر دەلینگێ[١٣] من و هەر سێ ژنێ خۆ مری.

**دێلکێ دگۆ:**

بسەرێ چیایێ قەرەج داغێدا کەتم وا بگیایە، سەلەفەکی عێلێ کیکان و

---

٧– هلدا بنە: لە بنیدا هەڵیان دا.

٨– حورمەکا: ئافرەت.

٩– کەبەر: دەوەنێکە.

١٠– هەلدا سەرە: لەسەری هەڵیان دا.

١١– ماوێ: مەخە.

١٢– گر: گرد.

١٣– دەلینگ: دەرەلنگ، پێ.

مليیان، عەبدۆییيان و گەرگەرییان و گێسووران هات و لێ هەلدایە.

پاشایۆ ئەتو ئەورۆ لسەرێ ئەحمەدێ لاوی شێخ مووس مەدە، ماتو نزانی لبۆ خاترێ ئەحمەدێ لاوی شێخ مووس جۆتە مەمکی من هاتنە ڕجایە.

پاشایۆ دگۆ: بەلێ کچێ دێلێ تو ڕابە قسێ خۆ مەدە لبەردی، برۆ کن مەحموود بەگێ گلەزەردی.

**دێلکێ دگۆ:**

کورۆ مەحموود هاوارە. سەدجار من گۆ هاوارە. منێ نزانم تۆ مەحموودی باوی یانە مەحموودی دایی. زنجیرێ کورە لاوکێ من گەلە گرانە، بتو نەبی بکەس دەرنایی.

***

مەحموود بەگ سوار بوو لشێ غەزالییە[١٤]، خولام و خزمەتکار لگەل وییا. ئەمان هات و بپاشایێ گۆتییە ئەگەر بەرنەدەی ئەحمەدێ لاوێ شێخ مووس سەرێ تو دەبرم لجیاتی وییە.

پاشایۆ دگۆ: دێ هەرە[١٥] تووتك تۆ چ حەدێ وی قسەت نییە.

مەحموود بەگ چاوێ خۆ لخولام و خزمەتکارا چووقاندییە، سەرێ پاشایان بری لجیاتی وییە. دێ ڕابە دێلێ ئەوا ئەحمەدی لاوێ شێخ مووسمان بەتو بەخشییە.

---

١٤– شێ غەزال: جۆرێك ئەسپی ڕەسەنە.

١٥– هەرە: برۆ.

## لاوكی حەمایلۆكی گەردن زەر

(حەمایلۆك) كچێكی هەركی بووە، حەزی لە ئەحمەدی تاهیر ئاغا كردووە كە یەكێك بووە لە ئاغەكانی هەركی. مامی حەمایلۆك كە ناوی ئەسعەد بووە ئەوەی بەشوورەیی زانیوە. ڕۆژێ لە ڕۆژان بە هەلی دەزانێ كە ئەحمەد لەسەر ئاوێك بەدی دەكا، بەرگی ژنان لەبەر دەكا تا ئەحمەد نەیناسێتەوە، وە دەچێتە سەری و لە پشتەوە دەیداتە بەر خەنجەر و دەیكوژێ. حەمایلۆك لەبەر وەفای بۆ یادی دۆستەكەی بڕیار دەدا تا دەمرێ شوو نەكا. حەمایلۆك تا ئەم دواییەش مابوو. ئەم لاوكە ئەو كارەساتەمان بۆ دەگێڕێتەوە.

ناچمە مێرگا میرە[١]، شەوتی، وا بمێرگ و كانی. ئەمان كێ دیتبوو ئەحمێ تایەر ئاغا خلوەتێ خۆ چێ كرد[٢] لگەل حەمایلۆكێ گەردەن زەرە، لگەل حەمایلۆكێ چاو بەلەكە، وا بسەروبەرە. ئەمان ڕەببی خودێ لئەسعەدێ مامێ نەخشین[٣] هەلنەگری چاوە[٤] بەرگێ مێران دانا، بەرگێ ژنان كردە بەرخۆ، ڕابوو لسپێركێ[٥] كانیێ چار خەنجەر دابوو لپشتێ ئەحمێ. بەژنێ ئەحمێ تایەر ئاغا لپەشمینا[٦] دارا[٧]، لشارێ كرمانێ[٨]، لپەستەكا سۆرێ

---

١– مێرگا میر: میری مێرگان، مێرگی چاك. شەوتی: بەواتای سووتاو.
وا بمێرگ و كانێ: كە مێرگ و كانیی ئاوی تیایە.
٢– چێ كرد: دروست كرد، ڕێك خست.
٣– نەخشین: ناوی خوشكی بچووكی حەمایلۆك بووە.
٤– چاوە: چۆن؟
٥– سپێرك: سەنگەر، سپێر.
٦– پەشمین: چۆغە و ڕانك.
٧– دارا: شینی ئاسمانی.
٨– لشارێ كرمانێ: لە شاڵی كرمان.

ئێرانێ، لچار ڕەختا فیشەکێ ئولەمانێ[9]. ئەمان چەندی دکەم و ناکەم خینا[10] سۆر سەر لچ برینان دەرنایینی. ئەمان گەلەکی حەیفا من دمینێ ئەحمێ تایەر ئاغا هاتە کوشتن، لسەر حەمایلۆکێ چاوجوانێ.

ناچمە مێرگا میرە، شەوتی، وا بگولەزەرە. کێ دیتبوو ئەحمێ تایەر ئاغا خلوەتێ خۆ چێ کرد لگەل حەمایلۆکێ چاو بەلەك، لسەر کانییێ مێرگا میرا وا بتات و بەرە[11]. خودێ لئەسعەدێ مامێ نەخشین هەلنەگری بەرگێ مێران دانا، بەرگێ ژنان کردە بەرخۆ، ڕابە و لسپێرکێ کانییێ چار خەنجەر دابووە بەر بەژنێ ئەحمێ تایەر ئاغا، لپەشمینا دارا، لشارێ کرمانێ، لپەستەکا سۆری ئێرانێ، لچار ڕەختا فیشەکێ ئوڵەمانێ.

ئەمان چەندی دکەم و ناکەم خینا سۆر سەر لچ برینان دەرنایینی. ئەمان گەلەکی حەیفێ من دمینێ ئەحمێ تایەر ئاغا هاتە کوشتن لسەر حەمایلۆکێ گەردەن زەرە.

---

٩- ئولەمان: ئەڵمان.

١٠- خینا: خوێنی.

١١- تات و بەر: تات و بەرد.

## لاوكی هەریَ

ئەم  لاوكە چیرۆكی خۆشەویستیی كوڕ و كچێكمان بۆ دەگێڕێتەوە كە بۆ یەك نەبوون. باوك و دایكی كچەكەیان دەدەن بە كابرایەكی سەرتاشی پیر. كوڕە نەخۆش دەكەویَ و بەدزیی مێرد و باوك و دایكییەوە دەچیَ سەری لیَ دەدا. لەم لاوكەدا كوڕ و كچ هەر كام ڕاز و نیازی دڵی بەدڵداری خۆیان دەردەبڕن.

**كەچكیَ دگۆ:**

هاوینە، خۆش هاوینە. گەرمەگەرمیَ ویَ هاوینیَ كوڕە لاوكیَ من نەخۆشە، نەخۆشەكی گەلەك گرانە، كەتییە وا لەناو نوێنیَ، ڕابم كوڕە لاوكیَ خۆ دانمە تاق و پەنجەریَ، لۆ لعەوایی‌َ[1] ویَ شانشینیَ[2] ئەمان لترسیَ داك و[3] بابیَ خۆ نەبی، منیَ ڕۆژیَ سیَ جاران، لگەل زەریان و[4] ئەسمەران، ڕابم بچمەوە سەر كوڕە لاوكیَ خۆ دەستیَ خۆ دانمە بن سەری، بدەستیَ دی لێی بكەم هەرامە باوەشینە.

**كوڕك دگۆ:**

كچیَ، دینیَ[5]. هەوارە. وەز[6] دەمرم ڕۆژی چارەی. ئەمان قەبریَ من بەرامبەری مالا بابیَ تە[7] بی. داوەكیَ بسكیَ[8] تەكفن دووریَ من بی. ئەمان ئەتو ڕۆژیَ سیَ جاران لگەل زەریان و ئەسمەران، وەرەوە سەر قەبریَ منە، بێژە لاوكۆ دینۆ سەد

---

١– لۆ لعەوایی‌َ: بۆ بەرزایی. بۆ هەوا.

٢– شانشین: پێش پەنجەرەی زیاد لە دیوار لە تاقی سەرەوەی باڵەخانەدا.

٣– داك: دایك.

٤– زەری: كچی زۆر جوان.

٥– دینیَ: شێتیَ، بۆ خۆشەویستی بەكاردەهێنریَ.

٦– وەز: من.

٧– تە: تۆ.

٨– بسك: زوڵف.

ڕەحمەت لگۆڕێ تە بی. ئەما هەنگێ دەبا سەد گورزی موحەمەدی نوورانی لسەر منرا زێدە بێ.

**کەچکێ دگۆ:**

لاوکۆ، دینۆ. منێ بە بنێ (دیاربەکر)دا کەتم. هەوارە تو دەلالی. ئەمان ڕەبی خوام بخولامێ کوڕە لاوکێ خۆ کا. شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ، هەرگاوێ دێتە تەوافێ[9] خارکان و[10] خومرییان[11] بەربەژنێ بلند، بخۆ[12] بشەروالێ دمەرقۆپان دێ و عەردێ ڕادەمالی.

ئەمان ڕەبی داك و بابێ من خێر بکەن چ گاوا خێر بچاوێ خۆڕا نەبینن، پێنج سەد سەرمەڕی هەبی بارخەکی لشوونێ کۆزێ خۆڕا نەبینن. نینۆکان نەبی خۆ پێ بخورینن، خۆ بدیوارێ خەلکیدا هەلبخڕینن.

چاوە سالا وێ سال من نەدانە یەکەکی تەڕی تەڕلان لعەینێ بەژنێ من، من دانە پیرەمێرێکی ئیختیار، کۆتێ گەنی، هەر لسبەینێ تا ئێوارێ بگیزانێ ڕشك و ئەسپێیێ عالەمێ ڕادەمالی.

**کوڕك دگۆ:**

کەچکێ، دینێ. ببنێ دیاربەکردا کەتم وا لبنە[14]، زەندکێ[15] سۆر و سپی پڕ لبازنە، بەل کەچێ دینێ، مێرا تەرەسێ تە دمرێ. ئینشائەڵلا چاوێ ڕەش، دێمەکا بگولێ نسیبا منە.

---

٩– تەواف: زیارەت.

١٠– خارکان: خاڵەکان.

١١– خومرییان: سنگ.

١٢– بخۆ: خۆی.

١٣– شوون: شوێن، جێگە.

١٤– لبنە: لە خشت دروست کراوە.

١٥– زەند: مەچەك.

**کەچکێ دگۆ:**

ڕەببی دایك و بابێ من خێر بکەن خێر بچاوێ خۆڕا نەدبینن وەکی سالا وی سال منیان دا پیرەمێرەکی کۆتی گەنی، مینا[١٦] کسۆکێ[١٧] بن کوندەلانێ، چاوە منیان نەدا سوارێ سەیری[١٨]، بابێ شەرقێ[١٩]. ئاخ کوڕەلاوکێ منە.

---

١٦– مینا: وێنەی.

١٧– کسۆك: سەگ.

١٨– سەیری: ناوی ئەسپی کوڕەیە.

١٩– شەرقێ: ناوی کچی کوڕەیە.

## لاوکی زەرییێ پەرییێ

زەرییێ پەرییێ، یان شێوەی کوردی سۆران (زەردە پەری)، کچێك بووە بەناحەزی دڵی خۆی دراوە بە کابرایەکی پیر. شەوێکیان کوڕەی دۆستی دەچێ بۆ لای، نازانێ پیرەمێردەکەی مێردی لەگەڵیەتی. کە بەرەنگاری دەبێ ناچار دەیکوژێ. وە لەبەر ئەوە کە فەرمانی کوشتنی دەردەچێ پەلی کچەی دۆستی دەگرێ و دەیفڕێنێ، لە ئاو دەپەڕێتەوە و ئەو ناوچەیە جێ دێڵێ.

ئەم لاوکە، ئەم ڕازەمان بۆ دەگێڕێتەوە.

**کوڕ دگۆ:**

عەدرێ[1] بعەدرێدا، عەدرێ بکۆنێدا، کۆنێ بقەسرێدا، قەسرێ هات لبەری ڕێدا. ئەمان چاوێ زەرییێ گەلەکی ڕەشە، میسالا ترییێ باکورمانێ، هات و لبەرێ دا[2]. ئەما منێ شەوەکا لبەرشەوێدا ڕابمە توافێ خارکان و خومرییان بەربەژنێ زەرییێدا. منێ نزانی پیرەمێرەکی کۆتی گەنی[3] داڕزابووە بەر بەژنێ زەرییێدا. منێ لعیرسا[4] دلێ خۆ، منێ باچۆغێ[5] شیرێ گرت و شیرەك لێ دا. سەرێ پیرێ مێرا کۆتی گەنی هات و لەوێرا فڕێ دا. هێشتا فڕکێ خینێ بوو منێ چەگلێ[6] زەرییێ گرت و داکشا بەر بەژنێدا. د لێلێ زەرییێ. د لێلێ پەرییێ. ئاخ دڕابە فیرارا بەردلێ منی گەورێ.

١– عەدرێ: گوند. مەبەستی ئەوەیە گوند بە گوند، تا ڕەشماڵان و تا کۆشکان، گەرام تا گەیشتمە ئەو کۆشکەی کەوتووەتە بەری ڕێ، کە کۆشکی ماڵی باوکی زەرییە.

٢– لبەرێدا: هاتووەتەبەر.

٣– کۆتی گەنی: وەك کۆتەرە گەنیو.

٤– عیرسا: داخ.

٥– باچوغ: مشتوو.

٦– چەگل: دەست.

دلێلێ زەریيێ. دلێلێ پەريیێ. عەدرێ بعەدرێدا، عەدرێ بكۆنێدا، كۆنێ بقەسرێدا، قەسرێ هات و لبەری ڕێدا. چاوێ زەریيێ گەلەكی ڕەشە، میسالا تریيێ باكورمانێ هات و لبەرێدا. مەمكێ زەریيێ لیمۆیە للكی دارێدا. زەندێ زەریيێ گەلەكی سپییە میسالا خەیارێ لبەستێدا[7]، ئەمان شەوەكا لبەر شەوێدا، لكەیفێ دلێ خۆ ڕابمە توافێ خاركان و خومرییان بەر بەژنێ زەریێدا. منێ نزانی پیرەمێرەكی كۆنی گەنی داڕزابووە بەر بەژنێ زەریێدا. منێ لعیرسا دلێ خۆ باچۆغێ شیرێ گرت و شیرەك لێ دا. سەری پیرێ مێری كۆتی گەنی هات و لەوێڕا فڕێ دا. هێشتا فڕكا فڕكێ خینێ بوو، منێ چەگلێ زەریيێ گرت و داكشا بەربەژنێدا. ڕابم چەگلێ زەریيێ بگرم و بڕەوینم. بپەڕینمەوە لگۆشەیێ شەرابێ[8]نەی مالێ خەڵەف ئاغا. ئەمان كەچكێ ئەتو ڕابە جۆتەكا ڕامووسانا دەردێ دلێ منڕا كەرەم كە. ئەوڕۆ سەرییە چەند ڕۆژە فەرمان فەرمانێ سەرێ من هاتە بقەتلێدا[9].

٧– بەست: چۆم و كەند.

٨– شەراب: ڕووبار.

٩– قەتل: قەتڵ، كوشتن.

## لاوكی خەلیلۆ

خەلیل کورێك بووە دڵی بە کچێکەوە بووە هێناویەتی. پاشان ماڵی باوکی خۆی و ژنەکەی لێك دەرەنجێن. باوکی خەلیل داوای لێ دەکا بچێ بەرامبەر بە ماڵی خەزووری بجەنگێ. خەلیل بە گوێی ناکا وە لە داخی ڕوودانی ئەو جەنگە ژنەکەی هەڵدەگرێ و ئەو ناوچەیە بەجێ دەهێڵێ.

لەسەر ئەوە فەرمانی گرتنی دەردەکەن. خەلیل لە غەریبدا نەخۆش دەکەوێ و دەچێتە نەخۆشخانەی مووسڵ بۆ تیمارکردنی خۆی، لەوێ دەیناسنەوە و بەندی دەکەن. لە نەخۆشخانە ژنەکەی دێ سەری لێ دەدا.

ئەم لاوکە لەسەر زمانی خەلیل و ژنەکەی، ئەم کارەساتەمان بۆ دەگێڕێتەوە.

**خەلیلۆ دگۆ:**

دارەك شین بوو لحەوشی مەدا، پەلکان پان کرد بسە سەری من و سەری تەدا، ئەمان مرازێ کەچك و کەوالێ[1] گوندێ مە عاسل[2] بوو، ئەمان مرازێ من و بەژنێ بلند، چاوێ بەلەك، دێمەکە بە گولی عاسل بوو ناو دۆشەك و نازبالیف و قەدیفەدا.

**خەلیلۆ دگۆ:**

دارەك شین بوو چ مەزنە. منێ سوند خوارییە بقورعانێ، بتەلاقێ هەر سێ ژنا، ئەمان ڕابم چ گاوا ناچمە بنە[3]. ئەمان ئەنگۆ برۆننە بەژن بلندێ، گەردن گەزێ[4]، خاڵ شیرنە، چارۆك زەرە. مانگۆ نزانن خەسوویێ منە؟

١– کەچك و کەوال: وەك وشەی (کوڕ و کاڵ)ی ناوچەی سۆران وایە.

٢– عاسل: حاسڵ، پەیدابوو.

٣– ناچمە بنە: ناچمەناوی، بەشداریی تیا ناکەم.

٤– گەزێ: بەرز وەك گەزی پێوانە.

کەچکێ دگۆ:

وا ڕۆژهەڵات لایێ وانێ. شەوقێ خۆ ددا لجیسرا موویسلا شەوتی، لتاق و پەنجەرێ خەستەخانێ، ڕابم بازنێ خۆ بفرۆشم خۆ باوێمە سەر تۆڕ و بەختێ وینباشکێ[٥] وێ دەولەتێ، ئەوڕۆ لبەختی تەدامە، لبەختێ بابێ تەدامە. مانگۆ نزانن دەستێ خەلیلی واغاییێ گران، گەلەکی شلك و ناسکە، هەلناگری داری قەرەوانێ[٦].

٥- وینباشك: ئوون باشی، ئەفسەری تورك.

٦- داری قەرەوانێ: داری کەلەپچە.

# لاوكى وەى جان وەى جان

ئەم لاوكە لەسەر زمانى ڕێحان و دۆستەكەى، داخى دڵیانمان بۆ دەردەبڕێ بەرامبەر بەوە كە كچە بۆ كوڕە نەبووە و دراوە بە پیرەمێردێكى لێكەوتوو. لەم لاوكەدا كوڕە داوا لە كچە دەكا خەم نەخوا و خۆى ڕاگرێ، خوا بەڕەحمە بەڵكو ڕۆژ وەرگەڕێ و بۆ یەك ببن.

**كوڕك دگۆ:**

كچێ تو جانى. كەچكێ داك و بابەكى عەسڵزادانى. ئەمان گەلەكى حەیفێ مـن دمـیـنـێ سالا وێ سالا دەزگرى كـالـەمـێرەكـى[1] بـێ ددانـى، ئـەمـان ڕعانێ[2] مەگرە مەلۆرینە، چ گاوا فرمێسكا بسەر ڕوومەتێ سۆرا گولگولى تەیمەسییا[3] دامەبارینە. پێغەمبەرێ مە هەقن، ئەڵڵایێ مەڕا كەریمە.

**ڕعانێ دگۆ:**

منێ نەیگولم، نەڕعانم، ئەما باقەكى ڕەشەڕعانى بۆن خۆشى پەلك پانم. ئەما كوڕكۆ گوندینۆ مانگۆ نزانن شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ، منێ لپیرەمێرا گەنیرا پشیمانم.

**كوڕك دگۆ:**

كـچـێ تـو جـانـى، لـیـمـۆیـێ سەركـانـى، گـەزۆیـێ لشارانـى، مـەرعـەمـێ سەربرینانى، پەمبكێ[4] بەردەوانى[5].

---

١- كالەمێر: پیرەمێرد.

٢- ڕعانێ: ڕێحان، ناوى ئافرەتەكەیە.

٣- تەیمەسیى: سوور و سپى.

٤- پەمبك: پەموو، لۆكە.

٥- بەردەوانى: بەردەمانى.

**ڕعانێ دگۆ:**

نەیگولم، نەینێرگزم، باقەکی ڕەشەڕیعانی پەلك قەلنەوزم[6] ئەما شەوێ، لسێبارا نیوەشەوێ، هەر گاوێ پیرەمێرا کۆتێ گەنی، دێتە توافێ قەسرێ سپی، هەر گاوا لفکا لێفێ وەرغەنییێ[7] هەلدەداتەوە، لعەینێ خۆ دێم و دادەڕزم.

**کوڕك دگۆ:**

ڕعانێ مەگرە مەلۆرینە، چ گاوا فرمێسکا بسەر ڕوومەتێ سۆری تەیمەسییا گولگولی دامەبارینە. پێغەمبەرێ مە هەقن، ئەڵڵایێ مەڕا کەریمە.

---

٦- قەلنەوز: ڕیحانی پەڕەدار.

٧- وەرغەنی: قوماشێکی تایبەتییە.

## لاوكی غەزال

غەزال كچی حەسەن پاشا ناوێك بووە، لەگەڵ كوڕێك دڵداری یەكدی بوون، هەرچەند كوڕە خوازبێنیی كردووە لە ماڵی باوكی نەیانداوەتێ، وە چاودێریكەریان لەسەر داناون كە نەهێڵن بەیەك بگەن.

لەم لاوكەدا غەزال و دۆستەكەی داخی دڵی خۆیان هەڵدەڕێژن بەرامبەر بە ماڵی باوكی غەزال كە نایەڵن بۆ یەك بن، وە گلەیی لەوە دەكەن كە چۆن چاودێریكەریان لەسەر داناون، وە ئاواتی ئەوە دەخوازن كە بتوانن هەڵبێن و بچن بۆ ناوچەی زاخۆ.

**كوڕ دگۆ:**

كچك تو غەزالی، غەزالی چیایێ وەرتێ[1]. چاوێ غەزالێ ڕەشە میسالا چاوێ قەتێ. قورگێ غەزالێ سپییە میسالا قورگێ بەتێ[2].

مەمكێ غەزالێ میسالا شووشەیی دشەربەتێ. كراسەكی مەلەز كەتانی مەگروومی ڕۆژی سێ جارا لگەڕێ دیلانێ، لعاوییا گۆوەندی، عوبی شاییێ، چەند شیرن لبەر بەژنێ غەزالێ دێ. ئەما ڕابم شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ، ڕابمە توافێ خاركان و خومرییان بەربەژنێ غەزالێ خۆڕا، هەتاوەكو ئەستێركێ بەری بەیانی هەلدێ لمن و لبەژنێ غەزالێ، دێتە وەعدی دقیبلەتێ[3]، ئاخ ئەتو غەزالی، مەگری هەوالی، ڕەببی خودێ هەلنەگرێ لكۆنێ مالێ بابێ حەسەن پاشا سالا وی سالە چاوی تۆڕن[4] غەزالیڕا نەدامێ.

---

١– وەرتێ: ناوی دێیەك و چیایەكە.

٢– بەتێ: بەت، قاز.

٣– قیبلەتێ: ڕووكردنە قیبلە، نوێژكردن.

٤– تۆڕن: توند.

**کچ دگۆ**

غەزالم، غەزالی چیایێ بتەوریمە، پایزا کۆچەری لدەشتیمە، هاوینا سەفەرا زۆزانا ژێریمە.

**کورِ دگۆ:**

کچێ، دینێ! خەرك و عالەمێ گوندێ مە ئاشقن لمالداری کردنێ، ئەما منێ وەشقێ بەژنێ بلند، چاوەکا بەڵەك، دێمەکا بە گولی، ناو قەدەکی تەنگ و زراو[٥]، کۆفیکا[٦] شپرزەمە. کچێ تو غەزالی. غەزالێ مە یەك نینە، دوونە. بەجۆمکا[٧] داچوونە. خۆدکێ[٨] گوندێ مەرِا لدوونە.

ئەرێ غەزال! من گۆ بدەشتێ بشیریا[٩]دا کەتم وا بجۆیە[١٠]. ئەمان شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ رِابم چەگلێ غەزالێ خۆ بگرم و برەوینم، بما[١١] پشتی دزۆزانا مەملەکەتێ دزاخۆیە.

شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ رِابمە توافێ خارکان و خومرییا بەر بەژنێ بلند، چاوێ بەلەك، دێمەکا بەگولی. لکەیفێ دلێ خۆ دەستی خۆ دانمە سەر جۆتەکا زەردی زەرد لیمۆیە. بەلێ کەچێ تو غەزالی، غەزالێ مە دوو نینە، سێنە. بەجۆمکا دادێنە[١٢]. سەگمانی[١٣]. گوندێ مە چاو لێنە.

---

٥- زراو: باریك.

٦- کۆفیکا: کووفییەیەك، سەرپۆشێك.

٧- جۆمك: شیو.

٨- خۆدك: تفەنگچی.

٩- بشیریا: ناوی دەشتێکە لە نزیکی کەڵەکی یاسین ئاغای ئێستا.

١٠- بجۆیە: جۆی تیا چێنراوە.

١١- بما: بەرمە.

١٢- دادێنە: دێنە خوار.

١٣- سەگمان: رِاوچی، ئەسڵەکەی (سەگبان)، واتە سەگەوان.

## لاوکی سوارۆ

سوارو لاوێك بووە لەگەڵ چەند هۆزێکی عەرەب بەشەڕ هاتووە، لەم لاوکەدا ژنەکەی بەبالآیدا هەڵدەدا، وە باسی ئازایەتی و قارەمانەتیی خۆی و (وەساف)ی نۆکەری و (نعۆی گەرگەری)ی سوارەی دەکا. سوارۆ خۆیشی بەباسی ئازایەتیی خۆی وەرامی دەداتەوە.

**کەچکێ دگۆ:**

لاوکۆ، دینۆ. هەسپێ تە کەوێتە میسالا شووفی[١] بایێ. هەسپێ وەسافێ خولام کەوێتە میسالا شووفی بایێ، هەر گاوەکا دادەکشانە تیرێ بنی بەڕی، دەشتێ عۆگنێ، هات و ڕاتەولەك[٢] دایێ. بخۆ دبم بخولامێ ڕمێ سەرشانێ نعۆیە، کاکێ نووریێ[٣]، بابێ سەعدۆ[٤]، سوارێ خەلێ[٥]، هەرگاوەکا دادەکشا تیرێ بنی بەڕی، چەگلێ خۆ دەکشینتە سە[٦] عەینی دارێ داڕمێ.

**کوڕك دگۆ:**

ڕابم ڕوویێ خۆ بدەمەوە سەر هەزار و پێنجسەد سوارێ عەنزان و شەمەران[٧]، ڕابم تارمێ[٨] مێران بێخمە چەمی شەنەغاییێ[٩].

---

١– شووف: تەوژم.

٢– تەول: پەت و مێخ سندان. واتە: هەرکات مێخ سندانی ئەسپەکەی داکوتێ بۆ لەوڕان.

٣– نووریێ: خوشکی نعۆ بووە.

٤– سەعدۆ: کوڕی نعۆ بووە.

٥– خەلێ: ناوی ئەسپەکەی نعۆیە.

٦– سە: سەر.

٧– عەنزان و شەمەران: ناوی هۆزە عەرەبن کە سوارۆ لەگەڵیاندا بەجەنگ هاتووە.

٨– تارم: لاشە.

٩– شەنەغاییێ: ناوی چۆمێکە، جەنگەکە لە ڕۆخیدا ڕووی داوە.

**کەچکێ دگۆ:**

بوارە[١٠] مالەك بارکر لسەر غەلێ[١١]، دیسان بوارە دوو مال بارکر لسەر غەلێ. کولیکێ[١٢] نیسانا شین بوو هات و پالێ خۆ دا[١٣] وێ خەتەرێ. ئەما بخۆ دبم بخولامێ ڕمی سەرشانێ نعۆیە، کاکێ نووریێ، بابێ سەعدۆ، سوارێ خەلێ.

**کوڕ دگۆ:**

ڕابم هەرگاوەکا چەگلێ خۆ بکشینمە سە عەینی دارێ داڕمێ، ڕوویێ خۆ بدەمەوە هەزار و پێنجسەد سوارێ عەنەزان و شەمەران، تارمێ مێران بێخمە گلی گرچەتەلێ.

---

١٠– بوارە: بەهارە.

١١– سەرغەل: ماڵی زستانەی حەیوان لەوەڕێن.

١٢– کولیك: گوڵ.

١٣– پالێ خۆ دا: دیاری دا، دەرکەوت.

## لاوکی زراویٚ

(زراویٚ) کچێك بووه دۆستەکەی بە میوانی چووەتە ماڵی باوکی بەنیازی فڕاندنی، بەڵام دیویە دراوە بەشوو، وە بۆی هەڵنەگیراوە.

لەم لاوکەدا کوڕە دڵی زراویٚ دەداتەوە کە خەم نەخوا و گفتی پیٚ دەدا هەرچۆن بووە ئاخری هەر دەیڕفێنیٚ.

**کوڕ دگۆ:**

بئاغەبانیٚ[1] مالا بابیٚ زراویٚ کەتم بلبنە[2]. بەژنیٚ زراویٚ میسالا ڕەشە ڕحانیٚ ئاو لبنە[3]. ڕابم چەگلیٚ زراویٚ بگرم و بڕەوینم، بەمە ناو دەولەتا دین دوژمنە.

بئاغەبانیٚ مالا بابیٚ زراویٚ کەتم پەلیٚ ژێری[4]، پاسکلیا زێڕا گەلەك کرانە دانا لسەرسینی. ئەمان گەلەکی حەیفیٚ من دمینیٚ سالا وی سالا چەگلیٚ بەژنیٚ بلند، چاویٚ بەلەك و دێمەکا بە گولیٚ دەدرا چەنگ پیرەمێری. بەلیٚ کچیٚ زراویٚ ڕابە، خەمان مەخۆ، خەم خراپن لێم پەلە نەبی. سینگیٚ خۆ مەدە بە سەقەریٚ[5] وی گەرمایێ، بلا لێم ڕەش نەبی.

ڕابم چەگلیٚ زراویٚ بگرم و بڕەوینم بەمە ناو دەولەتا دین فەلەیی.

---

١- ئاغەبان: سەربان.

٢- بلبنە: لە خشت دروست کراوە.

٣- لبنا: لەبنیایە.

٤- پەلی ژێری: پێشەکەی هەڵدێرگەیە.

٥- سەقەر: تین.

## لاوکی گولێ

(گولێ) ناوی کچێکە دڵی بە کوڕێکەوە بووە. لەم لاوکەدا کوڕە و کچە داخی دڵی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بەوە کە بۆ یەك نەبوون، وە گولێ ئەوپەڕی خۆشەویستیی خۆی بەوە دیاری دەکا کە دەڵێ دەمەوێ لە کاسەی دارا ئاو بدەم بە وڵاخی دۆستەکەم.

**کوڕك دگۆ:**

گولێ، گولێ. گولە جوانێ. ئەمن و گولە جوانێ حەلال مال بووین بحەلالی. خودێ نەبی کەس نەدزانی. ئاخ گولێ گولا، سینگ زۆزانێ[1] بەفرێ شلا، چاو و برۆ ڕەشێ کانیێ کلا، دل عەزیزن سەربارە دلا[2].

**کچك دگۆ:**

باران باری، عەرد تەڕ دکە. دوو سوار وا دێن بجۆتکە. ئەمان کەچك و کەوالێ گوندێ مە جوانەماینێ کوڕە لاوکێ خۆ ئاو دەدەن لکۆل و[3] بیرا. ئەما منێ ڕابم جوانە ماینێ کوڕە لاوکێ خۆ ئاو بدەم بکۆتکە[4].

**کوڕك دگۆ:**

سەرییە چەند سالە ئەمن و گولەجوانێ حەلال مال بووین، ئاخ خودێ ناکا. ئاخ گولێ گولا، سینگ زۆزانێ بەفرێ شلا، چاو و برۆ ڕەشێ کانیێ کلا، دل عەزیزن سەربارە دلا.

---

١– زۆزان: کوێستان.

٢– مەبەستی لەوەیە ئەو دوو دڵە لای یەك لە هەموو دڵێ خۆشەویستترن.

٣– کۆل: پلووسکەیەکە لە پێش بیردا دروستی دەکەن بۆ ئاودانی ئاژەڵ.

٤– کۆتك: کاسەی دار.

**کورك دگۆ:**

باران باری لسامالی[٥]. لفکێ گوله جوانێ دێ و عەرد دمالی. ئەما من و گوله جوانێ خۆزی حەلال مال باین بحەلالی. ئاخ گولێ گولا، سینگ زۆزانێ باخچێ گولا.

**کچك دگۆ:**

ڕابم، قەت وەناکەم شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ دلێ کوڕە لاوکێ خۆ لخۆ ناکەم. شەرت بی سینگ و مەمکێ سپیی سەمەرقەندی[٦] بینم لبۆ خاترێ کوڕە لاوکێ خۆ بەرەڵاکەم، وەکو کارەبایێ دەولەتێ جەرگی کوڕە لاوکی خۆ بینم جەزبا کەم.

**کورك دگۆ:**

ئاخ گولێ گولا. سینگ زۆزانێ، بەفرێ شلا، چاو و برۆ ڕەشێ کانییێ کلا. دل عەزیزن سەربارە دلا.

---

٥- مەبەستی لە باران بارینی بەسایەقە و تەڕبوونی عەردە بە شەونمی سایەقەشەو.

٦- سەمەرقەندی: سپی وەك شەکری سەرمەقەند.

# لاوكی مێوانو

ئەم لاوكە لەسەر زمانی كچێك گوتراوە كە كوڕێك چووە بیخوازێ بۆ خۆی.

**كەچكێ دگۆ:**

مێوانە. مێوانێ مالێ منە. بزانم چ قابیلە و چ بابەتێ مێوانێ منە؛ ئەما مانگۆ نزانن ئەو مێوانە داخوازێ بەژنێ منە؟

مێوانەكی هاتە مالە بابێ من، چ تەڕلانە! مێوان بەخێربێی لسەرچاوانە! ئەمان شەوێ، لسێبارا نیوە شەوێ جێ مێوانێ خۆ چێ بكەم لسەر سینگ و مەمكانە. مێوان ڕابە توافێ خاركان و خومرییا بەر بەژنێ بلند، چاوێ بەلەك، دێمەكا بگولی، لبەر كەیفێ خۆ بەجۆتڕا بكەین دەست لەملانە.

مێوانەكی هاتە مالێ بابێ من چ بە تەرزی. مێوان لكەیفێ دلێ خۆ دێ و ڕادلەیزی[١]. ئەمان مێوان لكەیفێ دلێ خۆ تێكەل بكەین سەر و سمبێلا سووسنی[٢] لگەل شازولف و كەزی[٣].

مێوانەكی هاتە مالە بابێ من چەند عەزیزە و چەند مندالە. شەوێ لسێبارا نیوە شەوێ ڕابە توافێ خاركان و خومرییا بەر بەژنێ بلند، چاوێ بەلەك دێمەكا بگولی، لبەر دلێ خۆ، سنگێ خۆ بكەمە دۆشەك، مەمكێ خۆ بكەمە نازبالیفا، ڕابدەمە پالا. ئەمان هەتاكو مەلایێ سەعەرا سوبێدێ دكا بانگە لگەل كبارە[٤].

---

١- دلەیزی: یاری دەكا.

٢- سووسنی: زەرد.

٣- كەزی: پەلكە.

٤- كبار: (اللّە اكبر)ی بەیانی.

## لاوکی ئەسمەر

(ئەسمەر) کچێکی شۆخی مەکرۆ بووە. دوو کوڕ: ئەحمەد و برادەرێکی، بێ ئەوەی کەسیان بەویان بزانێ، حەزیان لێی کردووە. ئەویش پێوەندیی بە هەردوولایانەوە بووە. ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەحمەد باسی خۆشەویستیی خۆی و ئەسمەر بۆ برادەرەکەی دەگێڕێتەوە، برادەرەکەی سەرسام دەبێ، وە پێی دەڵێ شتی وا چۆن دەبێ مادەم من و ئەسمەر دۆست و دڵداری یەکین؟ وە ئەوەش کلدانەکەیەتی بۆ نیشانەی دۆستایەتی داویە بە من. ئەحمەدیش دەڵێ قسەی من ڕاستە و ئەسمەر دۆستی منە بە ناونیشانی ئەوە کە دەسبازیم لەگەڵدا کردووە و ناونیشانی سنگی ئەسمەری بۆ هەڵدەدا. هەردووکیان دەچن بۆ لای ئەسمەر تا بزانن بەڕاست دڵی بەکامیانەوەیە؟

ئەحمەد پاش ئەوەی هەندێکی بەسەرا هەڵ دەدا پێی دەڵێ کە سنگ و مەمکی ئەوی دیوە، وە ناونیشانی بۆ دەردەخا تا ئیسپاتی بکا کە دۆستی خۆیەتی و پێوەندیی لەگەڵیدا هەیە. ئەسمەر بۆ ئەوەی دڵی کوڕەکەی تری لێ نەڕەنجێ پاساوی ئەو ئاگادارییەی ئەحمەدۆ لە سنگ و مەمکی بەوە دەدا کە گوایە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کاتی مەڕ لێك کردنەوەدا با یەخەی لاداوە و سنگ و مەمکی دەرکەوتووە و ئەحمەد دیویەتی. ئەوجا ئەحمەد باسی کلدانەکەی بۆ دەکا کە لای برادەرەکەیەتی. ئەسمەر بۆ ئەوەی دڵی ئەحمەدیشی لێ نەڕەنجێ پاساوی ئەوەش دەدا کە گوایە لە کاتی پیاسە کردندا لە بەرباخەڵی داکەوتووە و ئەو کوڕە دیویەتییەوە و هەڵی گرتووەتەوە.

ئەم لاوکە ئەم گفتوگۆ دڵگیرەمان بۆ دەگێڕێتەوە.

**ئەحمەدۆ دگۆ:**

بسەرێ زۆزانا کەتم وا ببەفرێ بگێڕ گێڕە[1]. بەژنێ ئەسمەرێ دەلال گەلەکی

١– گێڕ گێڕ: شوێنی گەردەلوول خواردنی بەفر.

زراوه هەلنایە[2] لبە[3] تۆڤان و تەلەسمان و دووبارەی هەرامە زێرە. ئەمان شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ ڕابمە توافێ خارکان و خومرییا بەربەژنێ بلند، چاوێ بەلەك، دێمەکا بگولی. ئەما کەچێ[4] دینێ لکەیفێ دلێ من گاوەکا خۆ وەگێڕە[5].

دهـەرێ، سەد جارا بمن هەرێ. شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ، جۆتەکا شەمامە لکەیفێ دلێ منڕا بینە دەرێ، جۆتەکا ڕامووسانا جانێ دلێ منڕا کەرەم بکە، منێ بینەوە سە معەلێ[6] کوڕینیێ شۆرێ دەوری بەرێ[7].

**ئەحمەدۆ دگۆ:**

کەچێ وەسمەر! بسەرێ زۆزانا کەتم بەفرێ بەرکەوییە[8]. بەژنێ وەسمەرێ دەلال گەلەکی زراوە، هەلنایە لبە تۆڤان و تەلەسمان و دووباری هەرامە مەجیدییە. شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ، ڕابمە توافێ خارکان و خومرییا بەربەژنێ بلند، چاوێ بەلەك و دێمەکا بگولێ، لکەیفێ دلێ خۆ دەستێ خۆ دانیمە سەر جۆتەکا هەرمییە[9].

دهـەرێ، سەد جارا بمن هەرێ. شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ، جۆتەکا شەمامە لکەیفێ دلێ منڕا بینە دەرێ، جۆتەکا ڕامووسانا جانێ دلێ منڕا کەرەم کە، منێ بینەوە سە معەلێ کوڕینیێ شۆرێ دەوری بەرێ.

---

٢– هەلنایە: ناتوانێ ڕاست بێتەوە.

٣– لبە: لەبەر.

٤– کەچێ: کچەکە.

٥– وەگێڕە: ڕوو بکە بەم لادا.

٦– معەلێ: مەحەللی، کاتی.

٧– بەرێ: پێشوو.

٨– بەرکەوی: نسار.

٩– هەرمییە: هەرمێ، خڕ و بەتام وەك هەرمێ.

**ئەحمەدۆ دگۆ:**

کەچیێ وەسمەر. ما تو نزانی منێ سینگ و مەمکێ تورِا دیتینە؟

**ئەسمەر دگۆ:**

کورِۆ ئەحمەدۆ رِابە بوختانان مەکە. بوختان چیێ[10] نینە. بزانم کەنگێ سینگ و مەمکێ وەسمەرێ دەلالت رِا دیتینە، ئەگەر ئەتو سینگ و مەمکی وەسمەرێ دەلالت رِا دیتینە، بزانە ناونیشانی سینگ و مەمکێ وەسمەرێ دەلال چنە و چ نینە؟

**ئەحمەدۆ دگۆ:**

کەچیێ وەسمەر. ما تۆ نزانی سینگێ تو گەلەکێ سپینە میسالا بەفرێ یەکشەوینە. بنێ مەمکێ تە سۆرن، سەرێ مەمکێ تە قرمزینە.

**ئەسمەر دگۆ:**

کورِۆ، ئەحمەدۆ. خەبەرێ تە رِاستن، هیچ گاوا درۆ نینە. ئەما منێ دوونێ هێوارێ لپێش مالەبابێ خۆ خۆلەقاندینە[11]، کراسەکی مەلەز کەتانی مەگرووِمی بسەر خۆدا داهاتینە، پەزێ مالێ بابێ من و تە تێکەل بووینە، منێ هات و بەراییێ پەزی وە گەرِاندینە. کزەکی بایێ شەمالی هاتینە، قولپا[12] سنجاقا زێرِی پساندینە. هەنگێ تۆ سینگ و مەمکێ وەسمەرێ دەلالت رِا دیتینە.

**ئەحمەدۆ دگۆ:**

هەرێ، سەدجارا هەرێ. شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ، جۆتەکا شەماما لکەیفێ

---

١٠– چیێ: چاك.

١١– خۆ لەقاندینە: جوولاومەتەوە.

١٢– قولپ: قولاپ.

دلێ منرا بینه دەرێ. ما تو نزانی منێ سووتاندن و برژاندن و حەلاندن[13] پۆشی[14] ڕەشێ شال کرمانێ گەردەن زەرێ.

**ئەحمەدۆ دگۆ:**

کەچێ، وەسمەر. منێ کل و کلدانێ تە لکن کوڕ و کەوالێ گوندێ خۆڕا دیتینە.

**ئەسمەر دگۆ:**

کوڕۆ! ئەحمەدۆ. خەبەرێ تە ڕاستن، چ گاوا درۆ نینە. ئەما منێ دوونێ هێوارێ داوەتەکی دگەڕا، لگەڕێ دیلانێ، لعاوییا گۆوەندی، عوبێ شاییێ، لپێش مالا مەلا مووسێ، منێ لگەل برەکی زەریان و خاتوونان هات و خۆلەقاندینە. بنیێ بەرییێ[15] من کون بوونە، کل و کلدانێ من ڕاش کەتینە. کوڕك و کەوالێ گوندێ مە لۆخۆ هەلگرتینە.

**ئەحمەدۆ دگۆ:**

هەرێ، سەدجاران بمن هەرێ. شەوێ لسێبار نیوەشەوێ، جۆتەکا شەماما لکەیفێ دلّی من ڕا بینەدەرێ، جۆتەکا ڕامووسانا دەردێ دلێ منرا کەرەم بکە، منێ بینەوە سە معەلێ کوڕینیی شۆرێ بەری.

---

١٣– حەلاند: تواندەوە.

١٤– پۆشی: پووشین.

١٥– بنیێ بەرییێ: بنی گیرفان.

## لاوکی لێ وایێ

ئـەم لاوکـە ڕازی حـەسەن و فـاتـمـەی دڵداریـەتـی کـە پـێکـەوە هـەڵاتـوون و چوونەتە کۆیستان، وە کاربەدەستانی ئەو ڕۆژە سوارەیان دواخستوون بۆ گرتنیان. لەم لاوکەدا حەسەن باسی ئەوە دەکا کە شوێنەکەی ئەو و فاتمە شوێنێکی سەختە و دوژمن دەسی پێیان ناگا، وە بڕیار دەدا هەموو ئەوانە بکوژێ کە لە دووی دەگەڕێن، وە لەگەڵ فاتمەدا بچێ بۆ وڵاتی دین دوژمنان.

**حەسەنێ فاتمێ دگۆ:**

لێ وایێ[١]. لێ وایێ. بسەرێ کۆلتۆرا[٢] وێران کەتم، وا بلندە. تیپەکی سواری بزینا[٣] گران هاژوا[٤] بندا. کچێ فاتمێ ڕابە چەگلێ من بکشینە سە عەینی دارێ جان بێزارێ. منێ سوند خوارییە بقورعانێ شەریف، بشێخ تولەعی[٥] بەری مالێ بمەلا خەلیلی[٦] لزۆزانێ، بتەلاقی ژن بەردانێ، هەر گاوەکی چـەگلـێ خـۆ بـکشیـمـە سەعـەینـی داری جـان بـێزارێ، بکوژم قـایمقـامـێ زەوقێ[٧]، مدیرێ دەیجوونێ[٨]، حاکمێ دەیرەبوونێ[٩]، بەیداخدارێ ڕۆمێ،

---

١– لێ وایێ: وشەیەکە سەرەتای هەندێ لاوکی پێ دەکرێتەوە. ئەم لاوکەش بەناوی ئەم وشەیە ناونراوە.

٢– کۆلتۆر: ناوی چیایەکە.

٣– بزینا: بەغار.

٤– هاژوا: ڕۆیشتن.

٥– شێخ تولەع: ناوی پیاوچاکێکە گوڕستانەکەی زیارەتگایە.

٦– مەلا خەلیل: ناوی پیاوچاکێکی ترە.

٧– زەوق: ناوی شارێکە.

٨– دەیجوون: ناوی شارێکی ترە.

٩– دەیرەبوون: شارێکی ترە.

جەنجۆیێ[١٠] عـەسەن. سەرێ هـەر سێ کـوڕێ دوژمـن وێرا. ڕابـم چـەگـلـێ فـاتمێ بگرم و برەوینم بمەملەکەتێ دغـەزایێ[١١]. سینگێ فـاتمێ دەلال دانێم بکەمە بـەرمـال، خۆ بکەمە کۆخوایە هـەموو گوندا.

**حەسەنێ فاتمێ دگۆ:**

لێ وایێ. لێ وایێ. بسەرێ کۆلتۆرا وێران کەتم، وا بـەری لاتێ[١٢]. تیپەکی سواری بزینـا گران وا پێدا دێ. فـاتمێ تو ڕابـە چەگلێ من بکشینـە سە عەینی داری جـان بێزارێ. منێ سوند خوارییە بقورعـانێ شەریف، بشێخ تولـەعی بەری مـالێ، بمەلا خـەلیلێ لزۆزانێ، بتەلاقێ ژن بەردانێ، هـەر گـاوەکی چەگلێ خۆ بکشینمە سە عەینی دارێ جـان بێزارێ، بکوژم قـایمقـامێ زەوقێ، مـدیرێ دەیـجوونـێ، حـاکمـێ دەیرەبـوونـێ، بـەیداخدارێ ڕۆمـێ، جەنجۆیێ عەسەن. سەرێ هـەر سێ کوڕێ دوژمن وێرا. ڕابم چەگلێ فـاتمێ خۆ بگرم و برەوینم، بمەملەکەتێ دغـەزایێ. سینگێ فـاتمێ دەلال دانێم، بکەمە بـەرمـال، خۆ بکەمە کۆخوایە وی وەلاتی.

---

١٠– جەنجۆ: جـانجۆ، گیـانخواز. ئەوەی لـەسەری یەکێك بگەڕێ.

١١– مـەبـەس مـەملـەکەتی کـافرانـە کە بۆی دەچن بۆ غـەزا.

١٢– بـەری لاتێ: وا دیـارە (بـەری وەلاتێ) بووبێ و سووك کرابێتـەوە.

## لاوکی نووریی باویل ئاغا و سمایل بەگی ڕەواندز

نووریی باویل ئاغا و سمایل بەگ لە دوو بنەماڵەی ناودارن لە بنەماڵەکانی ڕەواندن، لە گریی سێیەمی ئەم سەدەیەدا ناکۆکییان لەنێواندا دەبێ. جارێکیان سمایل بەگ بە هەولێردا گوزەر دەکا سەباحی کوڕی نووری ئەفەندی کە لەو کاتەدا لەوێ قوتابی بووە دەیبینێ، وە چونکە دەستی ڕاستی دومەڵی پێوە بووە بە دەستی چەپ دەیداتە بەر دەمانچە، بەڵام هەر برینداری دەکا. سەباح دەگیرێ و حوکمی بەندکردنی دەدرێ. لەم لاوکەدا باوکی سەباح نارەحەتیی خۆی لەوە دەردەبڕێ کە بۆچی سەباح سمایل بەگی بەتەواوی نەکوشت. سەباحیش هاوار دەکاتە ماڵی خاڵوانی کە ڕێ بە بنەماڵەی سمایل بەگ بگرن، وە لە دایکی بەولاوە کەسیان نەهێڵن، بەجۆرێ کە ژوورەکەی لەعلی خانی دایکی سمایل بەگ بکەن بە کادەن.

**نووری ئەفەندی دگۆ:**

ناچمە لیوایێ هەولێرێ، قشلا دەولەتێ، دەیارا[1] حوکمەتێ، مەکتەبا لسەرجادێ. ئاگرەك بەربووە دنیایێ، لمانگی بوارێ، برۆژی چارشەمێ. ئەورۆ سەرێ سێ رۆژە سمایل بەگی رەواندزێ لگەل مە مەحکەمە بوو لسەرایێ.

**نووری ئەفەندی دگۆ:**

خۆزیا سەباح لمن نەبا. لحەمبالێ هەولێرییان با. دەبانچێ دەستێ سەباح میسالێ بارانێ شەش گوللە با. یەدەکەکی ڕەساس دابا بەر بەژنێ سمایل بەگی رەواندزی لجێگا برینا جۆت گوللە با، هەنگێ حوکمەتێ کوبرییا[2] خەمێ بابێ تە با.

---

١- دەیار: دائیرە.

٢- حوکمەتێ کوبری: مەحکەمەی کوبرا.

سەباح دگۆ:

بابۆ دەبانچێ دەستی من میسالێ بارانی شەش گوللە بوو. منی یەدەکەکی ڕەساس دابووە بەر بەژنێ سمایل بەگی ڕەواندزێ، لجێگا برینا چوار گوللە بوو. دەستێ ڕاستم کولك[٣] لێ هاتبوو بدەستی چەپە نخێوامێ[٤]، ئاغایۆ فائیدە نەبوو.

نووری ئەفەندی دگۆ:

وەز نووریمە، بابێ تەمە. مێران دکوژم، دەرگان دسمم، دکەمە کۆلان. دەنگۆ ڕابن لتێلان[٥] دەن، تێلان بوکشینن[٦] لبۆ پایتەختێ لبەغدایە، قەزایێ دهۆکێ، قایمقامێ لزاخۆیێ، ئەورۆ سەری چەند ڕۆژە سمایل بەگی ڕەواندزێ لگەل عەلییا برایێ ڕاوەستان لسەرایێ، دکەن تەگبیران لگەل ڕایێ. چ بکەم سەباحی چاوبەلەك حەفت سالا حوکم دایێ.

سەباح دگۆ:

هاوارە خالۆ. هاوارە بابۆ. ئەنگۆ ڕابن لبۆ من خەبەرەکی بدەنە خدری حەمەدەشینی سەرچیایە، بۆسەکی[٧] دانێتە بەردا بایزێ، بەردا بازنێ، کەلکا دێرونا، دۆلا لێشاوا[٨]، چ گاوا حەسەنێ برا دەستێ خۆهەلنەگرێ لسەر دارێ جان بێزارێ، بلا ببرێ تۆیێ مێران، تۆیێ شێران دلۆ[٩] لدنیایێ. هەنگێ ڕابم هۆدێ (لەعلی خان) تێدا بکەمە کادینی کایێ.

---

٣– کولك: دومەڵ.

٤– نخێوامێ: بۆم نەگونجا.

٥– تێلان: تەلەفۆن.

٦– بوکشینن: لێ بدەن.

٧– بۆسە: سپێر، کەمین.

٨– ئەم ناوە و ناوەکانی پێشەوە، هەموو ناوی شوێنن.

٩– دلۆ: بەشێوەی کرمانجی لە باتیی (فلان)ی سۆرانی بەکاردێ.

## لاوکی بەربوورە

لەم لاوکەدا کوڕ و کچی دڵدار بەسەر ناوچەکەی خۆیان و بارانی بەهار و خۆشەویستی و ئافرەتانی مەڕدۆشدا هەڵدەدەن، کە دەچن بۆ داکوتاندنی ڕەشماڵی بەهار. کوڕ ئەوەشی لەیاد ناچێ کە دوعای شەڕ بکا لەو وەستایە کـە بـازنـەکـەی پـێی یـارەکـەی دروست کـردووە، وای داڕشتـووە دەدا لـە قولەپێکانی و برینداریان دەکا.

**کوڕ دگۆ:**

بەربوورە. خۆش بەربوورە. تاوەکی بارانی ئەوەل بوارێ، لمانگی نیسانێ بارانەکی چەندێ هوورە[1]، دداتن لعاوییان و چەمان، لچیایێ مەقلووبێ شێخان، گەلیێ موحەمەد ڕەشاد، دبێژنێ[2] گەلییەکی قوولە. ژوانێ من و بەژنێ بلند، چاوێ بەلەك و دێمەکا بە گولی، دەقێ[3] سمایل بەگ، نیکەکی[4] بکەمەر، کەپووەکی بخەزێم، چار تلیان[5] ئەنگوستیلەی زێڕ تێدا، بێتەوە سەرکانییێ شێخ مەسوورە.

**کەچکێ گۆ:**

لاوکۆ، دینۆ، ئەتۆ ڕابە توافێ خارکان و خومرییا بەر بەژنێ بلند، چاوێ بەلەك و دێمەکا بەگولی. کەمخۆری دایمخۆر بە، ئەستێرا سەعەرێ سوبێدا بەری بەیانی هێشتا لمە دوورە[6].

---

١– هوورە: وردە.

٢– دبێژنێ: دەڵێن.

٣– دەقێ: ناوی دۆستەکەی کوڕەی لاوکبێژە.

٤– نیکە: ژوور کەلەکە کە پشتێنی بەسەرا ئەبەسترێ.

٥– تلی: پەنجە.

٦– مەبەستی لەوەیە پەلە مەکە گورج ئارەزووی خۆت بەجێ بێنی، وردە وردە خەریك بە، هێشتا زۆری ماوە ڕۆژ بێتەوە.

**کوڕ دگۆ:**

بەربوورە. خۆش بەربوورە. تاوەکی بارانی ئەوەل بوارێ، لمانگێ نیسانێ، بارانەکی چەندێ بڕنگەڕنگە[٧]، دداتن لعاوییان و چەمان، لچیایێ مەقلووبێ شێخان، لگەلییێ موحەمەد ڕەشاد، دبێژنێ گەلییەکی چەندێ تەنگە. ڕابن ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنە خاتوونان و زەرییان، ناسکە بێرییان[٨]، میسالا گولان و گولەبەندان، دەستێ خۆدانە تیل و تەشییێ خۆ، ئێواش ئێواش، سەبر سەبر، دەکوتن چیغان و ڕەشمالا لگەل هەرامە میراتە سنگە.

کوڕۆ وەستایۆ. چاوێ تە کۆرە بی، کوڕێ تە بمری، دەستێ تە بشکێ. ئەتو چاوە خڕخالێ کەچك دەلالێ من دڕ[٩] چێ کری، گۆزینگا[١٠] بریندارکە مەعبەینی هەردوو لینگا؟

---

٧– ڕنگەڕنگ: بەتاو.

٨– بێری: ئەو ئافرەتەیە کە بەهار لە ماڵ دەردەکەوێ بۆ پەز دۆشین.

٩– دڕ: زبر.

١٠– گۆزینگ: قولەپێ.

## لاوکی مێرەمێ

(مێرەم) یا (مریەم)، کیژێکی عیسایی بووە لەگەڵ لاوێکی موسوڵمان یەکتریان خۆش ویستووە. بەڵام باوکی نەیداوە بەو کورە. ئەم لاوکە لایەکی هەستی دڵی ئەم یار و دڵدارەمان بۆ دەردەخا.

**کوڕ دگۆ:**

دە یار. یار. یار مێرەمێ. یار مێرەمێ هەلالییە. قەسرێ مالێ بابێ مێرەمێ بلندە لمن چەند سپییە. ئەمن ڕابم دەستێ مێرەمێ بگرم و برەوینم، ببمە سەرێ زۆزانا ژۆری ببەفرە لمن وا بکەوییە.

**مێرەمێ دگۆ:**

ئەگەر داك و بابێ من ئەمنیان نەدا کوڕە لاوکێ خۆ، ئەمن ڕابم کۆمەلەکی سواران و عەگیدان لگەل خۆ بینم، سەرێ داك و بابێ خۆ ببڕم بشیرییا، ئەوجا بچمە سەر دینێ موحەممەدی، دینەکا بحەقە، حوسەینییە.

**کوڕ دگۆ:**

دەیار. یار. یار مێرەمێ. باب گاورێ داك عەجەمێ. وەز سەفەریمە، چەندێ دەڕۆم و ناڕۆم، ڕێیا مالا بابا مێرەمێ دوورە قەت ناگەمێ.

## لاوکی عەلۆی شێخ هادی

(فاتیمەی ئەفەندی) دۆستی (عەلۆی شێخ هادی)، لەم لاوکەدا بە ڕێبوارانی ڕێی (حومس) و (حەما)ی شام دەڵێ کە بە دڵدارەکەی بڵێن فاتیمە لە ماڵی باوکی پایە و قەدری نەماوە، وە دەیانەوێ بەشووی بدەن و لەوی بکەن. وە بەو نیازە ڕازاندوویانەتەوە. جا ئیتر خۆی و غیرەتی. بەڵکو بگاتە فریای و نەیەڵێ لە خۆی زیاتر بۆ کەس بێ.

**کەچکێ دبێژی:**

بشاما شەریف دکەتم وا لمن بگومەتە. ئەسپا عەلۆکا شێخ هادی ڕاناوەستی بقەیدان و زنجیران، زێدەباری[1] لغوربەتە.

**کەچکێ دبێژی:**

کوڕۆ. لاوکۆ. منێ لتۆڕو بەختێ تە و بابێ تەدامە. ئەتو دەچییە حوموسێ حەمایە، حەفت قۆناغ لخوار بەیتێ خودێوۆ، دەچییەوە ناو توجاران و توجارباشییان، ئاشقان و ماشقان. سێ جۆتە سەلاما لبەژنێ عەلۆکێ شێخ هادی بکەن، بلێن فاتمێ فەندی لمالا بابان نەقەدرە نەقیمەتە.

**کەچکێ دبێژی:**

بشاما شەریف دکەتم وا لمن بکنێرە. ئەسپا عەلۆکا شێخ هادی ڕاناوەستێ بقەیدان و زنجیران، زێدەباری دهەوسێرە[2].

**کەچکێ دبێژی:**

کوڕۆ لاوکۆ منێ لتۆڕ و بەختێ تە و بابێ تەدامە. ئەتو دەچییە حوموسی

---

١– زێدەباری: سەرەڕای.

٢– هەوسێر: هەوسار.

حەمایە، حەفت قۆناغ لخوار بەیتێ خۆدێوۆ، دەچییەوە ناو توجاران و توجارباشییان، ئاشقان و ماشقان، سێ جۆتە سەلاما لبەژنێ عەلۆکا شێخ هادی بکەن، بلێن فاتمێ فەندی لمالا بابان بتۆپزی ددەن مێرە[٣].

**کەچکێ دبێژی:**

بشاما شەریف دکەتم وا لمن بئاوە. ئەسپا عەلۆکا شێخ هادی ڕاناوەستی بقەیدان و زنجیران، زێدەباری دلغاوە.

**کەچکێ دبێژی:**

کوڕۆ لاوکۆ. منێ لتۆڕ و بەختێ تە و بابێ تەدامە، ئەتۆ دەچییە حوموسی حەمایە، حەفت قۆناغ لخوار بەیتێ خودێوۆ. دەچییەوە ناو توجاران و توجارباشییان، ئاشقان و ماشقان، سێ جۆتە سەلامان لبەژنێ عەلۆکا شێخ هادی بکەن، بلێن فاتمێ فەندی لمالا بابان سینگ بەدراوە[٤].

٣– ددەن مێرە: دەیدەن بەشوو.

٤– سینگ بەدراوە: واتە ڕازێنراوەتەوە و (دراو) دادووراوە بە سنگ و یەخەیدا.

## لاوكی یانێ

لە بەندی یەكەمی ئەم لاوكەدا، كچ خەبەری نەخۆشیی دۆستی دوورولآتی بیستووە، بڕیار دەدا كە ئەگەر هەواڵی نەزانێ هەموو خۆڕازاندنەوەیەك لە خۆی قەدەغە بكا، وە گفتی خەڵات و بەراتێكی زۆر دەدا بە هەر كەس كە مژدەی ژیانی كوڕەلاوی خۆی بۆ بهێنێ.

لە بەندی دووەمیشدا بۆمان دەردەكەوێ كە تۆز و گەردێك لە دوور دیار دەدا، هــەر كــەسێ دەڵــێ هــی شتـێكـە. بـەڵام كـچ دەڵـێ: هـی كـۆچ و بـاری دۆستەكەیەتی بەرەو خوار دەبێتەوە. كوڕەش لەولاوە بۆی دەسێنێتەوە كەوا ئاواتی گەیشتن بە یارەكەی دەخوازێ، وە بەسەریدا هەڵدەدا.

**كەچكێ دگۆ:**

هەر لهینێ هەتا وەلاتێ هینێ. ئەستێرەكی هەلدێ لبەری مەدینێ شەوقێ خۆ ددە لتیرێ بنێ بەڕی، دەشتێ عۆگنێ، كەلییا دیاربەكر، ڕۆن دكا شاری پیرە مسێبینێ[1].

**كەچكێ دگۆ:**

هەرچی نەدا جوابێ دەلالی، جوابێ ژینێ، منێ لخۆم حەرام بكەم خەنێ لنووكینێ[2]، كلێ لچاوینێ، بازنێ لزەندینێ، خرخالێ لپێیینێ، گوارەیێ لگێیینێ، خەزێمێ، لدفنكینێ[3]، ئەنگوستیلێ لقامكینێ. ئەمان هەرچی بدا جوابێ دەلالی، جوابێ ژینێ، بیدەمێ جوانە ماینەكی عەدنانی بەرماینێ.

ئـەگـەر بـەوەنـدی ڕازی نـەبـوو، مـنـێ بـیـدەمـێ پێنـجسەد سەر مـەڕی سەر

---

١– پیرە مسێبین: مەبەست شاری مێژوویی نوسێبینە.

٢– نووكینێ: پێشی سەر.

٣– دفنك: لووت.

دۆشینێ. ئەگەر بەوەندی ڕازی نەبوو، ڕابم دەستێ خۆ باوێمە بنێ بەڕییێ خۆ دەربینم کلیلێ حەفت ئاشی مالا بابێ خۆ وەکی دگەڕێ لبەر چەقچەقێ ئاوێ پیرە مسێبینێ. هە یانێ. هەدیەکێ لدلێ من بایەکی غەریب دێ ددا لهەر چار دیرەکی ڕەشمالێ مالا بابێ من هەلناگرێ کۆنەکی ڕەشی عەلەبییێ.

***

هە. یانێ. یانێ. گەوالەکی دهینا لناوەندێ عاسمانێ، هەندەکا دگۆ بایە، هەندەکا دگۆ تەمە گرتی بەری ئاسمانێ. هەندەکا دگۆ ئەوە تۆزە تۆزێ سواران و عەنەزان و شەمەرانە. هەندەکا دگۆ تۆزێ چەقال و بەقالی موویسلییانە، هەندەك دگۆ تۆزێ مەڕی حاجی بەدرخانە. هەندەکا دگۆ نەخێر جیسرێ مووسلێیە خەراب بووە لبەر پێیێ یەخترمانە[٤].

هەندەکا دگۆ حەمێ مسێیە، کلێ چاوی نوورێیە وەکی فولووسێ وی نەچوویتە چ باغەلێ وەزیرێت خۆندکێرۆ[٥].

**کەچکێ دبێژێ:**

مانگۆ نزانن ئەوە نەبایە و نەتەمە گرتی بەری عاسمانە. نەتۆزێ سوارانە، نەتۆزێ عەنەزانە، نەتۆزێ شەمەرانە. نەتۆزێ چەقال و بەقالی مووسلییانە. نەتۆزێ مەڕی حاجی بەدرخانە. نەجیسرێ مووسلێیە خەراب بووە لبەر پێیێ یەخترمانە. نەحەمێ مسێیە، کلێ چاوی نوورێیە، فلووسێ وی نەچوویتە باخەلێ وەزیر و دخۆندکێرۆ. ئەوە تۆزێ دەلالییە مالا وی دەڕوا سەربەرەژێرۆ، بمن نەبێ بکەس نایتە خوێرۆ[٦].

---

٤– یەخترمە: عەرەبانە و ولاَخی عەرەبانە.

٥– خۆندکێرۆ: خوێندکار. مەبەست لە نووسەری میرییە کە خەرج و باج کۆ دەکاتەوە. واتە: حەمەی مسێ کە ئەوەندە ئازا و یاخییە هەرگیز خەرج و باجی نەداوە بە میری.

٦– خوێرۆ: خوارەوە.

**کوڕك دگۆ:**

هاوینه. گەلەکی گەرمە، شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ، ڕابمە توافیێ خارکان و خومرییا بەر بەژنی بلند، چاوێ بەلەك و دێمەکە بەگولی لکەیفێ دلێ خۆ گاوەکی بنووم لسەر سینگێ لکەیفێ دلێ منڕا چەندێ نەرمە.

**کچك دگۆ:**

هە یانێ. یانێ. هەدیەکێ لدلێ من بایەکی غەریب دێ ددا لهەر چار دیرەکی ڕەشمالێ مالا بابێ من هەلناگری کۆنەکی ڕەشی عەلەبییێ.

## لاوكی ئیستیكانی دەلال

(ئیستیكان) و (عەبدولكەریمی عەبدولعەمەر) دوو برا بوون، لە جەنگێكدا ئیستیكان دەكوژرێ. لەم لاوكەدا عەبدولكەریم براكەی دەلاوێنێتەوە و پێ خۆشحاڵیی خۆی لە بیستنی دەنگی تۆپ و تفەنگ پیشان دەدا، واتە شانازی بە جەنگ و سەرشۆڕنەكردنەوە دەكا، وە بە هۆزەكەی دەڵێ كە تا تۆڵەی براكەی نەسێنێ تفەنگەكەی دەستی دانانێ.

**عەبدولكەریم دگۆ:**

د دەلال و دەلال. ئیستیكانۆ دەلال. ئاغایێ مەڕۆ، خۆشاویستا بەرێ وی دلی[1]. بقەسرێ شیرینێ فەرعۆ[2] كەتم وا بكەرەنگا[3]. لگۆیێ[4] من خۆش دێ ڕەقینێ[5] وچك چاپان[6]، زیرڕژنێ[7] ماهووزەڕان، عەنگەعەنگێ[8] وەلقەداران، نالەنالێ مەترەلۆزان، قرمەیێ عەینەلییان، تفەنگێ وەدیەباشێ[9] دەستێ عەبدولكەریمێ عەبدولعەمەر، كاكێ (وەیپ)[10]، لاوێ

١- واتە: مەمرە، خۆشم دەوێیت.

٢- فەرعۆ: فەرهاد، ئەوەی نەخشەكانی بێستوونی بۆ شیرینی ئەرمەن هەڵكەندووە.

٣- كەرەنگ: كەرەند، لای قەسری شیرین.

٤- گۆ: گوێ.

٥- ڕەقین : وشكەتەقە.

٦- وچك چاپان: كوچك چاپ، جۆرە تفەنگێكە. هەروەها ناوەكانی پاشەوەش ناوی جۆرە تفەنگی ترن.

٧- زیرڕژن: زیرە، دەنگ.

٨- عەنگەعەنگ: ناڵەناڵ.

٩- وەدیەباش: هەدیەباشی، دیاریی شایان. جۆرە تفەنگێكە بۆیە وا ناونراوە زۆرباش و بەقابیلەتە.

١٠- وەیپ: خوشكی عەبدولكەریم بووە.

غازی[11]، بلا لسەرە خۆش دێتن دەنگە.

**عەبدولکەریمێ عەبدولعەمەر دگۆ:**

گەلی عەشیرەتان. چ گاوا لکوشتنێ ئیستیکانۆ دەلالدا نیمە. ئەما گەلەکی حەیفێ من دەمینێ سەر و سمێلا سووسنی، ئەورۆ سەرییێ سێ رۆژە لبن خاکی لخینا سۆر هەلدینێ ژەنگار. د دەلال و دەلال. ئیستیکانۆ دەلال. ئاغایێ مەرۆ، خۆشاویستا بەرێ وی دلی.

**عەبدولکەریمێ عەبدولعەمەر دگۆ:**

بلا گەلی عەشیرەتان شەرێ مە گەلەك خۆشە لچیا و چۆلا، وا لوێ ملەکا[12]. هەتاوەکو وێ رۆژێ نێمە کوشتن، چ جارا تفەنگێ وەدیەباشی دەستێ عەبدولکەریمی عەبدولعەمەر، کاکێ وەیپ، لاوێ غازی، بابێ ئەمین چ جارا بسەلامەتی را نایتە دەرێ. د دەلال و دەلال. ئیستیکانۆ دەلال. ئاغایێ مەرۆ، خۆشاویستا بەرێ وی دلی.

**عەبدولکەریمێ عەبدولعەمەر دگۆ:**

بقەسرێ شیرینێ فەرعۆ کەتم وا لهەورازی. لگۆیێ من خۆش دێ رەقینێ وچك چاپان، زیرژنێ ماهووزەران، عەنگەعەنگێ وەلقەداران، نالەنالێ مەترەلۆزان، قرمەیێ عەینەلییان، تفەنگێ وەدیەباشی دەستێ عەبدولکەریمێ عەبدولعەمەر، کاکێ وەیپ، لاوێ غازی، لنیوەکێ مەیدان، پیچەکی[13] دەرمانرا دەخوازی. شەرێ مە گەلەك خۆشە لچیا و چۆلا، وا لهەورازی.

---

١١– غازی: خۆشەویست، یا خێزانی عەبدولکەریم بووە.

١٢– ملەك: ملە و لاپاڵ.

١٣– پیچەك: کەمێك. تفەنگەکانی ئەوسا لە جیاتیی فیشەك باروتیان تێ کردووە و ئاگریان داوە.

**عەبدولکەریمێ عەبدولعەمەر دگۆ:**

گەلێ عەشیرەتان. ئەورۆ گەلەکی حەیفێ من دمینێ مەیتێ ئیستیکانۆ دەلال بکەلەك و گەمییان لئاوێ (دێر گولی) هات و دەربازکری. د دەلال و دەلال. ئیستیکانۆ دەلال. ئاغایێ مەڕۆ، خۆشاویستا بەرێ وی دلی.

## لاوکی میرۆ

ئەم لاوکە پەردەمان بۆ لادەدا لە ڕووی گۆشەیەك لە بێزاریی نەتەوەی کورد لە داگیرکەرانی عوسمانی. لەم لاوکەدا دەردەکەوێ کە میرۆ ناوێکی سەرداری کورد لە ناوچەی جزیرە و بۆتان لە تورکەکان یاخی دەبێ، وە لەشکرێکی گەورەی تورك بەسەرکردەیەتیی عەلی عوسمان پاشا ناوێك دێتە سەری. لەو شەڕەدا نەجیم، یا نەجیبی برا گچکەی میرۆ دەکوژرێ، وە لەشکری تورك قەڵاکەی میرۆ ئابڵووقە دەدا، پاشان میرۆش دەگیرێ. خەڵەف ئاغا ناوێك کە یەکێك بووە لە گەورەکانی ئەو ناوچەیە دەسەوداێنی عەلی عوسمان پاشا دەبێ کە دەستی میرۆ کەلەپچە نەکا.

***

د لێلێ میرۆ. د لێلێ میرۆ. بخانا[1] مەزن کەتم وا لدەوێ ڕێیۆ[2]، شادا شوودێ[3]، سامێ لۆتی[4]، نێلیێ مەیمۆ، لمە هاتە کوشتن نەجیم با برایێ گچکە. ئەنگۆ ڕابن خەبەرەکی لۆ من بدەنە مشووریێ[5] بەغدایێ، لچەمێ وەمزەقێ لدەولەتێ بوو عاسیۆ. لگۆیە من خۆش دێ دەنگێ تۆپان و جبەخانا عوسمان پاشا. خۆش دێ دەنگێ لدوومە دێ. فەرمانێ سەرێ بابێ تیلیێ بەگ هات لدەولەتێ. ڕەببی خودێ خەرا بکا وەلاتێ جزیرێ بۆتان، برەکی ڕۆمێیێ کۆن سۆر کەتێ. خودێ کارێ ڕۆمییان ڕاست نەینی

---

١– خانا: خانوو.

٢– دەوی ڕێیۆ: دەمی ڕێگە.

٣– شادا شوودێ: شەهادەتی شوهوود، شایەتیی شایەتان.

٤– سامێ لۆتی: سیامەندی لۆتی. واتە: ئەمانە شایەتییان دا و ئاگاداریان کردم.

٥– مشووریێ بەغدایێ: مشیری بەغدا. مەبەستی لە میرۆیە کە بەهۆی یاخیبوون و بەگوێی حوکومەت نەکردنییەوە شویهاندوویە بە فەرمانڕەوای بەغدا.

وەکی لمە تێك ددەن جێیێ حێلان و هەر چار عەشیرەتێ.

بخانا مەزن کەتم دێرگولا خۆش دێرگولا. حەڕانێ[٦] بەدریخان سۆرە وەکی پەلکی گولا. لەشکرێ عوسمان پاشا هات لئاوێ ڕێ سۆرێ پەڕییەوە خێوەت و بارەگایێ هەلدا بەرامبەر قەلاتێ (ئاوڕوخ)ێ مقابلا.

وەکی بەدریخان زانی ئەو خەبەر، دەکا گرینەکێ بە گرینێ دل بەکولا. لگۆیە مە خۆش دێ دەنگێ تۆپان و جبەخانا عوسمان پاشا، خۆش دێ دەنگێ لدوومە دێ. فەرمانێ سەرێ بابێ تیلیێ بەگ هات لدەولەتێ. ڕەببی خودێ خەرا کا وەلاتێ جزیرا بۆتان، برەکی ڕۆمیێ کۆن سۆر کەتێ. خودێ کارێ ڕۆمییان ڕاست نەینی وەکی لمە تێك دان جێیێ حێلان و هەر چار عەشیرەتێ.

بخانا مەزن کەتم وا بدارێ جەمەدە[٧]. خەلەف ئاغا جەلەوێ وەسمان پاشا گرت و بەرنەدە. کوڕۆ وەسمان پاشا لبەختێ بابێ تە دامە دەستێ بابێ تیلیێ بەگ لدارێ کەلەپچێ مەدە. لگۆیە مە خۆش دێ دەنگێ تۆپان و جبەخانا عوسمان پاشا. خۆش دێ دەنگێ لدوومە دێ. فەرمانێ سەرێ بابێ تیلیێ بەگ هات لدەولەتێ. ڕەببی خودێ خەرا کا وەلاتێ جزیرا بۆتان، برەکی ڕۆمیێ کۆن سۆر کەتێ. خودێ کارێ ڕۆمییان ڕاست نەینی وەکی لمە تێك دان جێیێ حێلان و هەر چار عەشیرەتێ.

---

٦- حەڕان: لووتەوانە.

٧- بدارێ جەمەدە: مەبیوە بە دار و درەختەوە. مەبەستی لەوەیە کە خانووەکە کەوتووەتە ناو دارستانێکی چڕەوە وەك پێیەوە مەییبێ.

## لاوکی ڕۆمی

لەم لاوکەدا ئەحمەد چەچانی خزمەتکاری ماڵی عەلی ناوێك، دڵی بە مریەمی خوشکی خانە خوێکەیەوەیە، بەڵام ئەو دڵی لەگەڵ ئەمدا نییە.

ئەحمەد چەند جار شەوان دەچێتە سەرجێی مریەم و هەوڵی لەگەڵ دەدا، تا دڵی نەرم دەکا و وای لێ دێ لە بن و بنەچەی دەپرسێ. ئەنجا داوای لێ دەکا کە هەڵی گرێ و بیفڕێنێ.

**کوڕۆ دگۆ:**

ببالەخانا مەیرەمێ کەتم، شووتی، وا لدەوی جۆیە. بڕەکی سوارەی شێخان و عەنەدۆلییان دکەتنە وەلاتێ جزیرێ بۆتان، گرتیان کوێخا و موختار گەل کەوخۆیا.

**مەیرەمێ دگۆ:**

دایــە، شەوێ، لسێبـــارا نـیـوەشەوێ، دەستــەکــێ سڕی ساردی سەقــەڕی[1] قرمایی[2] بسەر سینگ و مەمکێ مندا هاتە سەر زەرد لیمۆیە.

**مەیرەمێ دگۆ:**

کوڕۆ تو لە چ دگەڕێی ئەحمەدۆ؟

**کوڕۆ دگۆ:**

کەچێ مەیرەمێ، منێ دگەڕێم لتوورەکەی ماینێ عەلی. جۆ بدەمە ماینێ عەلی.

---

١– سەقەڕ: سارد.

٢– قرمایی: مەییو.

ئای ڕۆمی[3]. ڕۆمی. توجاریێ[4] ڕۆمییان دووره. ئاغا چ دکه ناکەم ڕۆمیاتییێ.

**مەیرەمێ دگۆ:**

دایه، ئەو شەو نا، شەوەکا دینیێ[5]، دەستەکی سڕی ساردی سەقەڕی قڕمایی بسەر سینگ و مەمکێ مندا هاته بن نوێنیێ.

**مەیرەمێ دگۆ:**

کوڕۆ ته له چ دگەڕێی ئەحمەدۆ؟

**کوڕۆ دگۆ:**

کەچێ مەیرەمێ، منێ دگەڕێم لجەلەوێ وان ماینێ. ئای ڕۆمی.. ڕۆمی.. توجاریێ ڕۆمییان دووره. ئاغا چ دکه ناکەم ڕۆمیاتییێ.

**مەیرەمێ دگۆ:**

کوڕۆ: ئەحمەدۆ، ڕابه بزانم ئەسل و نەسەبێ ته چییه؟

**کوڕۆ دگۆ:**

کەچێ مەیرەمێ، من لقەیدێ حوکمەتێڕا چەچانم. لناو عێل و عاشیرەتێ خۆ من مەشوورم (کۆرمستۆ)مه.

**مەیرەمێ دگۆ:**

کوڕۆ، ئەحمەدۆ، ڕابه چەگلێ منێ غەریبێ بگره، بڕەوینه.

---

٣– ڕۆمی: نۆکەر، بەنده.

٤– توجار: ئیش و کار.

٥– شەوەکا دینیێ: شەوەکەی تر، دوێنی شەو.

سەریێ چەند سالە منێ کچ  بم لمالا بابێ خۆ. دلێ من تەحەباندی[6]، هەر لۆ تومە.

**کورۆ دگۆ:**

ئای ڕۆمی.. ڕۆمی.. توجاریێ ڕۆمییان دوورە. ئاغا چ دکە ناکەم ڕۆمیاتییێ.

٦– حەباندی: خۆش ویست.

## لاوکی سەدیقۆ لاوۆ

سەدیق و خەجیج کوڕ و کچێکی دۆست و دڵدار بوون. سەدیق خەجیج هەڵدەگرێ و پەنا دەباتە بەر مەولوود کۆیی ناوێك. مەلا سەعید ناوی مامی کچە شوێنیان دەکەوێ. مەولوودی پەنادەر بە فارسی کوڕی دەڵێ پارێزگاریی سەدیق بکا نەوەکی تووشی شتێك ببێ. بەڵام مەلا سەعید دەتوانێ سەدیق بکوژێ. خەجیج سەدیقی تازە مێردی دەلاوێنێتەوە و غیرەتی موحەمەدی برای دەبزوێنێ کە تۆڵەی کاکی بکاتەوە.

ئەم لاوکە ئەم کارەساتەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

دە مەنال مەنال.. کورکۆ سەدیق تو مەنالینە.. من گۆ: کێ بوو، کێ نەبوو سەدیقێ چاوکاڵ کوشت، مەلا سەعیدێ وی بێ دینە.

**مەولوود کۆیی دگۆ:**

کوڕێ من فارس ئەو شەوە شەوەکە تاریکە، بتۆز و بایە. تو ڕابە نۆبەتێ بگرە بیەقینە.

**فارس دگۆ:**

کوڕۆ. بابۆ. ئەو شەو شەوەکی گەلە تاریکە، بتۆز و بایە، منێ نزانم نۆبەتێ بگرم لمەڕ و مالە یا لجۆخینە؟

**مەولوود کۆیی دگۆ:**

حەیفێ من نامینێ دێتە کوشتن سەدیقێ چاوکال، بەلێ حەیفێ من دمینێ لپاش سەدیقێ چاوکال بجێ دما جۆتەکا مال و ژنە. د مەنال. مەنال. سەدیق تو مەنالینە. کێ بوو، کێ نەبوو سەدیقێ چاوکال کوشت؟ مەلا سەعیدێ وی بێ دینە.

خەجیجێ دگۆ:

منێ ڕابم پاشێ سەدیقێ چاو بەلەك، بەرێ خۆ بدەمە چۆلێ، سەرێ خۆ بکەم شینە. د مەنال. مەنال. سەدیق تو مەنالینە. کێ بوو کێ نەبوو سەدیقێ چاوکال کوشت؟ مەلا سەعیدێ وی بێ دینە.

من گۆ: کێ بوو، کێ نەبوو دوو خەنجەران دابوونە بەر بەژنێ سەدیقێ چاوکال؟ مانگۆ نزانن ئەو کافرێ وی بێ دینە!

خەجیجێ دگۆ:

کوڕۆ. محەمەدۆ. تو ڕابە سوندەکی بخۆ بگۆڕێ سەدیق، بتەلاقێ هەردوو ژنا، سەرێ خۆ مەکە سەر چ بالیفا، تا خینێ سەدیقێ چاوکال ڕا نەستینی.

د مەنال. مەنال. کورکۆ دینۆ تو مەنالینە... مانگۆ نزانن بەرێ دوو ژنان لپاش سەدیقێ چاوکال یەتیم بوونە؟

## لاوکی وەی لێ وایێ

لەم لاوکەدا کیژ بە دۆستەکەیدا هەڵدەدا کە نەخۆش بووە، وە هەستی خۆی بەرامبەر شۆخی و لاویەتی و جوامێریی ئەو دەردەبڕێ.

وەی لێ وایێ. وەی لێ وایێ. بەژنێ تو گەلەکی زراوە، هەلنایە لبەر تۆقان و تەلسمان، دووبارە هەرامە زێڕی لدنیایێ. هەر کوڕەکی لسەر کچکەکی بقابەتمان[١] بێتە کوشتن شەهیدە لشەهیدێ کەربەلایێ.

**کەچکێ دگۆ:**

منێ لپاش کوڕە لاوکێ خۆ نەمینم ئاخ لدنیایێ. منێ بسەرێ چیایێ قەرەچۆغا ڕەنگین کەتم، چەندی چیایەکی بێ قەزا و بەلایە، لدنیایێ. چ بکەم کوڕە لاوکێ من نەخۆشە وا لناو نوینێ. ڕابن جێی کوڕە لاوکێ من چێ بکەن لتاق و پەنجەرێ لۆ لعەوایێ.

**کەچکێ دگۆ:**

منێ ڕابم کوڕە لاوکێ خۆ بگێرم لسەر حەکیمان و تەبیبان وا لدنیایێ. ئەگەر کوڕە لاوکێ من چێ نەبوو لسەر حەکیمان و لوقمان و تەبیبێ لدنیایێ، ڕابم کوڕە لاوکێ خۆم باوێمەوە قاپییێ غەوسەکەی مال لبەغدایێ. ئەمان ئینشەڵا لبۆ کوڕە لاوکێ من دێ شفایێ. ئاخ دلۆ هەی وایێ[٢]. لپاش کوڕە لاوکێ خۆ نەمینم لدنیایێ.

**کەچکێ دگۆ:**

منێ بسەرێ چیایێ قەرەچۆغا ڕەنگین کەتم چیایەکی چەندی پانە. کوڕە لاوکێ من سوارە لهەدبانە. هەوریـیەکی سۆری لسەرانە، دەمانچەکی

---

١- بقابەتمان: بە بەقا و متمانە. جێ بڕوا.

٢- هەی وایێ: هاوار.

چاردەخۆر لنێکانە، شەرواڵەکی دەمەرقۆپان للینگانە، خەلك و عالەمێ گوندێ مە دبێژن مێوانی ئەنگۆ شوانە یانە گاوانە؟ ما چاوێ ئەنگۆ کۆر بوونە نازانن کوڕە پاشایەکی نوور موحەممەدی ڕۆمی لمەڕا میوانە؟

وەی لێ وایێ. لپاش کوڕە لاوکێ خۆ نەمینم لدنیایێ.

## لاوکی خەلیل بەگ

هەبوو، نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو. کەس لە بەندەی خراپ ڕووڕەشتر نەبوو. میرێکی کورد هەبوو ناوی حەسەن پاشا بوو، ئەم میرە برازایەکی بووە خەلیل بەگی ناو بووە. خەلیل بەگیش نۆکەرێکی یەزیدیی بووە ناوی (خەلۆك) بووە. ماڵی حەسەن پاشا لەگەڵ ماڵی تەمەر ئاغا، کە ئەویش میرێکی تری کورد بووە، ناکۆك بوون، چونکە پێشان تەمەر ئاغا هەموو ساڵێ خەرج و باجی بە حەسەن پاشا داوە، بەڵام لە پاشاندا خۆی لێ یاخی کردووە و ملی بۆ نەخەواندووە و خەرج و باجە ساڵانەکەی لێ بڕیوە. تەمەر ئاغا کچێکی قۆزی دەبێ لە کوردستانی ڕۆژاوادا بەناوبانگ دەبێ. ناوبانگی شۆخیی ئەو کچە کە ناوی (تەنیاپەری) بووە بەرگوێی خەلیل بەگی برازای حەسەن پاشاش کەوتبوو، هەروەکو تەنیا پەریش ناوبانگی جوامێری و لاویی خەلیل بەگی بیستبوو.

ڕۆژێك لە ڕۆژان حەسەن پاشا بانگ دەکاتە خەلیل بەگی برازای و پێی دەڵێ خەلیل تۆ کوڕێکی بێ غیرەتی، ئەگەر بێ غیرەت نەبوویتایە ئەو ساڵ ئەوە دە ساڵە ماڵی تەمەر ئاغا خەرج و باجی ساڵانەیان بڕیوە و ناماندەنێ، لەشکرێکت هەڵدەگرت و دەتدا بەسەر ماڵی تەمەر ئاغادا تۆڵەی ئەو یاخیبوونی دە ساڵەت لێ دەکردەوە. خەلیل بەگ بەم قسەیەی مامی پەست دەبێ چونکە سووکیی خۆی تێدا دەبینێ، دەڵێ مامە لەشکرم ناوێ، تەنیا خەلۆکی خزمەتکارم لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم و دەڕۆم، یا سەرم ناگێڕمەوە دواوە، یا خەرج و باجی ئەو دە ساڵە هەمووی لێ وەردەگرم، وە بە جۆرێ لووتی دەشکێنم جارێکی تر ببڕای ببڕ نەتوانێ ملی یاخیگەری هەڵپێچی. ئەمە دەڵێ و بانگ دەکاتە خەلۆکی خزمەتکاری ئەسپەکەی بۆ ئامادە بکا. جووتە سوار دەکەونە ڕێ، دەڕۆن، زۆر دەڕۆن، کەم دەڕۆن ناوەستن تا

دەگاتە شوێنێك لە دوور كۆمەڵە دەوارێك هەڵدراوە، لەنێویاندا دەوارێكی ڕەنگاوڕەنگ هەیە هەر تەختەیەكی لە ڕەنگێكە. خەلیل بەگ بە خەلۆكی خزمەتكاری دەڵێ بچێ بزانێ ئەو دەوارە ڕەنگاوڕەنگە لەناو ئەو هەموو دەوارانەدا هی كێیە. كە خەلۆك و دەگاتە پێش دەواری ڕەنگاوڕەنگ كچێكی لە شەكر شیرینتر، لە مانگی چواردە بەتاراتر ڕاست دەبێتەوە، نەبخۆی نەبكەی هەر تەماشای قەد و باڵای بكەی. ئەو كچە تەنیاپەریی كچی تەمەر ئاغا دەبێ. تەنیا پەری جڵەوی ئەسپەكەی خەلۆك دەگرێ و فەرمووی لێ دەكا دابەزێ. خزمەتكار لەتاو جوانیی كچە ئاگای لە خۆی نامێنێ، لە ئەسپەكەی بەردەبێتەوە خوار و لە هۆشی خۆی دەچێ.

تەنیا پەری بە هەڵەداوان دەچێ پەرۆیەكی بۆ ئاگر دەدا و بۆ سۆكەی دەكا بە لووتیدا هۆشی دێتەوە بەری، دەیباتە ژێر دەوار جێی بۆ ڕادەخا و دای دەنێ.

كە هەڵدەسێتەوە لێی دەپرسێ ئەو سوارەی تر كێ بوو بەجێت هێشت؟ خەلۆك وەرامی دەداتەوە خەلیل بەگی برازای حەسەن پاشایە هاتووە ماڵی بابی تۆ تالان بكا و شوێن دەوارتان بكا بەپیاز، چونكە ئەوە دە ساڵە یاخی بوون و خەرج و باج نادەن. تەنیا پەری كە دوور بەدوور ناوبانگی خەلیل بەگی بیستبوو بە خەلۆك دەڵێ هەستێ بچێ خەلیل بەگ بانگ كا بۆ لای دابەزێ بحەسێتەوە. خەلۆك لەگەڵ خەلیل بەگی ئاغای ناپاك بوو، دەیزانی ئەگەر خەلیل بەگ چاوی بە تەنیاپەری بكەوێ شەیدای دەبێ و دەیخوازێ و تەمای خۆی دەبێ بەهیچ. بۆیە بڕیار دەدا هەر چۆنی كردووە نەیەڵێ بیبینێ. كە دەگەڕێتەوە لای خەلیل بەگ لە وەرامی پرسیاریدا لە خاوەنی دەواری ڕەنگاوڕەنگ، دەڵێ: كچی پیرەژنێكی جادووگەرە، ڕەشكەڵەیەكی چەق و ڕەقی باریكە پەلكەی بەسەرەوە نییە. هەموو وەختێ وەختی خوایە. كاتێك كە خەلۆك و خەلیل بەگ ئەو قسانە دەكەن، فێنكیی سبەینان دەبێ،

تەنیا پەری گوێی لێ دەبێ کە خزمەتکاری بەدکار چۆنی باس کرد لای ئاغای. ویستی بەندێکی بۆ هەڵدا لەبارەی خۆیەوە، تا گوێی لێ بێ. وتی:

– *کوڕۆ. بەگۆ. خەلیل بەگۆ. ئەتو زۆر منداڵی. ئەتو نازانی قسەی خزمەتکاری تۆ ڕاست نینە. تو وەرە جڵەوێ هەسپێ خۆ بابدەوە، ڕوو بکە خیوەتێ ڕەنگاوڕەنگە، تا سەرێ خۆ کۆت کەم لە پێش چاوێ کوڕە لاوکی خۆ. کەزییا سەر ملێ من بیست و سێنە. تو وەرە بە چاوێ خۆ من ببینە.*

خەلیل بەگ کە گوێی لەمە بوو، شەرمی بەخۆ هات بچێ بۆ لای کچەکە. ڕاست ڕووی کردە دەواری دیوەخانی ماڵی بابی تەنیا پەری.

دەوار چۆڵ بوو، کەسی تێدا نەبوو. تەمەر ئاغا لەگەڵ لەشکری خۆی چووبوو بۆ ڕاووشکار. تەنیا پەری کە بەوەی زانی، دەوارەکەی بە کارەکەرەکانی پێچایەوە چوو لە بەرامبەری دەواری دیوەخانی ماڵی باوکیدا هەڵی دا.

کارەکەرێکی ناردە لای خەلیل بەگ کە خزمەتکارەکەی بنێرێ سنگی دەوارەکەی بۆ بگرێ تا دای کوتێ. لە خەلۆك وابوو تەنیاپەری حەزی لێ کردووە بۆیە ئەم بیانووەی دۆزیوەتەوە. گورج ڕای کرد بۆ لای تەنیا پەری. مەبەستی تەنیا پەری ئەوەبوو بە کارەکەرەکانی بڵێ تێڵاترێنێکی چاکی بکەن، بەڵام بیری کردەوە کە لەوانەیە خەلیل بەگی لێ زوێر ببێ، سەرەڕای ئەوە کە بۆ ئەستاندنی خەرجی دە ساڵ هاتووە. دەستی بۆ خەلۆك درێژ نەکرد و ڕاستەوخۆ ناردییە دواوە. ئەوجا بە کارەکەرەکانی گوت کە چاك وایە نیوەڕۆ بنێرین بەدوایدا بێت بێرەمان لەگەڵدا بکا. کە هات چاوێکتان لێ هەڵدەتەکێنم، لەناو مەڕەکاندا بیدەن بەزەویدا، کەس چاوی لێ نابێ، کام لای دێشێ بیکوتن. ڕانەمەڕی ماڵی تەمەر ئاغا سێ هەزار سەر بوو، کە کاتی مەڕەبێرە هات ناردیان بەدوای خەلۆکدا بێت یارمەتییان بدا. لەسەر داوای تەنیا پەری خەلۆك هات و دەسی کرد بە مەڕەبێرە لەگەڵیاندا، بەڵام

ئەوان لەبەر قسە ئاگایان لە خۆیان نەما تا گەیشتنە ناوەڕاستی ئیش. تەنیا پەری بە گۆشەی چاوی سەیرێکی کارەکەرەکانی کرد، لە خەلۆك ڕاست بوونەوە، بەڵام خەلۆك کەوتە فریای خۆی، لە دەسیان هەڵات و لەناو مێگەلەکەدا خۆی شاردەوە، کارەکەرەکان پێیان نەزانی، کە مەڕەبێرە تەواو بوو کارەکەرەکان چوونەوە ناو دەوارەکانیان، خەلۆکیش گەڕایەوە بۆ دیوەخان بۆلای ئاغای. خەلیل بەگ کە بە کەلوپەلی شێواو و سەر و گوێلاکی تۆزاوییەوەی دی لێی پرسی: بۆچی وای لێ هاتووە؟ بەڵام ئەو نەیوێرا ڕاست بڵێ و درۆیەکی بۆ دۆزییەوە.

ئێوارە وەختان تەمەر ئاغا گەڕایەوە لە ڕاو. پێش ئەوەی بگاتە جێ دیتی دوو وڵاخ لەپێش دەواری دیوەخان بەسراونەتەوە. لە دەس و دائیرەکەی پرسی: کوڕینە، چۆن لە خاوەندی ئەو دوو وڵاخە تێ دەگەن؟ من لام وایە بە قەسدی سەری من هاتوون، دڵم خەبەری داوە.

لە ترسا نەیوێرا ڕوو بکاتە دیوەخان، لەبەر دەوارەکەی تەنیا پەریدا هاتە خوار. لە کچەکەی پرسی ئەو میوانانە کێن و بۆچی هاتوون؟ تەنیا پەری وتی: بابە. ئەوە خەلیل بەگی برازای حەسەن پاشایە بە میوانی هاتووەتە دیوەخانی ماڵی بابی من. بەڵام بابە ئەتۆ وا دیارە زۆر دەترسی. بڕۆ بەخێرهاتنی لێ بکە. ئەگەر خەلیل بەگ هیچ قسەیەکی کرد، تۆ بڵێ: میوان یاخوا بەخێربێی بەسەرچاوان، ئەوا تەنیا پەریی کچی خۆم پێشکێش کردی. تەمەر ئاغا هەڵسا چوو بۆ دیوەخان و بەخێرهاتنی خەلیل بەگی کرد. زۆری پێ نەچوو خەلیل بەگ هەستایە سەرپێ دەستی دایە مەسینە بچێ دەس بە ئاو بگەیەنێ.

خەلۆکی خزمەتکاریش لەگەڵی هەستا مەسینەکەی بۆ هەڵگرت. خەلۆك چونکە نیازی لەگەڵ ئاغای چاك نەبوو، ویستی نەیەڵێ تەمەر ئاغا و خەلیل بەگ یەك بکەون، پێی وت: ئاغەم کە گەڕاینەوە تەمەر ئاغا سێ جار تەنیا

پەریت پێشکەش دەکا، بەڵام تۆ پەسەندی مەکە. کاتێك کە هێشتا خەلیل بەگ لەسەر ئاو بوو، تەمەر ئاغا بە دەوروبەرەکەی وت: ئەریٚ خەڵکینە، ئەم کوڕە چەند ساڵە ڕووی نەکردووەتە دیوەخانی من. وا ئێستا هاتووە، چی بەقابیل دەزانن پێشکەشی بکەم؟ کۆمەڵەکە بەجاریٚ وتیان ئاغە پێی بفەرمو: یاخوا بەخێر بێی، تەنیا پەریی کچم شاباشی بەرپێت بیٚ. کە خەلیل بەگ هاتەوە و دانیشت تەمەر ئاغا پێی وت: کوڕم یاخوا بەخێر بێی، وا تەنیا پەریی کچم کرد بەشاباشی بەر پێت. خەلیل بەگ وەرامی دایەوە: مامە وا قبووڵم کرد تەمەر ئاغا بانگی دوازدە مەلا و دوازدە فەقێی کرد، بە ئەمری شەرع تەنیا پەرییان لە خەلیل بەگ مارە بڕی. حەوت شەو و حەوت ڕۆژ لە ماڵی خۆیا دەهۆڵ و زوڕنای بۆ کوتا و بووکی بۆ گواستەوە، دوور لە هەموو دەوارەکان سەرا و پەردەی بۆ هەڵدا. ئێوارە کە خەلیل بەگ چوو بۆ لای بووکیٚ، لە دوور دی شتێکی بۆر دیارە، لەو ناوەدا هەڵتووتابوو. تێی خوڕی: کوڕە تۆ کێی؟

خەلۆکی خزمەتکار وتی: منم. خەلیل بەگ پرسی: ئیشت چییە؟ بۆچی هاتوویتە ئێرە؟ خەلۆك گوتی: هیچ مەبەستی خراپم نییە. تەنیا هاتووم ئامۆژگارییەکت بکەم. ڕەوشتی ئەمانە وایە لە ماڵیاندا بێگانە ماچی بووکیان ناکا و لێی نزیك نابێتەوە. مادەم تەنیا پەری بووە بە ماڵی خۆت کەی گەڕایتەوە شوێنی خۆت ئەو کاتە بچۆرە لای. حەوت شەو و حەوت ڕۆژ خەلیل بەگ لەگەڵ تەنیا پەری مایەوە، بەڵام نەورتەی لەگەڵدا لە دەم دەرهات و نەماچێکی کرد و نەلێی نزیك کەوتەوە. پاش حەوت شەو و حەوت ڕۆژە بووك سوار کرا و لەگەڵ خەلیل بەگ و تاقمە سوارێکدا نێردرا بۆ ماڵی زاوا. کە نزیکی قۆناغی ماڵی حەسەن پاشا بوونەوە، خەلۆکی بەدنیاز بەخەلیل بەگی وت: ئاغا لای ئێمە شوورەیییە ئەم سوارانە لەگەڵمان بگەنە جیٚ، لێرەوە سوپاسی ئەرك کێشانیان بکە و بیانگێڕە دواوە و پێیان بڵیٚ پێویست نییە لەوە زیاتر زەحمەت بکێشن. خەلیل بەگ لەسەر ئامۆژگاریی

خزمەتكارەكەی سوارەكەی گێڕایە دواوە.

كە مانەوە خەلیل بەگ و خەلۆك و تەنیا پەری و كەوتنە نزیكی ڕۆژاوا، خەلۆك بەخەلیل بەگی وت پێی ناوێ بەم درەنگ وەختە ڕێ بكەین و بەشەو بڕۆین. ئەمشەو بۆ خۆمان لێرە دەوار هەڵدەدەین و ڕادەبوێرین. سبەینێ بە كاوەخۆ دەڕۆینەوە بۆ شوێنی خۆمان. لەسەر قسەی خەلۆك ئەو شەوەیان لەوێ بردە سەر. كە سبەینێیان لێ هات و ویستیان خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادەكەن، خەلۆك بە ئاغای گوت: باشتر نییە لەم دەشتە ڕاوێكی لێ بكەین و پاش نیوەڕۆ بگەڕێینەوە بۆ ماڵ؟ تەنیا پەرییان بە تەنیا لە دەوارەكەدا بەجێ هێشت و بەجووتە سوار بوون چوون بۆ ڕاو. دوو سێ گەروو ڕۆیشتن تا لە دەوارەكەیان دووركەوتنەوە، خزمەتكار بە ئاغەی گوت: ئاغە زگم زۆر دێشێ، ناتوانم بێم. من دەگەڕێمەوە لە دەوارەكەدا پاڵ ئەدەمەوە تا تۆ تەشریفت دەگەڕێتەوە.

خەلۆك خەلیل بەگ بەجێ دەهێڵێ و بۆ خۆی دەگەڕێتەوە بۆ دەوارەكە بۆ لای تەنیا پەری. خەنجەرێكی دەبانی مشتوو سپی لە تەنیا پەری هەڵدەكێشێ و پێی دەڵێ یا دەبێ ماچێكم بدەیتێ، یا بەم خەنجەرە دەتكوژم.

تەنیا پەری چارەی لێ نابوو، لە پێش سەماوەرەكەیدا دانیشتبوو، شەكرشكێنێكی ئەڵماسی لابوو. بە خەلۆكی وت: ئەوەی پێ ناوێ بە هەڕەشە و زۆر ماچم لێ بسێنی، وەرە ماچی خۆت بكە. خزمەتكاری ناپاك دەستی دەنێتە سەر شانی بووكێ و دەمی لە گۆنای نزیك دەكاتەوە. تەنیا پەری ناكاتە نامەردی شەكرشكێنێكی بۆ داهێنێتەوە دەیدا بە لووتیدا دەیپەڕێنێ.

خەلۆكی لووتبڕاو سواری وڵاخەكەی دەبێ و بەغار دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی حەسەن پاشا. كە پاشا چاوی بە خەلۆك دەكەوێ وا بە لووتی بڕاو بەتەنیا گەڕایەوە پەرێشان دەبێ، لێی دەپرسێ: ئەی خەلیلی برازام چی بەسەرهات؟ خەلۆك وەرامی دەداتەوە: عەمرتان نەمێنێ لەگەڵ ئاغایەتیتان، لەگەڵ

ئیسلامەتیتان، لەگەڵ پیاوەتیتان. تەمەر ئاغا تەنیا پەریی کچی پێشکەش بە تۆ کرد، بەڵام خەلیل بەگ لەڕێدا لە پێش چاوی مندا ماچی کرد، منیش پێم وت ئەوە ئامۆژنتە، بۆ تۆ ماقووڵ نییە ماچی دەکەی. لەسەر ئەو قسەیە کەپوومی بڕی. حەسەن پاشا کە ئەمەی بیست شێت بوو. فەرمانی دا تەپڵیان کوتا و دەنگی لەشکریان دا بڕۆن خەلیل بەگی برازای بکوژن و لەتوپەتی کەن، خەلۆکی خزمەتکار گوتی: پاشا خەلیل بەگ لاوێکی عەگید و شۆڕەسوارە، بە لەشکر دەرەقەتی نایەن، دەبێ بە فێڵ بگیرێ. حەسەن پاشا لە خزمەتکارەکەی پرسی ئەی ڕات چۆنە، چی بکەین؟ خەلۆك ڕاوێژی بۆ کرد کە قاسیدێك بنێرن بۆ لای بەر لەوەی بگاتەوە لای تەنیا پەری، پێی بڵێ مامی گیان دەدا، لە ئێستا و تاوێکی تردایە، مەلا لە سەری دەخوێنێ. ئەویش دەسبەجێ دێتەوە. جا کە گەیشتە ئێرە بیگرە و بیکوژە. کابرای قاسید ڕۆیشت، ئەوەی پێیان گوتبوو بەخەلیل بەگی گوت. خەلیل بەگ بێ ئەوەی لابداتە دەوارەکەی تەنیا پەریی بووکی، ڕاستەوخۆ گەڕایەوە بۆ ماڵی مامی.

هاتە دیوەخان و سەلامێکی لە دانیشتووان کرد. سەلامەکەیان سەندەوە. حەسەن پاشا ڕووی دەمی تێ کرد و پێی گوت کوڕم یاخوا بەخێر بێیتەوە. من لە خەمی دواکەوتنی تۆ نەخۆش کەوتبووم، ئێستا کە تۆ هاتوویتەوە من هیچم پێوە نەماوە و چاك بوومەتەوە. حەسەن پاشا هێشتا بەخەلیل بەگ نەدەوێرا، نەیتوانی ڕاست و ڕەوان بیگرێ. فڕوفێڵی بۆ خستەکار، پێی وت: ڕۆڵە. وەرە با (سەرترنجانە)یەك بکەین لەسەر دڵخواز.

یارییان دامەزراند. حەسەن پاشا شایەرێکی بەرامبەر خەلیل بەگ دانا و تێی گەیاند دووسێ بەند هەڵ بدا بەسەر تەنیا پەریدا. شایەرەکە گوتی:

– *کوڕۆ. بەگۆ.. خەلیل بەگۆ. ئەتو زۆر منداڵی، زۆر نەفامی. دانیشتووی لە دیوەخانی حەسەن پاشا، دەکەی گەمە و قوماری. ئەتو نازانی تەنیا پەری دانیشتووە بە تاقی تەنێ، لە بن خیوەتێ، چاوی لە ڕێیە داخۆ*

*کەنگێ دێتەوە دەزگیرانێ وی لە ڕاو و شکاری؟*

کە شایەر ئەم بەندەی گوت خەلیل بەگ بیری پەرت بوو بۆ لای تەنیا پەری و قومارەکەی لەیاد نەما. حەسەن پاشا حەوت کەرەت لەسەر یەك یاریی لێ بردەوە. وتی خزمینە. برازای خۆمە و لێم بردووەتەوە، چی باشە لێی بکەم؟ هەر خۆی وەرامی خۆی دایەوە، وتی وا چاکە پەتێکم بۆ بێنن لە بنی پێیەوە تا گەردنی بە کۆڵەکەی هەیوانەکەمەوە بپێچمەوە، چونکە لێم بردووەتەوە. کە لە پێچانەوەی بوونەوە، ڕووی کردە دانیشتوان و وتی: خەڵکینە. کێ بێ خەلیل بەگم بۆ بکوژێ نیوەی ئەو شارەی پێ دەبەخشم.

دووجار بانگەکەی دووبارە کردەوە، کەس وەرامی نەدایەوە. بۆ جاری سێیەم پیرەمێردێك لە قوژبنێکەوە هاتە دەنگ و وتی: نەوەك نیوەی ئەو شارە، هەمووی شارەکەشمان پێ ببەخشی کەسمان دەسمان ناچێتە خەلیل بەگ و نایکوژین.

خەلۆکی خاینی خزمەتکار لە پشت دەرگاوە دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

پاشام. من ئامادەم بیکوژم. تەورێکی تیژیان دایە دەستی، هەردوو قۆڵی لەبندا داپاچی. ئەوسا بە پاشای گوت پاشا تا نەمردووە، سوارێك بنێرە تەنیا پەری بێنێتەوە، چونکە ئاشقە و ماشقەن، با بەم حاڵەوە چاوی پێ بکەوێ. ڕابەری پاشا بە تەنیا پەریی گوت خەلیل بەگ زۆر نەخۆشە، لە دیوەخانی ماڵی مامی کەوتووە، یا دەگەیتە سەری یا ناگەیت. تەنیا پەری بەدرێژاییی تەمەنی خۆر لێی نەدابوو، لەتاو هەواڵی کابرای ڕابەر بەسەری قۆتی و پێی پەتی لەگەڵیدا بەڕێ کەوت. کە نزیك بوونەوە لە کۆمەڵەکەی دەوری خەلیل بەگ، خەلۆك بە پاشای گوت دەبێ بە هەردووکمان هەردوو قۆڵی تەنیا پەری بگرین، پێش ئەوەی خەلیل بەگ بەو حاڵەوە ببینێ، ئەگینا عەگیدە، بە بەرەڵڵایی خەلیل بەگ بەو جۆرە ببینێ کەتنێکمان پێ دەکا. پاشا و خەلۆك هەردوو قۆڵی تەنیا پەرییان گرت و بردیانە پێش خەلیل

بەگ کە خوێن بەلەشیدا دەهاتە خوار. تەنیا پەری کە خەلیل بەگی بەو جۆرە دی، بەدەم قوڵپی گریان و هەنسکدانەوە، بەندێکی بەسەرا هەڵدا، تیادا وتی:

– *کورۆ. بەگۆ. خەلیل بەگۆ. چەندم پێ گوتی منداڵی، بێ عەقڵ و کەماڵی. ئێستا وا بەچاوی خۆت دەبینی بە حەسەن پاشای مامت و خەلۆکی خزمەتکارت هەردوو قۆڵیان گرتووم و دەستەڵاتی هەموو شتێکیان لێ بڕیوم.*

خەلیل بەگ بەدەم ئازار و سزاوە مرد. حەسەن پاشا ناردی مەلایان بانگ کردو پێی وت تەنیا پەریی لێ مارە کات. تەنیا پەری وتی. بڕیاری شتی وا نادەم تاڕێم نەدەن بچمەوە بن دەواری خۆم، جلوبەرگی بووکێنیم لەبەرکەم. سواربوو ڕۆیشتەوە بۆ ناو دەوارەکەی خۆی، جلوبەرگی بووکێنیی بە تەواوی لەبەر کرد و خۆی ڕازاندەوە و هاتەوە، بەڵام پیاڵەیەك ژەهری لەگەڵ خۆی هێنا. ئاغا بە مەلای گوتەوە مارەی ببڕێ. تەنیا پەری دووبارە گوتییەوە بڕیاری شتی وا نادەم تا گۆڕی خەلیل بەگم پیشان نەدەن لە کوێتان شاردووەتەوە. خەلیل بەگیان لە تاقی بنەوەی کۆشکێکی حەوت نهۆمدا نابووە گۆڕ. پاشا بە مەلای گوت لەگەڵ تەنیا پەری بچێ گۆڕەکەی پیشان بدا، پاشان لەگەڵی بێتەوە تا مارەی ببڕێ. مەلا تەنیا پەریی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت و بردییە سەر گۆڕی خەلیل بەگ و دەستی کرد بە ئامۆژگاری کردنی کەوا خەلیل بەگ تازە ڕۆیشت و بڕایەوە. تەنیا پەری لە مەلای پرسی ئەو کۆشکە چەند نهۆمە، وە داوای لێ کرد ڕێگای بدا بچێت لەسەر بانەکەیەوە تەماشایەکی ناوشار بکا. تەنیا پەری کە چووە سەربان پڕبەدەم دەستی کرد بە لاوك وتن:

– *لۆ لۆ. حەسەن پاشا ئەتۆ زۆر بێ عەقڵی. هەروەك کەران گوێدرێژی. ئەتۆ نازانی ئەگەر تەنیا پەری بچێتە سەر قەسرەکەی حەفت تەبەقە، لە پاش بەژنێ خەلیل بەگ خۆی داوێژی؟*

حەسەن پاشا گوێی لەو لاوکە بوو، هاواری کردە مەلا فریای تەنیا پەری کەوێ نەیەڵێ خۆی هەڵداتە خوارەوە، بەڵام تا مەلا دوو سێ پلەکانە سەرکەوت، ئەو خۆی هەڵدابووە خوارەوە و هەپڕوون هەپڕوون بوو بوو.

ئەویشیان لە کۆشکەکەدا ، لە پاڵ خەلیل بەگدا، نایە گۆڕ.

***

ماڵی تەمەر ئاغا بەم کارەساتەیان زانی. لەشکرێکی گەورەیان پێکەوە نا و چوونە سەر حەسەن پاشا، شارەکەیان داگیر کرد و کەوتنە قەڵاچۆی دەس و دائیرەکەی. یەکێك لە لەشکری تەمەر ئاغا خەلۆکی خزمەتکاری ناسییەوە، کۆڵان بە کۆڵان کەوتە سەری. خەلۆك لە نێوان گۆڕی خەلیل بەگ و تەنیا پەریدا خۆی شاردەوە، بەڵام لەشکرییەکە پێی زانی، وە لەو شوێنەدا دایە بەر شیپی خەنجەر و کوشتی. خوێنی خەلۆك لە نێوان هەردوو گۆڕدا ڕژا.. چونکە خایەن و ناپاك بوو، خوێنە پیسەکەی لە گۆڕەکەشدا کەوتە نێوانیان و نەیهێشت بە مردوویش پێکەوەبن.

# حەیران

١

خۆزی[1] بەخۆزیداران، کوریکەك[2] باما لە کورێکی (گاگرۆ)یە، شین بباما لەسەر چیایەکەی (هەیبەت سوڵتانێ)، هەموو دانی ئێواران بەرامبەر بە ڕووباری (کۆیە).. سەر و پەرچەمی حەیرانێ بە چ دەشپێنم[3]، بە تابوورا عەسکەرەکانی عەلی عوسمان پاشای کە ئەو ساڵ سەری چەند ساڵە حوکمێ دەگێڕێ لە بنی (زاخۆ)یە.

٢

خۆزی بەخۆزیداران، کوریکەك باما لە کوریکی (کەس نەناسی)، شین بباما لەسەر گردەکەی (پیرداوود) و (دووسەرەی)، بەرامبەر بە (شێراوە) و (قووچە بڵباسی).

کیژ دەڵێ: کوڕە حەیران گەلەك دوعا و سەلامت لێ بی ئەو ساڵ خەمەکم لێ بخۆ، چونکە ئەو ساڵ چەند ساڵە جۆتە شەمامەم پیر کردییە سەبارەت بە کوڕە حەیرانێ، لەبن کەوێ و کراسێ.

٣

سەرم چەند دێشی، دڵم بە گازە گازە. ئەگەر ئەنگۆ حەیرانەکەی من ناناسن، ئێواران قوڵینگە، سبیانان قازە.

کیژ دەڵێ: کوڕە حەیران گەلەك دوعا و سەلامت لێ بی، بیستوومە دەچییە وەڵاتی غەریبییان، ئەگەر دنیا بوو نەمدیتی، کوڕە حەیران، گەردەنت ئازە[1].

---

١

١– خۆزی: خۆزگە.

٢– کوریك: کولیلك، گوڵاڵە.

٣– دەشپێنم: دەشوبهێنم.

٣

١– ئازە: ئازا.

## ٤

سەرم چەند دێشی، براینە، دلّم دەنالّی[١]. مالّی بابێ حەیرانێ لێیان نا[٢]، هاتنە خوارێ بەسەر (زوورگە زراوێ). ئێوارە درەنگە هەلّیان داوە لە لەناوبەینێ (گاوەرە) و (کەنداری)[٣]. ئەنگۆ ئەگەر حەیرانەکەی من ناناسن کارمامزەکی دوو مانگە، لە ترسی عەوەت عەوەتێ[٤] سواران، فرمەی[٥] مەعنەگان[٦]، نووسکەی[٧] تاجییان[٨]، تەقەی ئاوزەنگی، بۆنی بارووتی، گەلەك شپرزە بوو، شەولەوەری خۆی خستەوە ناوبەینی (معێجیلە) و (کاولە مشاری).

## ٥

ئەستێرەکم لێ هەلّدێ لای لە ئێمەنێ[١]، پێروو[٢] هەلّدێ تەرازوو ناگەنێ. ئەوجا حەیفی من دەمینێ لەبەر کۆرپە کیژەکانی ئەوێ عەیامەی[٣]، شەوێ لە سێبارە شەوێ دەنوون لە مالّەبابان، کەلەکەی وەردەگێرن بە تاقی تەنی[٤].

---

٤

١– دەنالّی: دەنالّێ، دەنالّێنێ.

٢– لێیان نا: کۆچیان کرد.

٣– کەنداری: کەندالّی، کەندالّ (گوندێکە).

٤– عەوەت عەوەتێ: دەنگەدەنگ و هەرا.

٥– فرمە: پرمە.

٦– مەعنەگان: ماینەکان.

٧– نووسکە: نووزە.

٨– تاجییان: تانجییەکان.

٥

١– ئێمەنێ: یەمەن. مەبەست لە گەلاوێژە کە لە خوارووی رۆژئاواوە هەلّدێ.

٢– پێروو: ناوی ئەستێرەیەکی ترە.

٣– ئەوێ عەیامەی: ئەم سەردەمە.

٤– تەنێ: تەنیا.

٦

دڵم قاسیدە بەوی سبیانێ[١]. چاوم دووربینە دنیای دەنۆڕی. لە ملی حەیرانێ تۆق و تەلەسم و مەرجان و مۆری[٢]. حەیفم دەمینێ بەژنی باریکیان سوار دەکرد ئەورۆ لەبۆ گولەکەی مێردان، گیسکی باربووان، کاوڕێ سەلەمی[٣]، بە زەرد و سۆری.

٧

ئەورۆ بەوێ سبیانێ، ڕاستم لەگەڵ حەیرانێ، ناکەم درۆیە. سەرو پەرچەمێ حەیرانێ بە چ دەشپێنم، بەوان شەتری[١] نەمامەکانی خاڵس و مەندەلی، وەکی سەری زستان و پایزان دەگری نارنجە لەگەڵ لیمۆیە. ئەمن هەنگینێ[٢] هیوییێ بەژنێ باریکان دادەنێم هەتا حەزرەتی عیزرائیل لەسەر سینگم دەدا چۆکێ، بە ڕوحی شیرینم دەدا نسکۆیە[٣].

٨

بەو موحەممەدی کەمە ماڵ لە مەکە و مەدینێ. دوونێ ئێوارێ دوو تیریان

---

٦

١– سبیانێ: سبەینە.

٢– مۆری: مووروو.

٣– مەبەستی شوبهاندنی زاوایە بەگیسکی باربوو پێکراو، وە بە کاوڕی لەسەلەمدا دراو، لە لاوازی و بێ کەڵکیدا.

٧

١– شەتری: شەتڵی.

٢– هەنگینێ: ئەو کاتە.

٣– نسکۆیە: هەنسکدان. مەبەست کاتی گیان دەرچوونە.

لێ دایمە سەرێ تیران بەقولابەنە، بنیان گۆواینە[1]، لە سەری ڕاوەستایە گۆل گۆلی خینێ.

٩

لە بنەیێ (خۆشاوێ)، ڕۆژم لێ هەلات، گەزنگان داوێ. مرازێ هەموو مرازداران حاسڵ بوو، مرازی من و بەژنێ باریك و دەستێ بە بازن و قامكێ بە ئەنگوستیلە، مایتەوە ئەوێ ساڵێ بەوێ پایزێ لەسەر غەوسەكەی ماڵ لە بەغدایێ.

١٠

لە بۆت بەكێندەرێدا هەڵبلێم، حەیران، لە (گردی گۆمێ). بەژنی حەیرانێ بەیداخی ڕۆمێ. ئەو ساڵ گەلەك مەترسییان دەكەم بەژنێ حەیرانێ گەلەك مندالە، لەبەر بازنان و بەربازنان نەوەك بچۆمێ[1].

١١

گەواڵەكی[1] دامەزراند لە دەشتێ قەراجی، تەڕ دەكا ئاقارێ (مەخمووری)، تەڕ دەكا گومەتی (برایم ئاغەی)، كەڵكێ (حوسێنێ غازی)، سەرێ (بێژنگ بەسەری)، دەپەڕییەوە لە كەڵكێ (كاولە تۆماری)، ڕەت دەبوو لە (زوورگە زراوێ)، تەڕ دەكا بناری (ئەنگرۆزی).

كوڕ دەڵێ: چەتیم[2] حەیران وەرە دانیشین بكەینەوە گلەیی و گازاندان، ئەوجا بكەینەوە جەژنە و پیرۆزی.

---

٨

١– گۆواینە: ژاكاون.

١٠

١– بچۆمێ: بچەمێتەوە.

١١

١– گەوالەكی: هەورێكی باران پێوە بوو.

٢– چەتیم: كچەتیو، كچە هەتیو.

١٢

قەراج قەراجە. قەراجۆك لە من چەند لێژە. ماڵی بابێ حەیرانێ لێیان نا، هاتنەخوارێ بەسەر (زوورگە زراوێ)، پەڕینەوە لە (کەندیناوێ) هەواریان دوورە، مزریان[1] درێژە. برینی هەموو برینداران تیمار بوو، بەس برینێ من و بەژنێ باریك لە من نابن سارێژە.

١٣

حەیران حەیرانە. حەیران (هەمین)ە. ئێمەنی سۆرە، گەردەنی کێلەشینە.

کیژ دەڵێ: کوڕە حەیران وەم زانییە ئەو ساڵ دوو یارت گرتینە.

کوڕ دەڵێ: دوو نینە، سێنە. ئەمان یەکەك دەکەم بە کۆلە[1]، دووەمینی دەکەم بە کارەکەر، سێیەمینی بە لانك ژینە[2].

١٤

ئەوڕۆ بریندارم، برینێم کەتنە بەدەنێ. لە بۆم بانگی حەکیم و لوقمان و تەبیبان بکەن، بە چاوانم بڕۆننێ[1]. بەڵان دەستانم نەدەنێ.

کیژ دەڵێ: کوڕە حەیران خەمان هەڵمەگرە، ئەمن ئێوارێ ئیزنێ دەخوازم لە داکم، وەکی دێمە سەرینێ، دەستە مەرحەمەکت لە بۆ دەگرمەوە لە تۆزی

---

١٢

١– مزر: قۆناغ، لە (مەنزڵ = منزل)ەوە هاتووە.

١٣

١– کۆلە: کۆیلە، بەندە.

٢– لانك ژین: بێشکە ڕاژەن.

١٤

١– بڕۆننێ: بڕواننێ، تەماشا بکەن.

شەدێ[2]، لە ژەنگی گوارێ[3]، لە ئارەقەی زەرد مەمکان. بەدەستی موبارەك داوێمە سەر برینێ کوڕە حەیرانێ. شەوێ زستانان گەلەك سارد و سەرمایە، نەوەکی هەڵبینێ هەرامە لەگەڵ تەشەنێ.

۱٥

حەیران، لە (کانی غەزەبان)، خۆزی بەخۆزیداران باجگری ماچان و خەرج ئەستێنی بامایە ئەوەل مانگی بوارێ[1] لە دەشتێ کاولە قەراجی، خەندەکی مامە خەلیفەی، بستیی مارواشان، شۆڕی لاکەچەی، وەڵاتی عەرەبان.

کیژ دەڵێ: گەلەك دوعا و سەلام بی لە کوڕەتیم حەیرانێ. ئەو ساڵەکە من لە خەمی ڕووت و قووت و فەقیرییێ خۆدا نیمە. ئەما گەلەکی حەیفێ من دەمینێ کوڕەتیم حەیرانەکەی من بمری لە وەڵاتی غەریبییان، بە تاقی تەنێ بمینمەوە لە ماڵی بابان، ببمە سەری سەبەبان.

۱٦

چەندی گاز دەکەم لە بنەبنەیێ (چەمچەماڵی). ئەنگۆ وەرن زەینێ خۆ بدەنێ کەوەك دەخینی، یەك دەناڵێ. بەژنی وی زاڵم بابەی لۆ من بمینێ، بە قاز و قوڵینگەکانی ئەوەڵ مانگی بوارێ، وەکی قیرەیان گەلەك خۆش دێ لە بەینی هەور و سامالێ[1]. ئەمن سوندم خواردییە لە پاشی بەژنەکەی باریك و دوو چاوێ کاڵ، زەندێ بەبازن، کابانێ ماڵێ[2]،

۲– شەدێ: شەدەی سەر بەستنەوە.

۳– گوارێ: گوارەی لە گوێکردن.

۱٥

۱– بواری: بەهار.

۱٦

۱– ساماری: ساماڵ، سایەقە.

۲– مارێ: ماڵ.

تەرك دەكەم دنیاداری لەگەڵ دڵداری.

١٧

حەیران. گەلەك بریندارم. برینێ منیێ ماڵوێران، برینێ خەنجەرێ. لە بۆ من برۆنە كن مەلا و فەقێیان، دەبا برۆننە كتێبی ئیبنو حەجەرێ. مەلا دەیگۆ بەو قورعانەی بە خۆم لێم خویندییە ئەوا برینێ عاشقان و ماشقانە چەندی دەكەم و ناكەم پێی نابەم زەفەرێ.

١٨

حەیران، ماڵوێران، چەندی گاز دەكەم گەڕی بەگەڕی[١]، نۆری بە نۆری، چ بكەم دیسان لە (گردە سۆری)، لە ملی حەیرانێ سۆر دەكرێ مەرجان و مۆری. بەژنی ئەوی زاڵم بابە لە بۆ من بمینێ بەكار و كارغەزالەكی سۆری سۆرغەری[٢]، كووڕەكەی دوو مانگی وەكی دەلەوەڕێتەوە لە (بانە بۆران) ، كرد و كێڵی[٣] (ئازیانەی)، چێشتاوێ خۆی دەكاتەوە لە (شاقازی)، گردی (قەرەبەگی). ئەمان حەیران گەلەك منداڵە لە دووی داكی دەقۆڕی[٤].

١٩

كیژ دەڵێ: حەیران ئەو ساڵ بەوێ دەرەبوارێ[١] هیچ خەمان هەڵمەگرە، چ بە خەم و تاڵی ئەوی حیزێ دنیایێ پێك نایە. حەیران وەرە دەستێ خۆ پێك بگرین بچینەوە سەر زیارەتێ (شێخ جامی) و (شێخ شەروان) بخوازین مرازا

---

١٨

١– گەڕی بەگەڕی: جار لەسەرجار.

٢– سۆرغەڕ: سووری ناوچاو سپی.

٣– كردوكێڵ: كشتوكاڵ.

٤– دەقۆڕی: ئەقۆڕێنێ، ئەگری بەدوایا.

١٩

١– دەرەبوار: سەرەتای بەهار.

لەگەڵ دوعایە. مرازی کەچك و کەواڵێ گوندێ مە هەمووی حاسڵ بوو، مرازێ من و بەژنەکەی باریك، دووچاوێ کاڵ و زەندەکەی بەبازن، کابانێ ماڵێ مایتەوە بەتەمایێ دوازدە ئیمام، غەوسەکەی ماڵ لە بەغدایە، لە کن باری تەعالان لە بۆم بکا ڕجایە.

٢٠

حەیران. ئەرێ ماڵوێران. ئەنگۆ وەرن زەینێ خۆ بدەنێ. گەواڵەکی دەهینا چەند ڕەشی چەند تاری، لەبنەبنی (کاولە تۆماری). دەگرتەوە زوورکی[١] سوڵتان عەولای عارەبی، بەینی (معێجلە) و (مشاری). سەرییا (بێژنگ بەسەری)، دەگرتەوە کۆڵکەری[٢] (لهێبان)، دارکەری (قووچ) و (قەپلانێ). لە منێ خانەغەریبێ گەلەك شیرن تەڕ دەکاتەوە پەرچەمی شێ تاری[٣]. لە پاش بەژنەکەی باریك، دوو چاوێ کاڵ و زەندی بەبازن، کابانێ مالی، تەرك دەکەم دنیاداری لەگەڵ دڵداری.

٢١

کوڕ دەڵێ: بەژنی حەیرانێ نە کورتە نە بڵندە. ئەمن بە بستێم پیوایە، بە چاوم قەیاس لێ کردییە.

کیژ دەڵێ: کوڕە حەیران ئەتۆ بەفکرت نایە دوونێ ئێوارێ لە ڕێی سەراوێت گەیشتمێ، قەفی سمێڵت خوار بوو، ئەمن لە بۆ کەیفێ دڵێ خۆ بە پەڕی خەزێمێم[١] ڕاست کردی.

---

٢٠

١– زۆرك: گرد.

٢– کۆل کەر: ئەو کچانەی بەهاران ئەچن بۆ شووشتن لەسەرکانی و ئاوی دەرەوەی گوند.

٣– شێ تاری: شێ تاڵ.

٢١

١– خەزێم: لووتەوانە.

## ٢٢

خەندەك وێران بوو بەرامبەر كاولە (درینێ). كۆمەڵەكی سوارانم چەند شیرن دەدی دەگەڕان لە ڕاوێ بەوی سبەینێ دەكەن تەدبیرێ. بە تەمانە بەعام جەمعاوەرەكەی خۆ بخەنەوە كن شێخ نەجمەدینی ماڵ لە (سەربیری).

كیژ دەڵێ: خوام بكا بە خولامی سواری بۆرە، بە ڕانان دەبزێوێ بۆرێ. بە چاوان دەكا ئیشارێ، بە برۆیان دەكا ژوانێ، بە پەنجەی نەرمۆكە دەبزێوێ دەست و جەڵەوێ.

## ٢٣

سەرم چەند دێشی، برام، بەوی هێوارێ، دلم بە لێوە لێوە. دەچمەوە باغی كاكەولای (هیرانێ) لە من دایمە بە خۆخ و سێوە. لە هەموو عالەمێ گوندێ مە بوارە، بەس لە من و لە بەژنێ باریك ئەو ساڵ زستان هەر ئاخەلێوە.

## ٢٤

حەیران.. لە بۆم بڵێنە (زوورگەزراوێ) خۆمان دەبا لەگەڵم یار بی، سەرێ خۆم لە بۆ نەوی بكا دەشتی (كەندیناوێ) ڕەنگینم بە حام لێ دیار بێ.

ئەنگۆ نازانن حەز لەیەككردنی كوڕ و كیژان گەلەك خۆشە، ئەوەڵ مانگی بواری، لە دەشتی كاولە قەراجی، لەناو چیغ و ڕەشماڵی، لە تازە هەواری، دایكە پێناو[١] بی، حەیران منداڵ بی.

---

٣٤

١– پێناو: ئەو ئافرەتەیە كە خەبەری خۆشویستنی كوڕ بە كچ ئەگەیەنێ، بەنیازی ڕاكێشانی دڵی بۆ لای كوڕ.

٢٥

ئەسمەرێ[١] دەگۆتە مامەڵی: من نازانم (مام خاڵان) لە بۆ گوندەکی هەندە خۆشە؟ مامەڵی دەگۆتە وەسمەرێ زێدە جوان[٢]: ئەتو نازانی هاوینان نسارە، زستان بەرۆژە.

مامەڵی دەگۆ: بەژنێ ئەسمەرێ لە بۆ من بمینێ بە شەترێ نەمامی، لە پەرچەمی بەکارتە[٣] ڕەشە ڕحانی، ڕوومەتی بە خونچە گوڵی، وەکی تازە لە باغی دەدا پشکۆژە[٤].

٢٦

حەیران. ماڵوێران. چەندی گاز دەکەم دەڵێم ئاخێ لەسەر کەسەرێ[١]. ئەنگۆ وەرن زەینێ خۆ بدەنە تاقمی کیژۆڵان، لە گوێی من خۆش دێ ڕنگەی بازنی وەکی دەکەن خڵتان و خڕنووکان لەگەڵ قەسەرێ[٢].

کیژ دەڵێ: کوڕە حەیران، هەردوو چاوەکەم ئەو ساڵەکە بەوی بوارێ یانەکە بمخوازە بەماڵی دنیایێ، یان بە خوشکەکەی لە داك و بابی، یان لە بۆ خۆم دەربینە بەزەبری خەنجەرێ.

---

٣٥

١- ئەسمەر: کچی کابایز ئاغای زراری بووە، لەگەڵ مامەڵ ئاغای زراری دڵیان بەیەکەوە بووە.

٢- زێدەجوان: لە ڕادەبەدەر جوان.

٣- بەکارتە: قرتێنراو.

٤- دەدا پشکۆژە: دەپشکوێ.

٢٦

١- کەسەر: ئاخ و داخ.

٢- قەسەر: ئەو پووشەی لە پاش دروێنە دەمێنێتەوە لە پەرێزدا.

## ٢٧

ساماڵە، ساماڵی گەلەك شینە. لە ملی حەیرانێ تۆق و تەلەسم و حەمایلە و بەربەنە و هەرامە نووشتینە. حەز لەیەککردنی خەرك و[١] عالەمێ گوندێ مە بەساڵ و مانگە. ئەمان هی من و بەژنەکەی باریك، دووچاوی کاڵ و زەندێ بە بازن، کابانێ ماڵێ، قەیدەلحەیاتە بە مردن و ژینە.

## ٢٨

سەردەمەکی ڕاوچی بووم لە ڕاوێ. کیژ دەڵێ: کوڕە حەیران هەردوو چاوەکەم ئەمن نێچیری تومە لەناو خەڵك و عالەمێ گوندێ مە چ تفەنگانم ماوێ. ئەمان شەرت بێ بەهەنجەتی[١] سەراوێ دەس بدەمەوە جەڕەی خۆ بێمەوە کانییێ پێش ماڵان. دەراوێ[٢] ژووری، لە بۆ خۆم بگرە بە توڕ و داوێ.

## ٢٩

سەرێ من دێشی. دڵێ منی ماڵوێران بە گازەگازە. حەیرانەکەی من هێواران قوڵینگە سبیانان قازە. کیژ جوابان دەنێری دوعا و سەلام بی لە کوڕەتیم حەیرانێ. ئەوی ساڵەکە بەوی دەرەبوارێ وەرە ئەمن لە بۆ خۆ بخوازە. ئەگەر باوەکەی من ئەمنی نەداییێ بمبە، سەد جار گەردنت ئازە.

---

٢٧

١– خەرك: خەڵك.

٢٨

١– هەنجەت: حجە، بیانوو.

٢– دەراو: ئاوی دەرەوەی ماڵ، کانی.

## ٣٠

حەیران. دەشتێ کاولە قەراجی نواڵە بەنواڵە[1]. ئاوەدان بی (باقرتە) لەگەڵ (ڕواڵە). ئەنگۆ وەرن زەینێ خۆ بدەنە بەژنێ باریك و دووچاوی کاڵ، بەژنی گەل بلّندە، هیزاری[2] لەسەرییە، هەوری لەملانە، گەردن بە خاڵە. ئەو ساڵ سەری چەند ساڵە ئەمن ڕاوچیمە لە دووی بەژنەکەی باریك و دووچاوی کاڵ. نازانم نە تالعی خۆمە نە تالعی بەژنەکەی باریکە ڕاومان بەتاڵە؟

## ٣١

حەیران. ئەمن چەندی گاز دەکەم گەلەك بریندارم بە ڕۆینێ خەجیجێ، بە مەکرێ زولێ، بەلەنجەی عەیشووکێ. شەوێ لە سێبارا نیوەشەوێ دەچمە جێییێ ژوانێ بۆن کەم قۆرکی[1] گەردەنێ، ڕاست و چۆپی خەناوکێ[2]، دیارییێ خۆم وێ دا کلدان لەگەڵ نەینووکێ[3]. بەژنی وی زاڵم بابەی لەبۆ من بمینێ بەکار و کارغەزالەکی سۆرغەری کوورەکەی دوومانگی، وەکی چێشتاوێ[4] خۆی دەکاتەوە لە ئاوییێ بن بەردی، دەلەوەڕیتەوە لە شوورەیا[5] مەخمووری.

هێوارە درەنگە قەیماتییا خۆی داوێتەوە مەعبەینی (سیرمە) و (گەزۆکێ).

---

٣٠

١– نواڵە بەنواڵە: گرد و شیوە، بەرز و نوێیە.

٢– هیزار: ازار، سەرپۆشی سپی و ڕەش.

٣١

١– قورك: چاڵایی.

٢– خەناوك: ملوانکە.

٣– نەینووك: ئاوێنە.

٤– چێشتاو: ئاوی چێشتەنگاو.

٥– شوورەیی: شوورە، دیواری دەوری شار، یا باخ و شتی وا.

## ٣٢

دەشتێ کاولە قەراجی لە کاکی تو گەلەکی لێژە. ماڵێ بابێ حەیرانێ لێی دەناوە، ئاوا دەبوو لە زوورگەزراوێ خۆمان دەپەڕییەوە لە (کەندیناوە)یێ ڕەنگین، شۆڕ دەبووەوە لە کەڵکێ (حوسێنێ غازی).

ئـەمـان حـەیـران. گـەلـەك شیـرنـە ڕادەکێشێ سەریـا شێوەڵێ[١]، قـۆڵـی هەڵناستی لەبەر بازن و بەربازنان، ملی شل بوونە لەبەر دەسرازەی لانکێ.

چ بکەم هەواریان دووره، مزرەی درێژە. ئەو ساڵەکە برینێ شیران و تیران لە کاکی تۆ دەگرتەوە قەتماغێ[٢]. ئەمێ[٣] چ بکەم برینێ کەونە دۆستان قەت لە کاکی تۆ نابن سەرێژە.

## ٣٣

زێیەکەی بادینان لە کاکی تۆ دێ و دەسافێ[١]، شەپوڵێ خۆی دەداتەوە لە ڕەوەزێ[٢] (ئیفرازی)، کەڵکێ (پێ پردان)، غاباتێ کەڵەکی، عاوییا (گوێڕی). گـەلـەك شیـرن دەگـری کـەڵـکـێ (کوشافێ). بـەژنـێ وێ زاڵم بـابـەی لـە مـن نەبوویتەوە مەرقەدی سوڵتان عەبدوڵڵای عەرەبی، فەسلی بواران هەموو دەرەبواران ئەمن لەگەڵ برا و برادەران بچمە توافێ.

---

٣٢

١– شێوەڵ: ولاخ.

٢– قەتماغ: پەترۆ.

٣– ئەمێ: ئەمما، بەڵام.

٣٣

١– دەسافێ: کەف دەکا.

٢– ڕەوەز: شاخ.

٣٤

حەیران. کولیکەك باما لە کولیکێ نەورۆزی، شین ببامەوە لە دەشتی کاولە قەراجی، لە شوورەیا (مەخمووری). گەلەك شیرن سەری خۆم دەربینا لەناو غوبار و تۆزی. چ بکەم چ برا و برادەری بەقاوبەتمانم[1] نینە ئەو ساڵەکە بەوی دەرەبواریێ لەگەڵ بەژنەکەی باریك، دووچاوی کاڵ، زەندێ بەبازن، کابانێ ماڵێ، پێمان بکەن جەژنە پیرۆزی.

٣٥

چەندی گازە دەکەم یەلا نەناریێ، (قەشقەییێ) ڕەنگین لە کاکی تۆ لە دەو ڕووباریێ، سەر لە سبیانان زەینێ خۆ بدە بەژنێ باریك و دوو چاوێ کاڵ، گەلەك شیرن دەس دەکاتەوە تێلەگەی[1] خۆ دەچتەوە کۆڵ و قەساری[2]. بەژنێ وی زاڵم بابەی دەشپێنمەوە بە خەجیجێ ڕەحمانی، بە وەسمەرێ کاك بایزی زراری، بە خاتوون خانزادێ سۆران، بە تیلییێ ڕەشید مەحموودی وەردەکی، بەخاتوونە پەرێ دەزگیرانی ئاغە مارماری[3].

٣٦

حەیران. کورتەکە مامزە لە جێیێ پەرێزێ، لەگەڵ کوڕە سەپانی. گەلەك شیرنە دانی ئێواران دەڕواتەوە لۆ ناو ئاقاری. هێوارە درەنگە قەیماتییێ

---

٣٤

١– بەقاوبەتمان: بەقا و متمانە، جێ بڕوا.

٣٥

١– تێلەگە: بوخچە و کەلوپەلی جل شتن.

٢– قەسار: گازریکردن. کردنی چاوی زبر بە خامی لووس.

٣– مارمار: قارەمانی چیرۆکی (ناسر و ماڵ ماڵ). ناوەکانی پێشەوەش ناوی ئافرەتی تری ناودارن لە ئەدەبی کورددا.

خۆی داوێتەوە ناعبەینی (خەزنە) و (تەرجانی). بەژنیّ وی زاڵم بابەی لە بۆ من بمینیّ بە جوانە ماینەکی عەینەلعوبێدی لەگەڵ ماینیّ عەینەلحەسەنی[1]. ئەمن فەسڵیّ بواران لە بۆ خاتری کەیفیّ دڵیّ خۆ سوار ببم پێی بکەم مەشقا لە پێش حوربانی[2].

٣٧

حەیران، لە (خرابە دراوی). کیژۆڵیّ کەسی بابت نەمینیّ، ئەتو سەر لە سبیانان هەستە لە خەویّ، پشتیّ خۆ مەبەستە، ئەتو لە خۆڕا زراوی.

کیژ دەڵیّ: کوڕە حەیران ئەگەر ئەتو ڕاوچی، ڕاوچییا دوو منی، ڕاوچییەکی بەقابەتمانی، بەهەنجەتی ڕاویّ، دەس دەوە داریّ جان بێزاریّ، خۆ باوێوە حەویجگان، نواڵە بەنواڵە، ئەمن لە بۆ خاتریّ کەیفیّ دلیّ خۆ بەهەنجەتیّ داران دەس دەمەوە چارۆکیّ خۆ بێمەوە سەر دایمە گۆمان. ئەمان کوڕە حەیران لە بۆ خاتریّ کەیفیّ دڵیّ تو خۆ دەکەمەوە سۆنە لەگەڵ مراوی.

٣٨

حەیران. لە چیایێ (شەرەفان)، لە ملیّ حەیرانیّ سۆر دەکریّ مۆری و مەرجان لەگەڵ سەدەفان.

کیژ دەڵیّ: کوڕە حەیران، وەرە ئەو ساڵ بەوی دەرە بواریّ دەستیّ خۆ تێك بگرین، خۆ بابەکەی من نەبوویتەوە بارانیّ پەریّ[1] لێمان بگرتەوە هەر چار تەرەفان.

---

٣٦

١– ماینی عەینەلحەسەن و عەینەلعوبێد لە ماینە ڕەسەنە ناودارەکانن.

٢– حوربان: دەشتەکی، ئەوانەی دەوار هەڵدەدەن. لە (عوربان) وەرگیراوە، واتە (عەرەب)، چونکە عەرەب دەشتەکین.

٣٨

١– پەریّ: پەڵە.

٣٩

حەیران. ئەستێرەکم لێ هەڵات لەلای مزگەفتێ، شەوقێ خۆی دەداتەوە لە زاری کۆلانێ، لە قەنتەرەی[١] ماڵێ بابێ حەیرانێ. گەلەك شیرن ڕۆن دەکاتەوە تۆق و تەلەسم و حەمایل و بەربەنا. ماڵی وێرانم گەلە شیرن دەدا لە چەرخێ ڕوومەتێ. ئەو ساڵ بەوی دەرەبواریێ دەچمەوە داخوازییێ بەژنێ باریك و دووچاوی کاڵ و زەندەکەی بەبازن. چ بکەم تەواو نابی نەختە لەگەڵ قیمەتێ.

٤٠

حەیران. ئەوڕۆ ئێوارە، ئێوارە مەغریبە، سەڵەفەکی سواران لە پێش دەرکێ ماڵێ بابێ حەیرانێ دەکەن ئۆغرەمە. بەژنەکی باریك جوابان دەنێری لە بۆ کوڕەتیمە حەیران: ئەتو نەتزانییە ئەوڕۆ ئێواریێ داخوازیکەری من هاتینە. یان وەرە دەرم بینە بە ماڵی دنیاییێ، یان بە چاکەکی چاك وازم لێ بینە. کوڕ دەڵێ: ئەوڕۆ سبەینێ سارە[١]، لەسەر و پەرچەمێ حەیرانەکەی من کەتییە هووردە خوسارە[٢]. ئەمن نەمبوو ماڵێ دنیاییێ بەژنەکی باریکی پێ دەربینم، ئەمە سواریان دەکرد لۆ گولەکەی مێردان، کەڵەبابی سەر بارەداری، گیسکی باربووان، کاوڕی سەلەمی. ئەوەل خودایێ گەورۆنە، دووەمین سەید حەسەنێ ڕەشوان هاوارە.

---

٣٩

١– قەنتەرە: دەرگای دەرەوە کە دوودەرییە، دەروازە.

٤٠

١– سار: سارد.

٢– خوسار: شەونم.

## ٤١

بەخۆم لێرەمە، دریژگەم[١] لەودیوی، مەمکەکت دەگرم لە زێڕی، ئەوی دیکەت لە زیوی. دەوجا وەرە ئەمن و تو دەستێ خۆمان تێك بگرین بچینەوە سەر قەڵاتەکەی پیرە هەولێرێ، ڕۆژ بازاڕی قیامەتێ، لەسەر پردی سیراتێ، خێرمان خێر، شەڕمان بەنیوی. وەی نایێ، بەژنێ دەشپێنم بە دارێ دارمینایێ، مەمکی دەشپێنم بە دوو سێوەکانی لاسۆر وەکی شین دەبوون لە باغی میرانی قادربەگ، ماڵ لە پیرە شەقڵاوێ.

## ٤٢

حەیران لە (برایمەلەکی). دەك پیرۆزت بێ بازن و بەربازن لەگەڵ خڕخاڵێ بەلەکی[١]. لە عالەمێ گوندی مە وابی بەژنەکی باریك کەڕە کرمانجە، ئەمن دەیشوپێنمەوە بە قوڵینگەکا شاپەڕ شین، مل بەگۆزەر[٢]، ناوەڵا بە خاتوونە تەورێزی باویل ئاغای خێرەکی.

## ٤٣

داری شەکرانێ[١] لە من دوو لکە. ڕەشە ڕیحانێم دەچاندن لە تالعێ من و بەژنەکەی باریك. دووچاوێ کاڵ، سۆرەگوڵ دەگرن هووردە پەلکە. هەنگینێ خۆشە حەز لێکردنێ من و بەژنەکەی باریك، دوو چاوێ کاڵ و زەندێ

---

٤١

١– دریژگە: دڵ.

٤٢

١– بەلەك: پووز، پێ.

٢– گۆزەر: خاڵ.

٤٣

١– داری شەکران: ناوی شەخسێکە درەختێکی دووپەل لەسەر گۆڕەکەی ڕواوە.

بەبازن، کابانێ ماڵێ، وەکی کوڕ دادەنێ خەتی سمێڵی، کیژ خڕ دەکا بنەی مەمکە.

٤٤

حەیران، نادری، بە من نادری، مامزی (قەفەری)، سۆنەی (عازری). لە چاوان قازی، لە ڕۆینێ کۆتری. خۆزی بەخۆزیداران، دوو ماچم قەرد بایە لە بەژنەکەی باریك و دوو چاوێ کاڵ، زەندێ بەبازن. یەکێکیان بە دەستەکی بەخەنە، لەسەر دارێ تەونی، لەبن گوڵینگی هیزاری. ئەوی دیکەیان سبەینان لەبەرنانی، وەکی ڕوومەتی سۆر دەبن لەبەر هەڵمێ ئاگری.

٤٥

حەیران دوورە لەسەر خەزینێ. دەشتێ قەراجی هەر ئاوەدان بی، فەسڵی بواران، نێك بە کەمبەران و سەر بەهیزاران، نازدارەی دێنێ.

کیژ دەڵێ: خۆزی بەخۆزیداران ئەمن دەسترەکی کەتانی بەگوڵینگ بامایە لە بەرپشتی کوڕەتیم حەیرانێ. فەسڵێ بواران لە دەشتێ کاولە قەراجی، ئێواران و سبەینان لە بۆ خاترێ کەیفێ دڵێ خۆ بهاتبامە خوارێ، بەسەر قەفقەفێ پشتێنی.

کیژ دەڵێ: خۆزی بەخۆزیداران دار گۆپاڵەکی کنێر بامایە لەمست کوڕەتیم حەیرانێ هێواران و سبەینان لە بۆ خاتری کەیفێ دڵێ خۆ لەناو دان و هاوێری[١].

٤٦

وەستا ئەحمەد دانیشت لەبن قوونێ قەڵاتێ، وا چا دەکا دووکانێ. دەك

٤٥

١– دان و هاوێر: لێکگرتن و تێککردنی کار و بەرخ و مەڕ و بزن لە بەهاردا.

وەستا دەستێ منت دامەن بی خەزێمەکی چاك کە لە بۆ نازدار حەیرانێ، نەبگرە بە گازێ، نە دانێ لەسەر سندانێ، نە لێ دە بە چەکوچێ. بە بایەکی شەماڵ لە منی خانەوێرانێ بە هووردە گژنیژە دانێ. دەك وەستا چەکوچت بەمیرات بی لەگەڵ سندانێ، هەردوو چاوت کۆرە بی، حەوتساڵان لە پێشی مەرگی، بمری بە کۆرەوەجاخی. خەزێمێ بابان وێرانەکەی منت گەلەك جۆشدایە، لە من دەگریتەوە شەو جێیێ ڕامووسانێ.

٤٧

حەیران، لە دەراوێ شەبەکان، سۆر دەچی مۆری و مەرجان لەگەڵ هەرامە سەدەفان. خۆزی بەخۆزیداران ئەمن دوو ماچم قەرد بایە لە حەمامێ حاجی قادری، لە چل قاندرمەی قەڵاتێ، لەسەر دووکانی بەقاڵان، وەکی گولینگێ شەدە و هیزاران شەڕ دەکا لەگەڵ پەڕەی خەزێمێ.

٤٨

حەیران لە (بایزبڵاغی). ئەنگۆ سەر لە سبیبانان زەینێ خۆ بدەنە عەوەت عەوەتێ سواران، نوسك و هۆڕێ تاجییان، قرم و هۆڕێ پێنج تیران لەگەڵ قرمەی وڵاغی. سەبەبکارێ من و بەژنەکەی باریك و دووچاوێ کاڵ لە چاوان کۆرە بی، لە دەستان سەقەت بی، لە پێیان شەلە بی، هەزار ساڵی عومر بی، لە کن باری تەعالان ڕەنج بەخەسار بی، لە قوونەخو[1] بمری بە کۆروەجاغی.

٤٩

ئەورۆ ئێوارێ لە بۆت بە کێندەرێدا هەڵبلێم، بە دوڵی کۆڕێ، قاقەزی دەستێ بەبازن و بەژنێ باریك هاتییە توخوا لە بۆم بنوڕێ، چونکە بەژنێ باریك

---

٤٨

١– لە قوونەخۆ: بەدانیشتنەوە. مەبەست لە مردنی بەزەلیلی و نەخۆشییە.

گەلە مندالە، ئەمن ئەو سالەکە چوومە وەلاتی غەریبییان گەلەك مەترسی دەکەم بەژنیٚ باریك مەیلی بگۆڕیٚ.

٥٠

دەشتیٚ قەراجی لە من هۆبە بەهۆبە، ئەنگۆ زەینیٚ خۆ بدەنە بەژنیٚ باریك کە دێتەوە لە ڕێییٚ سەراویٚ. کورتەکەکی لەبەردا لێی دایە دوو ڕێز قەیتان و کۆبە[1].

کیژ دەڵیٚ: کوڕە حەیران چ خەمان هەڵمەگرە، ئەمن چ لە ماڵیٚ بابان، چ لە ماڵیٚ خەزووران بم ئەتو شەو هەر لەسەر ڕامووسانی خۆ بە.

٥١

ئەوڕۆ ئێواریٚ لە بۆت بەکێندەرێدا هەڵبلێم. حەیران لە (پوونگینەی مامەری). ئەمن سووسنە و هەلاڵم دەچاندن، سۆرەگوڵ دەهاتنە بەری.

کیژ دەڵیٚ: کوڕە حەیران زوو بە ئەوساڵ خەمەکم لیٚ بخۆ، ئەمن چ بکەم ئەوانەی وەکی گولەکەی مێردان سەبارەت بە ماڵی دنیاییٚ لەسەر سینگ و مەمکیٚ بەژنیٚ باریك بووینەوە دەلاڵ و موشتەری.

٥٢

دەشتیٚ قەراجی لە من کاکی بەکاکی. ئەمن دوعا و سەلامان دەنێرم لە بۆ بەژنەکەی باریك و دووچاوی کاڵ و زەندیٚ بەبازن، دوامین لە بۆ داکی. ئەمن هەنگیٚ دەست لە بەژنەکەی باریك و دوو چاویٚ کاڵ هەڵدەگرم هەتا ئەویٚ ڕۆژیٚ بە کۆمەڵەکی دۆست و برا و برادەران نەمبەنەوە کەلکیٚ (حوسێنیٚ غازی)، خڕەی بێلان نەییٚ لەسەر سینگم، تەسمیلم نەکەن بە گۆڕ و خاکی.

---

٥٠

١– کۆبە: زنجیری زیو کە بە سوخمەدا دای دەدروون.

٥٣

لە بۆ من بڵێنە (سیاوێ)ماڵوێران بەر لە گەڕی[١]، چاوم دووربینە، دریژگەم قاسیدە، لە پێش ماڵەبابێ حەیرانێ دێ و دەگەڕی. سەر لە سبیانان زەینێ خۆ بدەنە سواران، گەلەك شیرن دەڕۆن لۆ خێر و شەڕی. ئەو ساڵەکە بەوێ دەرەبوارێ ئەمن و بەژنەکەی باریك و دوو چاوێ کاڵ و زەندێ بەبازن دەستێ خۆ تێك بگرین، لۆ خۆبچینەوە ماڵ و بنەگە مەڕی.

٥٤

(بەستۆڕە) لە من لە (بەربیانێ). وەکی زەینێ خۆمان دەدا (بەحرکا) ڕەنگین، دیار نییە لەبەر تۆزێ ناسکە سواران، ڕەش دەچی لەبەر دووکەڵی هەرامە میراتە کارخانێ. خوام بە خولامی کوڕە کوڕەیێ گەردییان کا، وەکی بەنوێژی نیوڕوانێ، بە زەبری خەنجەرێ، دەگرن دەرکەی سەرایێ، دەکوژن (مەجیدی باشچاوەش)، دەردینن (کاکل) لەگەل کۆمەڵەکا قاتیلان لە بەندیخانێ.

٥٥

حەیران لە بانی بانییان، لە بانی کۆیێ، بەژن و بالایێ تو لە بۆ من بمابایە، بە دارەکەی مەحموودی سەلیمی ئێرانی، وەکی سەرییە هاوین و پایزان بەسەری لکان دەگری، نارنجە لەگەڵ لیمۆیێ. دەمن هەنگینێ دەست لە بەژنەکی باریك هەڵدەگرم، وەکی ڕام کێشنە شاری بەغدایێ، لۆم هەڵبەستن ئیعدام خانێ. ئەوجا لەگەل خێڵ و حەشیرەتێ ماڵەبابێ حەیرانێ دەکەم شەرتە لەگەڵ گرۆیێ.

---

٥٣

١– گەڕ: شیو.

٥٦

حەیران، لە چیایێ یەمەنێ، پێروو هەڵاتن، تەرازوو ناگەنێ. خەمم ئەو خەمە نەبوو کەتمەوە وەڵاتەکی غەریب و غوربەتییان. خەمم ئەو خەمە دەکوژی ئەو باغەکەی بەغەریبی و هەژاریم دەچاندن یەکی وەکی گولەکەی مێردان شەوی زستانان پێی خەنی[1] دەبی بە گوڵ چنینێ.

٥٧

ئەورۆ هێواری نازانم حەیرانەکی لە بۆ کەیفی دڵێ خۆ و برادەران بەکێندەرێدا هەڵبلێم؟ بەدەشتی بەڕانییان، عاویا ئیفرازی، دەوزێ و دەوزێیە. خێلی ماڵە بابێ حەیرانێ لێی دەناوە، دەپەڕییەوە لە کەند و لەندی[1] ناوێ، لە کوەدەرە و شیوەسۆری خۆمان، چەندە شیرنە بەژنەکێ باریك، ڕادەکێشی سەرێ شێوەڵی، لە دووی کۆچ و کۆچباری .

هێوارە درەنگە هەلیان دەدا لە بەینی (گاوەرە) و (کەنداری)[2]. گۆتمە بەژنەکی باریك بینە ماچ کەم خەت و خاڵێ گەردەنێ، چەرخەیێ ڕوومەتێ، بن پەڕییێ خەزێمێ، چونکە دایکی عەسڵ زادە بوو بە خۆی زوڵفەی هەرماری[3].

٥٨

ئەورۆ هێواریێ گۆتمە دڵێ خۆ لۆچ هەندە کەسادی؟ وەرە دەستێ خۆمان تێك

---

٥٦

١ – خەنی: شاگەشکە، شاد.

٥٧

١ – لەند: بڵەند، بەرزی.

٢ – کەندار: کەنداڵ.

٣ – هەرماری: هەڵماڵی.

بگرین، بچینە سەر چیایەکەی بێستوونێ، بزانین چی کرد کوڵینگەی فەرهادی؟

کیژ دەڵێ: هەتیمە لاوە ئەتو خەمێ دنیایە هەڵمەگرە، دنیا قەت بە خەمان پێك نایە. سەدی وەکی من و تو چووینە بن خاکەگڵی، گۆڕەکەی گۆڕخانێ بەبێ مرادی.

٥٩

نادری. بە من نادری، لە چاوان بازی، لە برۆیان سەقەری[١]، لە ڕۆینێ کۆتری. چەندە شیرن لە لێوانت دەباری وردە شەکری.

کوڕ دەڵێ: ئەمن هەنگینێ دەست لە بەژنەکێ باریك هەڵدەگرم، هەتا حەزرەتی عیزرائیل لەسەر سنگێ من دەداتن چۆکێ. لەسەر سینگێ من دێتن خڕەیێ بیلێ، سەرێ خۆ دەدەمەوە بەردێ ئەلحەدێ، سمێلا سووسنی هەڵدەینی ژەنگێ لەبن خاکی. پالێ خۆ دەدەمەوە کەندڕی.

٦٠

قەراج، قەراجە. قەراج لەمن بەتەیر و تارە[١] ئەورۆ سبەینێ وەکی زەینێ خۆمان دەدایە لە سەری (باقرتە) لە بنی (ڕوارە)[٢]. ئەگەر ئەنگۆ بەژنەکێ باریك و ناوقەدێ زراو و قامەتێ باریك ناناسن، ئەوا لەگەڵ کۆمەڵەکی دەستە خوشکان دێتەوە لەسەر گۆمێ شیرناوێ زێدە لە عالەمێ تیلاکی[٣] خوارە.

---

٥٩

١- سەقەر: صەقر، (صقر)، باز.

٦٠

١- تەیروتار: تەیروتوو، تەیروتواڵ.

٢- ڕوارە: ڕواڵە. ناوی گوندە.

٣- تیلاك: سەرپێچ.

٦١

حەیران. لە هەولێری. ئەمن لە بۆ خاتریٚ کەیفیٚ دلیٚ خۆ دانی ئێواران دەچمەوە سەریٚ حەدیقان، گەلەك خۆش دیٚ بۆنی دووکانان، گیا و گیابەندیٚ لەگەڵ کنێری. ئەنگۆ وەرن زەینیٚ خۆ بدەنە خەزێم شۆڕیٚ هەولێرییان، گویٚ بەگوارەییٚ دزەییان، لفکەشۆڕیٚ کۆییان، کۆچك لە سەریٚ بلباسان، گەلەك شیرن دەبەستن پشتێنی. ئەمان زەینیٚ خۆ بدەنەوە دەس بەبازنیٚ پیرەبابییان، زێدە جوانیٚ زێدبەگییان، سەر بەتاسیٚ خۆشناوان، پۆشی ڕەشیٚ باڵەکییان، سەر بە قەتاریٚ گەردییان، کیژۆڵیٚ خەیلانییان، دانی ئێواران گەلەك شیرن مەڕیٚ خۆ هەڵدەکەن لە گەرویٚ بێری.

٦٢

حەیران، لە گردان، لە (گرد جۆتیاری). چەندە لە گوێییٚ من خۆش دیٚ چریکەییٚ دارکەران لەگەڵ دەنگیٚ جۆتیاری. خۆزی بەخۆزیداریٚ دنیاییٚ ئەمن دوو ماچم قەرد بایە لە بەژنەکیٚ باریك، دوو چاویٚ بەڵەك، قەد و قامەتیٚ شیرن، ئەوەل فەسڵی دەرەبواریٚ، ئەوی دکە لە بن چیغ و ڕەشماری.

٦٣

حەیران. سەردەمەکی ڕاوچی بووم لە بنەبنیٚ (داریٚ شەکرانیٚ). حەیران مامزە دەلەوەڕیتەوە لەسەر شارە مێرووولانیٚ. پارێزم لیٚ دەستاند، دڵم نەدەهات لێی دەم بە تفەنگیٚ چەخماخسان، لە بۆ خاتری کەیفیٚ دڵی خۆ جۆتە تاجییەکا شلەشینم بەردەدانیٚ. سەرەکی ڕۆییۆ لە بۆ بەستۆەڕ و بەستۆڕەی گۆرانان، چێشتاویٚ خۆی دەکاتەوە لە قۆدلکە قۆدلکەی مامخالان. هێوارە درەنگان لە منیٚ خانە غەریبیٚ لە حەردیان دەداوە لە ناو دەغڵ و دانیٚ خاڵوان و ڕەشوانان.

٦٤

حەیران. ڕۆژم لێ هەڵات لە بنێ (خۆشاوێ)، زەینێ خۆ بدەنێ ئەورۆ سبەینێ گەزەنگان داوێ، دەداتەوە لە قەڵاتی پیرە هەولێرێ، حەمامی ئەلمۆدە، گەلە شیرن دەداتەوە لە ڕەشە ڕحانێ، لە دارێ سۆر گوڵی، لە پەلکی سۆراوێ. ئەوساڵەکە لە غەمێ ڕووت و قووت و فەقیری و ماڵوێرانیێ خۆم نیمە ئەمان گەلەك حەیفێ من دەمینێ کەسەرێ[1] بەژنەکەی باریك و دوو چاوێ کاڵ لە دڵێ من بوویتە کولکی سۆتنێ[2] لەگەڵ تیراوێ.

٦٥

حەیران. ناچمەوە گوندێ (دیانان)، گوندێ مە نییە گوندێ فەڵانە. ئەمن دەچمەوە شارەکەی مووسڵا ڕەنگین لەسەری قەیسەری، لە بنی دووکانە. سەد حەیف و دوازدە مخابنێ پیرە دنیایەم دەمینێ لە بۆ بەژنەکێ باریك و زەندەکێ بەبازن و قەد و قامەتێ شیرن و کەپووەکی بەخەزێم، بەوی فەسلێ دەرەبوارێ حەز لێکردن گەلەك خۆشە، ئەمان دەس لێك بەردان دەردەکی گەلەك گرانە.

٦٦

حەیران. ئەمن بریندارم بە چاوی (هەمینێ)، بە لەنجەی (خەجێیە)، بە ڕۆینێ (نەخشینێ). دوو تیریان لێ دایمە سەرێ وان تیران بە قولابن، لە بن کەلەکەی من ڕاوەستایە گۆمێ خینێ. خەمم ئەو خەمە نەبوو ئەمن ئەو ساڵەکە کەتمە وەڵاتێ غەریب و غوربەتییان، خەمم ئەو خەمە دەکوژی بەژنەکێ باریك و ناوقەدێ زراو و قەد و قامەتێ شیرن شەوێ زستانان لە

---

٦٤

١– کەسەر: خەفەت.

٢– کولکی سۆتنێ: جۆرە دوومەڵێکی گەورەیە هەردەم دەسووتێتەوە.

ماڵی بابان کەلەکان دەگۆڕی بەتاقی تەنێ.

٦٧

هەولێر هەولێرە. هەولێر چەند لە من بەهیشکەبایە. ئەمن ئەورۆ سبیانێ، سەریێ سێ ڕۆژە لە ماڵە بابێ حەیرانێ دەگەڕام نەمدەزانی لە کێیان هەڵدایە. ئەمن گۆتمە بەژنەکێ باریك بینە ماچ کەم خەت و خاڵێ گەردەنێ، چەرخێ پیرە ڕوومەتێ، بن پەڕیێ خەزێمێ. چونکە دایکی عەسڵ زادە بوو بەخۆی زوڵفەی لادایە.

٦٨

حەیران. بەخۆم لێرەمە، دڵم لەودیوی. من لە بۆ کەیفێ دلێ خۆ مەمکەکی حەیرانی دەگرم لە زێڕی، یەکەکیان لە زیوی. وەرە پێکەوە دەستێ خۆ تێك بگرین بچینەوە سەر چیایێ (هەیبەت سوڵتانێ) هەتا ئەوێ ڕۆژێ خێر و شەڕ بەش دەکرێ، خێرمان خێر، شەڕمان بە نیوی.

٦٩

حەیران. حەیرانە. حەیران هەمینە، قۆندەری زەردە، گۆریەی چەلینە[1]. من ئەو ساڵ سوندەکی دەخۆم بە شێرە سوارێ لە غەری، بە سوڵتان عەبدوڵای عەرەبی، پاشی بەژنێ بڵند، چاوێ بەڵەك، گەردەنێ زەردی بەخاڵ، چ یارم نینە.

٧٠

حەیران. حەیرانە. کراست کەتانە، فرمێسکێ چاوت کاروان کاروانە.. داخێ کیژۆلان لە دڵێ کوڕانە.

---

٦٩

١– چەلین: گۆریەی بەدەست چنراو.

کیژ دەڵێ: هاوار هاوارە، سوار سوار بن، پیادە بێن بەغارە. دەرمانێ دەردان مەمك گوشینە لەگەڵ شەو ڕامووسانە. شەوێ لە سێبارا نیوە شەوێ دەچمەوە جێییێ ژوانێ، بۆن کەم قۆرکێ گەردەنێ، ڕاست و چۆپی خەناوکێ، زێدەجوان چ بکەم دنیا دەوران دەورانە.

٧١

حەیران. لە چیایێ نارێ، شوان ماڵوێران حەچ کە[١] نێرییان، مەڕ بینە خوارێ. حەیران، ئەتو شەوێ لە سێبارا نیوە شەوێ، وەرەوە جێییێ ژوانێ. بۆن کە قۆرکی گەردەنێ، ڕاست و چۆپی خەناوکێ.

لە بۆ خاتری کەیفێ دڵێ خۆ ماچ کە بن گۆییێ گوارێ.

٧٢

هەولێر هەولێرە. لە سەرێ قەڵاتە، لە بنێ باژێرە.

کیژ دەڵێ: کوڕە حەیران هەردوو چاوەکەم ئەتو ئەو ساڵەکە چ خەمان هەڵمەگرە، چ بە خەم و تاڵیێ وی حیزە دنیایە پێك نایێ. کوڕە حەیران ئەو ساڵەکە لە بۆ خاترێ کەیفێ دڵێ تو سینگ و مەمکێ خۆم دانایە بە دووکان و قەیسەرییەکەی عەلی پاشایە. ڕۆژێ سێ جاران لە بۆ خاترێ کەیفێ دڵێ خۆ وەرە دەستان تێ بگێڕە.

٧٣

قەراج قەراجە. قەراج لە من لە غێمێ[١]. لە سەری خودای گەورە، لە بنی عالەمێ. کیژێ وەرە دەستان تێك بگرین بچینەوە سەر سوڵتان

---

٧١

١- حەچ کە: دەنگ دە.

٧٣

١- غێمێ: هەور.

عـەبـدوڵـڵایـەکـەی عـارەبـی، وەکـی عـالـەم دەخـوازی مـرازێ. ئـەمـن و تـو لـۆ خـۆمـان دەخـوازیـن دوعـایـێ. ئـەوسـاڵ بـەوی فـەسڵـێ دەرەبـوارێ مـرازێ مرازکاران هەموو حاسڵ بوو، هی من و بەژنەکی باریك، قەد و قامەتێ شیرن، زەندێ بەبازن مایتەوە بەتەمای غەوسەکەی ماڵ لە بەغدایێ.

٧٤

لە گەروو گەرووان[١]. لە گەرووێ (دەراران). میرێ کیژان گاز دەکا: گەلی دەستە خوشکینە وەرن بەعام بچین لە بۆ داران، پەرت دەبوون لە زەوی و زاران، تاق و جۆت دەبوون لە عاوییەکەی بەرماران.

کورە دەڵێ: من شەوێ لە سێبارا نیوە شەوێ دەچمەوە جێیێ ژوانێ، بۆن کەم قۆرکێ گەردەنێ، ڕاست و چۆپی خەناوکێ، زێدەجوانێ گەردەن کێل، دەبا دەستان تێك بگرین بۆ خۆ بچینەوە ناو (زێدك) و (زێباڕان). وەرن بە چاوێ من زەینێ خۆ بدەنە بەژنەکەی باریك و دووچاوێ کاڵ، گەلە شیرن بەخان و مانی دێتەوە لەناو ماڵان.

٧٥

حەیران. چەندی گاز دەکەم، ئەنگۆ نازانن لە مەکری کیژۆڵان. ئەمن شەوێ لە سێبارا نیوە شەوێ، دەچمەوە جێیێ ژوانێ، بۆن کەم قۆرکێ گەردەنێ، ڕاست و چـۆپـی خـەنـاوکـێ. لـە بـۆ خـاتـرێ کـەیفـێ دڵـێ خـۆ دەگرم جۆتـە مەمکۆڵان. بەژنێ وێ زاڵم بابەی لە بۆ من بمینێ بە کار و کارغەزالەکی سۆری سۆرغـەرێ کـوورەکـەی دوو مـانـگـی دەلـەوەرێتـەوە لـە بـنـەی (شێخ جـامـی) و (شێخ شەروان). ئـەمـن لـە بـۆ خـاتـرێ کـەیـفـێ دڵـێ خـۆ جۆتـە تاجییەکا شلەشینم بەردەدانێ. سەرێکی ڕۆییەوە لە بۆ عاویێ (قۆرەبەگ)

---

٧٤

١– گەروو: بستوو، هەورازی.

و (شیوەسۆری). هێواره درەنگە گەلە شیرن لە عەردی دەداوە لەسەر دایمە گۆمان.

٧٦

حەیران. سەرییا مەسیفی لە من بەماڵە مێوە. دانی ئێواران زەینیٚ خۆ بدەنە باخچە و بەراویٚ شەقلاویٚ ڕەنگین بە خۆخ و سێوە. زەینیٚ خۆ بدەنە بەژنەکەی باریك و دوو چاویٚ کاڵ، دێتەوە لە ماڵە جیرانان، لانك لە پشتیٚ، کوڕ بە بەرێوە، ڕەبی خودا لێت نەستینیٚ کورتەکەی شیرنە سێوە.

٧٧

ئەوڕۆ هێواریٚ ئەستێرەکم لیٚ هەڵدیٚ لەلاییٚ (ماکیٚ). شەوق و شەبەقیٚ خۆی دەداتن لە قەلاتی پیرە هەولێریٚ، چەندە شیرن ڕۆن دەکا قەسری (پیرە شەمامکیٚ).

کوڕ دەڵیٚ: گەلی دۆست و برادەرینە ئەنگۆ حەز لە بێوەژنان مەکەن بێوەژن گەلەك بەفیڵن. حەزیٚ لەوان تازە کیژان مەکەن، سبەینان قەول دەدەن هێواران لەبەر دایکیان دەگۆڕن. ئەنگۆ حەزیٚ لەوان سووکە ژنان بکەن شەویٚ لە سێبارا نیوەشەویٚ لانکەکی ساوا بەسەر گولەکەی مێرداندا بەجیٚ دێڵن.

٧٨

حەیران، لە زینان، لە (زینە تیریٚ)، بە چۆمی (شەقلاویٚ)، بە بەبنییا (پیرمەمیٚ). بەستۆڕەی گۆرانان بە (شەوەك) و (مەلا ئۆمەری)، چ بکەم هەولێر هەولێرە. خوام بە خولامیٚ شەوبایێ شەویٚ کا وەکی دێتەوە لە باخیٚ جەننەتیٚ دەدا لە بسك و شابسکان، چ بکەم بۆنت بۆنی هەرامە کنێرە.

٧٩

حەیران. گەلی برادەرینە، ئەورۆ زەینێ خۆ بدەنێ بەژنەکێ باریك، چەندەکی شیرن ڕاوەستایە لەسەر خەندەکێ. ئەرێ برادەرینە خڕخاڵێ زێڕین کەتنە بەلەکێ. جوابەکی بدەنە داك و بابێ حەیرانێ، ئەگەر بەژنەکی باریکم بەچاکەکی چاك دەدەنێ، نەکو هەڵی دەگرمەوە دەیپەڕێنمەوە لە زێیەکەی بادینان، دەیدەمەوە لە شەتەکەی مووسڵێ، دەیبەمەوە قەسرەکەی قۆجە سارەلوو، بەرامبەری (وەردەکێ). دەوجا وەی نایێ. بەژنێ باریك دەشپێنم بە داری دار مینایێ، مەمکی دەشپێنم بە دوو سێوەکانی لاسۆر وەکی شین دەبن لە باغی میرانی قادربەگ، ماڵ لە شەقلاوێ.

٨٠

سەرێ من گەلە دێشی، دلم بەگازە گازە. دەچووینەوە سەر چیایەکەی قەرەچوغا ڕەنگین، زەینێ خۆمان دەداوە گومەتەکەی سوڵتان عەبدوڵڵای عارەبی، لە کاکێ تو چەندە بەقوڵینگ و قازە. ئەمن گۆتمەوە بەژنەکێ باریك، زەندێ بەبازن، بینە ماچ کەم خەت و خاڵێ گەردەنێ، چەرخەیێ ڕوومەتێ، بن پەڕیێ خەزێمێ. ئەمن زۆر مەترسییان دەکەم ئەوساڵەکە بکەومە وەڵاتێ غەریب و غوربەتییان، ئەگەر ڕۆیشتم، بەدوعا. گەردەنت ئازە.

٨١

حەیران، تەنێ بەتەنێ، زێدەجوانی گەردەن کێل، مەڕۆ ناتگەمێ. ئەنگۆ لەبۆ من بلێنە داك و بابی حەیرانێ، لە بۆ بەژنەکەی باریك و دووچاوی کاڵ و زەندەکەی بەبازن، کابانی ماڵێ، لەبۆ نادەنێ؟ شەوێ لە سێبارا نیوە شەوێ دەچمەوە جێیێ ژوانێ بۆن کەم قۆرکی گەردەنێ، ڕاست و چۆپی خەناوکێ،

زێدەجوانی گەردەن کێل، دەبا دەستێ خۆ تێك بگرین،ماڵێ خۆ بکەین لەویێ وەتەنی.

## ٨٢

حەیران. گەلە گەلە نەخۆشم، دەردم دوو دەردە. کەسەرێ لە دڵێ من بەژنەکەی باریك و دوو چاوێ کاڵ و زەندەکەی بەبازن، چ بکەم گەردەنێ زەردە. ئەو ساڵەکە من لە خەمێ ڕووت و قووت و فەقیر و ماڵوێرانییێ خۆم نیمە، ئەمان حەز لێککردن لەگەڵ کیژێ بێوەژنان هەمووی ئاخ و کەسەر و دەردە. وەکی کیژ جوابان دەنێری دوعا و سەلامێ لە کوڕەتیم حەیرانێ، ئەو ساڵەکە بەوی دەرەبواریێ یانەکە بمخوازە بە ماڵی دنیایێ، یان بە خوشکەکەی لە داك و بابی، یان وەرە دەستم لێ بەردە.

## ٨٣

حەیران، هوڕە[١] گۆتییە شەماڵی[٢] وەرە ماڵێ خۆ بارکەین بچینە مەعبەینێ هەور و ساماڵی.

کوڕ دەڵێ لە بۆ من بڵێنەوە مەلایان و فەقێیان لە بۆ من بڕۆننەوە قورعانەکە قەدیم، دەبا بزانین بعێشت[٣] خۆشترە یان شەوێ لە سێباریێ نیوەشەوێ خەوێ لەگەڵ ناسك و نازداری.

## ٨٤

حەیران. ئەرێ براینە برادەرینە. ئەوڕۆ زەینێ خۆ بدەنێ قەنتەرەی ماڵی

---

٨٣

١–هوڕە: ڕەشەبا.

٢– شەماری: شەماڵ.

٣– بعێشت: بەهەشت.

بایی حەیرانێ بەر لە شەماڵی، ئەنگۆ بە چاوێ من بڕۆننێ بەژنەکێ باریك و زەندێ بەبازن، بەقوندەرەکی زرۆقی، بە زوڵفەکی بەخەنە، بە چارۆکەکی مەلەز کەتان چەندە شیرین حەوشێ دەماڵی[1].

کیژ دەڵێ: هەتیمەلاوە ئەتو شەوێ لە سێبارە نیوەشەوێ وەرەوە جێیێ ژوانێ، بۆن کە گەڕی خەناوکێ، کوڵمەیێ ڕوومەتێ، بەینێ مۆری و مەرجانان، نەکو ئەو ساڵەکە بەوییە خەفەتێ بمرین بەوییێ بوارێ.

٨٥

حەیران، ئەرێ برادەرینە ئەوڕۆ هێوارێ ئەگەر مردم قەت مەڵێن درەنگە، قەبرەکێم لۆ لێ دەن لە بەینی سینگ و مەمکێ حەیرانێ، بیرازی[1] تەنگە. بە سێیان هەڵم گرن، بە چاران دام نێن، تەسمیلم کەن بە گۆڕەکەی گۆڕخانێ، لەسەر گۆمی شیرناوێ، بەشکو بەژنەکێ باریك و ناوقەدێ زراو لەگەڵ کۆمەڵەکێ زەریان و زەری ئەسمەران، بەشکو دێنەوە سەرینێ لەسەرم دەگرییێن بە ئاواز و دەنگە.

٨٦

حەیران. ئەمن نازانم نە شەوە نە نیوەشەوە. کەڵەبابەك دەخینی لە گەڕەکی بەرەوە. دەکو ماڵی ماخۆی[1] ئەوی کەڵەبابی خەراب بی، شەوێ لە سێبارا نیوەشەوێ ئەمن و بەژنەکەی باریك و دەستێ بەبازن و قامکێ بە

---

٨٤

١– دەماڵی: گسك دەدا.

٨٥

١– بیراز: ئەڵحەد.

٨٦

١– ماخۆ: خاوەن.

ئەنگووستیلە و پەرچەمێ شێ تاڵی دەکا لە شیرین خەوە. گۆتمە بەژنەکێ باریك بینە ماچ کەم خەت و خاڵێ گەردەنێ، چەرخێ ڕوومەتێ، لەگەڵ هەردوو چاوێ بەخەوە.

٨٧

حەیران. گوندێ مە لە من ئەوبەر ئەوبەرە. زەینێ خۆ بدەنە کۆشك و باڵەخانێ ماڵە بابێ حەیرانێ، گەلە بڵندە لە من بە تاق و پەنجەرە.

کوڕ دەڵێ: بینە ماچ کەم خەت و خاڵێ گەردەنێ، چەرخێ ڕوومەتێ، بن پەڕیێ خەزێمێ، لەگەڵ هەردوو شەمامەی باخەڵێ. ئەمن هەنگینێ دەس لە بەژنێ باریك هەڵدەگرم، هەتا ئەوێ ڕۆژێ لە هەموو کۆلانان دەبیتەوە شەڕە خەنجەرە. ئەمن زامنی دەکەم لە ڕۆژێ قیامەتێ لۆ داکێ حەیرانێ گەلە خێرە، لۆ بابی حەجولئەکبەرە.

٨٨

حەیران، ئەوی ئێوارێ لە بۆت بەکێندەرێدا هەڵبلێم؟ بە زوورە زووران[١]، بە زووری (ساتۆری). بەژنێ حەیرانێ گەلە منداڵە، گەلە ئاشقە لەگەڵ تۆقان و تەلەسمان، لەگەڵ هووردە مەرجان و مووری.

گەلەك حەیفم دەمینێ وەکو بەژنێ باریکیان سوار دەکرد بەوێ ئێوارێ لەبۆ گولەکەی مێردان، کەڵەبابی سەر بارەداران، گیسکی باربووان، کاوڕی سەلەمی، بە زەرد و سۆری.

٨٩

حەیران، ئەستێرەکم لێ هەڵدێ لەلای بەیانی، شەوقێ خۆ دەداتەوە لە

٨٨

١– زوورە زووران: ئەو تەپۆڵکانەی کە وردە بەردیان پێوەیە.

چەولینگ و[1] چەولینگان، چەولینگی (پردێ)، ئەوجا دەیداوە لە دارێ شیلانێ. ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنە بەژنێ باریك دێتەوە دانی ئێواران لەگەڵ کۆمەڵەکێ دەستە خوشکان لە تازیمانێ[2].

**٩٠**

حەیران. ئەورۆ ئێوارێ لە بۆم بڵێنەوە وەستا و وەستاکاران، جوابەکی لە بۆ من بدەنە وەستا حەسەنی، خەزێمەکی لە بۆ دەستێ بەبازن و قامکێ بە ئەنگووستیلە، گەردەنێ زەرد بەخاڵی لە بۆ من دروست کا، لێی نەدا بە چەکوچی، نەیگرێ بە گازی، لێی نەدا بە سندانی، ڕای بگری لەسەر دەستێ خۆی لە بەینی عەرد و عاسمانان، وەستا سەدجار چاوی کۆرەبی، دەستانی بشکێ، چونکە خەزێمێ بەژنێ باریکی گەلێ گەورە کردبوو، شەوێ لە سێبارا نیوەشەوێ، نازانم نە تالعی منە نە تالعی بەژنێ باریکە لەمن دەگری جێیێ شەو ڕامووسانی.

**٩١**

حەیران، ئەورۆ ئێوارێ لە بۆت بەکێندەریدا هەڵبڵێم. زەینێ خۆ بدەنە زێیێ بادینان لە منێ خانەوێرانێ ئەورۆ ئێوارێ ئەوا دێ و دەبەزی.

کیژ دەڵێ: کوڕە حەیران ئەتو گەلە دوعا و سەلامت لێ بی توخوا شەوێ لە سێبارا نیوەشەوێ وەرەوە جێیێ ژوانێ، بگرە جۆتە شەمامان، بۆن کە چەرخێ ڕوومەتێ، بن پەڕیێ خەزێمێ، چونکە ئەو ساڵ دەچییەوە وەڵاتی غەریبییان، دنیا مەرگ و مردنە، دەبا لە بۆ کەیفێ دلێ خۆ تێکەڵ کەینەوە وردە پەرچەمان لەگەڵ سمێڵ و کەزی.

---

٨٩

١– چەولینگ: قامیشەڵانی بە ئاو و قوڕ و چڵپاو.

٢– تازیمانێ: تەعزیە، سەرخۆشیدانەوە.

## ٩٢

قەراج قەراجە.. قەراج بەناوە. ئەوا پێیدا دێ دوو کۆرپەی ساوە[١]، یەکەکیان یارە ئەوی دی پلکە پێناوە. دەستێ خۆم هەڵوەشاند لە بەژنەکەی باریك و دووچاوی کاڵ و زەندێ بەبازن، گەلە شیرین ئاوری خۆی داوە. گۆتمێ بینە ماچ کەم خەت و خاڵێ گەردەنێ، گەلە شیرن زوڵفێ خۆی هەڵداوە.

## ٩٣

حەیران، ئەورۆ ئێوارێ وەرن زەینێ خۆ بدەنە دەشتی کاولە قەراجی، فەسڵێ بوهاران لە من چەندە شیرینە، گەلە پان و بەرینە. ماڵە بابێ حەیرانێ ئەورۆ ئێوارێ لێیان نا هاتنە خوارێ بەسەر زوورگە زراوێ، پەرینەوە لە کەندیناوێ، هاتنەوە لۆ دەشتێ قەراجی، رەشماڵیان رەشە، چیخیان رەنگینە.

کیژ دەڵێ: کورە حەیران گەلە دوعا و سەلامت لێ بی، شەوێ لە سێبارا نیوە شەوێ وەرە مەرکەزێ ژوانێ، ئۆباڵی منت لە گەردنی بی، یان دەستانم لێ بەردە، یان ئەوشۆکە لە بۆ کەیفێ دڵێ خۆ لەوی تۆر و گەرداوەم دەربینە.

## ٩٤

حەیران، لە بۆ من بڵێنە دەشتێ قەراجی لەگەڵم یار بی. خۆم لۆ بە خولامی قەرەچووغەکە رەنگین کا، ملێ خۆم لە بۆ نەوی بکا هەتا ماڵە بابی حەیرانێم لێ دیاربی. ئەمن بەژنەکی باریك و زەندێ بەبازن و قامکەکە بەئەنگووستیلە دەشپێنمەوە بە کار و کار مامزەکی سۆرغەری کوورەکە وەکی دەلەوەراوە لەسەر شارە مێرووڵانێ. ئەورۆ سبیانێ سەد حەیف و

---

٩٢

١– ساوە: ساوا.

مخابنێ دنیایەم دەمینێ، جۆتە تاجییەکی شینکی گوێ بە ڕیشۆڵەیان بەردەدایێ، هەڵیان دەستاندەوە لە هەوارێ هەوارغەری، شۆڕیان دەکردەوە لە زوورگێ مەرجانی، گومەتێ سەید سولەیمانی، عاویێ زمارە و زمارەی، گردێ گوێڕی، چەندێ شیرین لە حەردییان دەدا لەبن گومەتێ مێرەمە دیانی.

٩٥

حەیران، ئەنگۆ وەرن زەینێ خۆ بدەنە بەژنێ حەیرانێ، لە منێ خانە غەریبێ خاڵی لە چاوێ. بەژنی وێ زاڵم بابەی لە بۆ من بمینێ بە کار و کارغەزالەکی سۆری سۆرغەری کووڕەکەی دوومانگی، وەکی دەلەوەڕێتەوە لە (زوورگەزراو)ێ خۆمان، چێشتاوێ خۆی دەکاتەوە لە کانییەکەی (پیرە چارداغی). هێوارە درەنگە قایماتی خۆی داوێتەوە ناعبەینێ (هێلەوە) و (سیاوی).

# دوا وته

ئیستا. کە لەم لاوك و حەیرانانە بوومەوە، ئەمەوێ بە خوێنەوارانی خۆشەویستی ڕابگەیەنم کەوا چونکە خۆم شارەزاییم لە شێوەی دوینی خەڵکی دەشتی هەولێر و کوردستانی ڕۆژاوا نەبوو، نەمتوانی، دەق، شێوەی بەکارهێنانی وشە (حەوت) لەسەرەکان ڕابگرم. هەروەها ئەو بادەرانەش کە لاوك و حەیرانەکانیان بۆ دەخوێندمەوە، ئەوەندە وریاییيان نەبوو لە بارەی زمانەوە کە بتوانن ڕاست بیدەن بەدەستەوە. نەك هەر ئەوان، بەڵکو کە کتێبەکەم پیشانی چەند برادەرێکی خوێندەواری هەولێرییش دا، ئەوانیش پێیان نەکرا بە تەواوی بۆم ڕاست کەنەوە. بۆیە بێ گومان گەلێ شوێنی وا دێتە ڕێ کە پێویستی بە (حەوت) بێ و بۆی دانەنرابێ، یا بە پێچەوانەوە.

جا، لەم ڕووەوە هەم داوای لێبووردن لە خوێندەواران، هەم داوای ڕاستکردنەوە دەکەم لە هەر کەس کە پێی بکرێ.

کۆکەرەوە

سەرنج: دەزگای ئاراس هەوڵی داوە بەشێکی زۆر لە هەڵەی نووسینەوەی دەقەکان کە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لەبەرەوە ئاماژەی پێ دان، ڕاست بکاتەوە، هەروەها لە لێکدانەوەی واتەی هەندێك وشەدا کەموکورتی هەبوو، ئەوانیش چاك بکاتەوە. کێشە لە بەشی یەکەمی دەقەکاندا، واتە لە لاوکەکان، ئەوەیە دەقی لاوکەکان لە بنەڕەتدا بەکرمانجیی سەروو داڕێژراون، بەڵام ئەوانەی لە گرتیگەدا بۆ مامۆستایان گوتووە، خەڵکی دەوروبەری هەولێرن و شێوەی ئاخاوتنی دەشتی هەولێر بەسەریاندا زاڵە، بۆیە زمانی لاوکەکان بووە بەتێکەڵەیەك لە کرمانجیی سەروو و شێوەزاری هەولێر.

بەڵام دەقی حەیرانەکان هەمووی شێوەی ئاخاوتنی هەولێرە و مامۆستا لەمەشیاندا لە کاتی نووسینەوەدا زۆر وشە و دەربڕینی کردووە بەشێوەی سلێمانی. هەوڵمان دا تا بکرێ بیانگەڕێنینەوە سەر بنەڕەتی خۆیان.